**دووەم:** هەوال دانی الله بەوەی کە شەریعەتەکەی تێرو تەواوە، کە دەفەرموێت: ﴿ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلْإِسْلَٰمَ دِينًا ﴾المائدة: ٣، واتە: ئەمڕۆ کەمەبەستی ڕۆژی عەرەفەی حەجی مالئاوایی پێغەمبەرە(ﷺ) ئاینەکەم بۆ تەواو کردن پێویستی بەزیاد کردن و کەم کردن نیە، وە نیعمەتی دین و دونیایم بەتەواوی بەسەردا ڕشتون وە ڕازیم کە تەنها ئاینی ئیسلام ئاینتان بێت، کەواتە ئەگەر شەریعەتەکەمان تەواو بوبێت



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەهەمو ڕویەکەوە ئەوا ئێمە لە دلنیيايداين لەوەی کە نەرمونيانی و ئاسـانی ئـەو دينە بگۆڕێت بۆ نارەحەتی و کۆت و زنجير.

**سێيەم:** ئەوەيە کە باوەڕداران لە سەردەمی پێغەمبەردا(ﷺ) داوايان کرد لە پەروەردگاريان کە سزايان نەدات بـەهۆی لەبيرچـونەوە و هەلەکردنيانـەوە، وە پـەيمانی تونـدو سـەختيان لێوەرنـەگرێ، وە کارێکيـان نـەدات بەسـەردا کـە لەتواناياندا نەبێت، وە پاڕانەوەکەيان وەلام درايەوە، هەروەك موسليم[25] لە **ئـيبن عەبباسەوە** ڕيوايەت دەکات کە فەرمويەتی: ((**کاتێك ئەم ئايەتە هاتە خوارەوە:**

﴿ **وَإِن تُبْدُواْ مَا فِيٓ أَنفُسِكُمۡ أَوۡ تُخۡفُوهُ يُحَاسِبۡكُم بِهِ ٱللَّهُۖ** ﴾البقــرة: ٢٨٤، واتە: ئەوەی کەلەناو ناختانداىە دەری بـبڕن يـاخود بيـشارنەوە خـوای گـەورە لێپرسـينەوەتان لەگـەل دەکـات لەسـەری، **هـاوەلان لەسـەريان قـورس بـو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: بلێن فەرمانی خوامـان بيـست وە ملکەچـی بـوين، دەفەرموێ: خوای گەورەش باوەڕی خستە ناو دلەکانيانەوە، وە ئەم ئايەتەی** نـاردە خـوارەوە: ﴿ **لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَعَلَيۡهَا مَا ٱكۡتَسَبَتۡۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ** ﴾البقرة: ٢٨٦، واتە: الله داوای هيچ کارێکی نەکردوە لە بەندەکانی ئەوەنەبێ کە لەتواناياندا هەيە، ئەوەی کـە دەيکەن لەچاکە بۆخۆيانەو پاداشتی لەسەر وەردەگرن وە ئـەوەی کـە دەيکـەن لەخراپە ئەوە سزا دەدرێن لەسەری، ئەی پەروەردگارا سزامان نـەدەيت لەسـەر کارێك کە سەرپێچی تۆی تێدا دەکەين بەهۆی لەبيرچون و هەلەی خۆمانەوە، **خوای گەورەش لەوەلامی ئـەم پاڕانەوەيـەدا فـەرموی: ئـەوە پاڕانەوەکـەتانم**

---

[25] (١٢٦).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وەرگرت و سزاتان نادەم، ﴿رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَا﴾البقرة: ٢٨٦ ، واتە: پەروەردگارا پەیمانی توندمان لێ وەرنەگری و توشی نارەحەتیمان نەکەی بەهۆی تاوانەکانمانەوە هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئێمەت تیابرد بەهۆی ئەو شتانەوە، **خوای گەورەش** لەوەلامدا فەرموی: ئەوا پاڕانەوەکەتانم قەبولّ کرد، ﴿وَٱغۡفِرۡ لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا﴾البقرة: ٢٨٦ ، واتە: وە لێمان خۆش ببەو ڕەحمان پێ بکە، پەروەردگارا تەنها تۆ چاودێرو یارمەتی دەرو دۆستمانی، **فەرموی: ئەوە لێتان خۆش بوم**، لەم فەرمودەیەدا ئەوەی تێدایە کە الله وەلامی پاڕانەوەی باوەڕدارانی دایەوە بەوەی کە سزایان نادات لەسەر ئەم شتانە، هەربۆیە دەبینی شەریعەتی ئەم ئومەتە ئاسانەو هیچ نارەحەتیەکی تێدا نیە، وە پرسیارەکەش ئەوەیە: مادەم شەریعەتەکەمان تەواو کراوە، وە ئاسانی و نەرمونیانیەکەشی توندو تۆل کراوە، ئایا ئەو ئاسانیەی هەلدەوەشێتەوە هەتا توشی نارەحەتی ببین ئەگەر کەسانێکمان تێدابو سەرپێچیکار بون؟ باشە ئەگەر شەریعەتەکەمان لەسەر ئەو ئاسانکارییەی کە تێیدایە جێگیر بوبێ، کەواتە سودی ئەو پاڕانەوەیە چیە بەو ئایەتانەی کۆتای سورەتی بەقەرە؟

**وەلامەکەی:** ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە شەریعەتەکەماندا ڕونادات لەدوای ئەوەی خاوەنی ئەو شەریعەتە وەفاتی کرد کە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) بەپێی ئەو بەلگانەی کە پێشتر باسمان کرد وە ئەوەش ستایشی خوای دەوێت، بەلام ئەوە دەمێنێتەوە کە لەوانەیە نارەحەتی وابەستەی هەندێك کەس ببێتەوە لەم



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئومەتەدا نەك هەرهەموی، ئەویش بەپێی تاوانی تاوانباران، جاری وا هەیە بەهۆی نەزانی ئەو کەسەوەیە دەربارەی ئاسانی دین لەهەندێك لە بابەتە شەرعیەکاندا، دەبینی کارەکە لەسەر خۆی قورس دەکات بەگومانی خۆی وا دەزانێ کە دین بەو شێوەیە باسی ئەو شتەی کردوە، هەروەکو ئەو کەسەی کە هەنێك شت بەحەرام دەزانێ لەکاتێکدا ئەو شتانە حەلال و پاکن بەهۆی شاراوەیی حوکمی ئەوشتانە لەلای کەخواو پێغەمبەر(ﷺ) حەلالیان کردوە، وەك زۆرێك لە کڕین و فرۆشتنەکان کە خەلکی پێویستیان پێیەتی وە بەحەرامیان زانیوە وە نەیانزانیوە کە حەلالە و ئاساییە، بەهۆی تاوانەکانیانەوە، هەروەها وەکو ئەو کەسەی کە نوێژ کورت ناکاتەوە لەکاتی سەفەردا، وە مەسح بەسەر خوفەکانیدا ناکات، وە پێی وایە کە نەگرتنی ڕۆژو لە سەفەردا حەرامەو بەڕۆژو دەبێت لەگەل ئەوەی توشی نارەحەتیەکی زۆر دەبێت، وە جاری ئەوتۆ هەیە کە سزا دەدرێت بەهۆی کەسێکەوە کە شتی لەسەر گران دەکات وەکو دەسەلاتدارێك کە زال دەکرێت بەسەریدا بۆنمونە، وە لەوانەیە خەلکی تاقی بکرێنەوە بە کەسێك کە گوێڕایەلی دەکرێت لەناو خەلکیدا دەبینی وابەستەیان دەکات بە شتانێکەوە کە نارەحەتی ئەوانی تێدایە بەوێنەی دەسەلات دار یاخود موفتییەك یاخود ئەمیرێك کە ئەو توندو تیژییەی دەگێڕێتەوە بۆ شەرع و بەشەرعی دەزانێ، وە ئەو نەزانییەی کەسی گوێڕایەلی کراو بە ئاسانکاری خوای گەورە سزایەك بێت بۆیان بەهۆی تاوانباری ئەو خەلکەوە، ئەگونجێ تاقیبکرێنەوە بە خاوەن دەسەلاتێك کە مەبەستێتی زولمیان لێبکات، هەروەها تاقی بکرێنەوە بە خاوەن دەسەلاتێك کە مەبەستی نەبێت ستەمیان لێبکات بەلام بەرژەوەندی ئەوان نازانێ، وەکو پێشەوایەك کە نازانێ



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دروستێتی کردنی جومعە پێش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمانـدا[26]، هەربۆیـە نارەحەتی ئەخاتە سەر نوێژ خوێنان بەوەی کە بێبەشیان دەکات لـە ئەنجامـدانی جومعە لە کاتێکدا کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) ڕوخسەتی داوە کـە بکرێـت، وە ئەو موسوڵمانانەی کە دەژین لە وڵاتی بێباوەڕان پێویستیان هەیـە بـە هاوشـێوەی ئەم جۆرە ڕوخسەتانە، چونکە کارکردن لەلای ئەوان ڕائەوەستێت پێش لادانی خۆر لـە ناوەڕاسـتی ئاسمـان پاشـان دەسـت پێدەکاتـەوە لەدوایـدا، خـۆ ئەگـەر پێشەواکەیان زانیاری هەبوایە دەربارەی ئەو ڕوخسەتە ئەوا دەسـت پێـشخەری دەکرد بۆ ئاسان کردنی نوێژی جومعە لەسەر هەمو ئەوانەی کـە لـە ئـەوروپان بـۆ نمونـە، وە ئەگـەر ئـەو ڕوخـسەتەی نـەزانی یـاخود زانـی بـەڵام دەبینـی دەمارگیری مەزهەبایـەتی ڕێگـر دەبێـت لەبـەردەم وەرگرتنـی ئـەو ڕوخـسەتەو دەبێتە هۆی بێبەش کردنی زۆرینەی موسوڵمانان لەوێ لە جێبـەجێ کردنـی ئـەو فەریزەیەدا، یاخود سەردەکێشێ بۆ لابردنیان لە کارەکانیان ئەگـەر ئـەوان ئـەو نوێژەیان ئەنجامدا لە کاتی کارەکەیاندا، وە ئەوەش دەبێتـە ئـەو کۆتـو زنجـیرەی

---

[26] وە ئەم بۆچونە بۆچونی مەزهەبێکە لـە مەزهەبـەکانی ئـەهلی سـوننە سـوپاس بـۆ خـوا، کـە ئەویش مەزهەبی ئیمام ئەحمەدە هەروەك هاتوە لە ((مسائل ابنه عبدالله)) (ص١١٢)، وە بەڵگـەش لەسەری ئەو فەرمودەیەیە کە موسلیم ڕیوایـەتی کـردوە (٨٥٨) لـە موحەممـەدی کـوڕی عـەلی کوڕی حوسەینەوە کە پرسیاری کردوە لە **جابری کوڕی عبدالله**: ((کەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) جومعەی دەکرد؟ فەرموی: **نوێژی دەکرد پاشان دەڕۆیشتین بۆلای وشـترەکانمان یخمـان دەدان کاتێك خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان لایدەدا**)) وە ئیبن ئەبی شەیبە ڕیوایەت دەکـات (٥١٣٤) بـە سەنەدێکی صەحیح لە **عەبدولای کوڕی سەلەمە** دەفەرموێت: ((**عەبدولا نوێژی بـۆ کـردین- واتە ئیبن مەسعود- نوێژی جومعە لـە چێشتەنگاودا، وە فەرموی: ترسام لـەوەی کـە بکەونـە گەرمای نیوەڕۆەو گەرماتان بێت**)).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کـه خـوای گـەورە  داینـاوە لەسـەریان وەکـو سـزایەك بۆیـان لـە ئـەنجامی کەمتەرخەمیان لە گوێڕایەڵی کردنیدا، یان تاقی دەکرێنەوە بە موفتیەکی لەرزۆك کە فەتوا دەدات بۆ خەڵکی بەپێی هەواو ئارەزویان، وەکو ئەو کەسەی کـە وا گومان دەبات کە بەئاسان وەرگرتنی بابەتی تێکـەڵی کـردن لـەنێوان قوتابیـانی کـوڕو کـچدا ناڕەحـەتی لادەبـات لەسـەریان یـاخود چارەسـەری ئـەو گـرێ ڕەوشتیە دەکـات کـە هەیـە لەنێوانیانـدا یـاخود شارسـتانیەتی ئـەم سـەردەمەی بەهۆیەوە لێ ڕازی دەبێت، هەربۆیە ئەگەر قوتابی کوڕ هۆگر بو بە (هاوکـارە کچەکەیەوە)_کە هەروایە_وە هیچ ڕێگایەکیش نیە بۆ هاوسەرگیریان کە ئەمە پیشەی زۆرینەی ئەو قوتابیانەیـە کـە دەژیـن لـە بەدبـەختی هەمیـشەیدا بـەهۆی هۆگربونی هەریەکەیان بەوی ترەوە لەگەل نـەتوانین بـە گەیـشتن بـە جێبـەجێ کردنی خواست و ویستەکانیان، یان ئەوەتـە ئارەزوەکانیـان بەحـەرامی ئـەنجام دەدەن وە پاشان خوێندنەکـەیان لەدەسـت دەدەن هـەروەکو تەجروبـە کـراوە، ئـالێرەدا بەلاکـە گـەورە دەبێـت بـەهۆی بلاوبونـەوەی خراپەکاری لـە ولاتـی موسولمانان‌دا بەهۆی ئەو فەتوا دۆڕاوانەوە، وە یان بێبەش بن لـەو شـتانە وە ئـەو موفتیە (سەردەمیە) قوتابیانی زانست توشی سزایەکی زۆر تر دەکات بێجگە لە ناڕەحەتیەکانی خۆیان لەکاتێکدا واگومان دەبـات کـە کاریـان لەسـەر ئاسـان دەکات، هەروەك وتراوە دەربارەی عاشقەکان:

لەسەر زەویدا لەو کەسە بەدبەخت تر نیە کە دلدارە
ئەگەر بە ئارەزوەکانیش بگات بەچێژێکی خۆش
دەیبینی دەگری هەمیشە بەجۆش
لەترسی دابڕان یاخود بەیەك گەیشتن



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەگری کە دور دەکەونەوە بەتاسە بۆ بینینیان

وە دەگری کاتێك کە دێن بۆلای لەترسی دابڕانیان

چاوەکانی گەرم دادێت لە کاتی بەیەك گەیشتن

وە چاوەکانی گەرم دادێت لەکاتی دابڕان

وە ئەوانە ئەو کۆتو زنجیرەی کە هەیە لەسەریان لانەبراوە بالە شەریعەتەکەی پێغەمبەریشدا(ﷺ) کۆتو زنجیرو نارەحەتی نەبێت وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا.

وە لەوانەیە هەندێ جار تاوانی ژێردەستە بلکێت بە دەسەلاتدارەکەیانەوە هەتا ئەو دەسەلاتدارە ئەکەوێتە هەندێك لەو تاوانانەوە کە لەخۆیاندا هەیە، لەوانەکە ئیبن **کثیر** بە بەلگە هێناویەتیەوە وەهاوشێوەی ئەوەیە کە ئێمە لە باسکردنیداین، ئەویش ئەوەیە کە ئیمامی ئەحمەد ڕیوایەتی کردوە[٢٧] لە پیاوێکەوە ((کە لەگەل پێغەمبەردا(ﷺ) نوێژی بەیانی کردوە وە پێغەمبەر(ﷺ) سورەتی ڕومی خوێندوە وە لەکاتی خوێندنی سورەتەکەدا ئایەتێکی لێ تێك چوە، کاتێك کە نوێژەکە تەواو دەبێت دەفەرموێ: **جاری واهەیە قورئانمان لێ تێك دەچێت بەهۆی خەلکانێك لە ئێوەوە کە نوێژ دەکەن لەگەلمان دەست نوێژەکانیان تەواو نیەو نازانن بەجوانی دەست نوێژ بگرن، جا هەرکەسێك لەگەل ئێمەدا نوێژی کرد با بەجوانی دەست نوێژەکەی بگرێت**))، وە شێخی ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەفەرموێت ئیسنادی ئەم فەرمودەیە بەکەلك دێت بۆ بە بەلگە هێنانەوە ئەویش لە (( **صفة صلاة**

27 (**٤٧١/٣**).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**النبي**(ﷺ) )) (ص١١٠)، وە **ئیبن کثیر** لە کۆتای تەفسیری سورەتی ڕومدا دەفەرموێت: ((**وە ئەم ئیسنادە حەسەنە، وە دەقەکەشی تەواوە، وە نهێنیەکی وردو سەرسوڕهێنەری تێدایە، وە هەواڵێکی سەیری تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە پێغەمبەر(ﷺ) کاریگەر بو بە ناتەواوی دەست نوێژی یەکێك لەوانەی کە لەدوایەوە نوێژی دەکرد! ئەمەش بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە نوێژی مەئموم پەیوەستە بە نوێژی ئیمامەوە**)).

وە بەلام ئیبن تەیمیە، بەلگەی هێناوەتەوە دەربارەی ئەو بابەتەی کە ئێمە لە باس کردنیداین بە بەلگەیەکی سەرسوڕ هێنەر کە ئاماژەیە لەسەر گەورەیی توانایی ئەو عەقلانەی کە خوای گەورە دروستی کردوە وە یەکێك لەو عەقلانە عەقلی ئەم زانا گەورەیەیە کە ئیبن تەیمیەیە ڕەحمەتی خوای لێبێت کە بەڕاستی دوژمنەکانی دانیان ناوە بە شارەزای و لێهاتویی ئەودا، ئەویش ئەوەیە کە بوخاری ڕیوایەتی کردوە[28] لە عوبادەی کوڕی صامت وە موسلیم[29] لە ئەبی سەعیدەوە، عوبادە ڕەزای خوای لێبێت دەفەرموێت: ((پێغەمبەری خوا(ﷺ) هاتە دەر لەماڵ بۆ ئەوەی بە خەلکی بلێت کەی شەوی قەدرە، دو پیاو لە موسولمانان لەو کاتەدا شەڕیان بو وە قسەیان بەیەك دەوت، پێغەمبەریش(ﷺ) فەرموی: **هاتمەدەر بۆ ئەوەی هەواڵتان بدەمێ ئەوەبو فلان و فلان دەنگە دەنگیان بو، هەربۆیە خوا زانستەکەی بردەوە بۆلای خۆی! بەلکو خێری تێدا بێت بۆتان، دەی کەوایە بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە شەوانی**

---

[28] (**٢٠٢٣**).

[29] (**١١٦٧**).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بیستو نۆو بیستو حەوتو بیستو پێنج))**، ئەوە پێغەمبەری خوایە(ﷺ) پەروەردگاری لەبیری بردەوە_بەهۆی تاوانی هەندێك لەو خەلكەوە_ زانستێك كە فێری كردبو، ئەویش زانینی كاتی شەوی قەدرە كە خێرو پاداشتی زیاترە لە عیبادەتی هەزار مانگ، ئای ئەوە چ زانستێكە كە تاوان بوە هۆی لەدەست دانی لە دەست ئەو خەلكە؟!

**وە ئەگەر بوترێ:** ئەگەر ئەم حوكمە جێبەجێ بكرێت بەسەر هەمو خاوەن دەسەلاتێكدا، ئەی باشە چۆن پێشەوایەكی دادپەروەر تاوانبار ئەبێت بەهۆی ئەو تاوان و هەلانەی كە ئەنجامی دەدەن خەلكانی ژێردەستەی؟ لەوەلامدا پێی ئەوترێ: لەوانەیە هەندێك شتی لەبیر ببرێتەوە لەوانەی كە زانیویەتی وە سودی ئەو خەلكەی تێدایە، یان لەوانەیە هەندێك حەقی لە پێش چاو تێكەل بێت، وەك سزایەك بۆیان، ئەمە سەبارەت بەوان، وە بەلام سەبارەت بە خۆی ئەوە ئەمە دەیگرێتەوە كە: ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتْنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمْ خَآصَّةً ﴾الأنفال: ٢٥، واتە: خۆتان بپارێزن لە فیتنەو ئاژاوەیەك كە بەتەنها توشی ئەوانە نابێت كە تاوانبارن و ستەم كارن، **الباجی** لە ((المنتقى))دا لە باسی لێكدانەوەی فەرمودەی ژمارە (٧٠٣)دا لە ((**موطأ مالك**)) وە **الزرقانی** نقلی كردوە لە ((شەرحەكەیدا)) (٢/٢٨٩) دەفەرموێت: ((**لەوانەیە گەلێك تاوانێك ئەنجام بدەن هەرلەدونیادا سزای ئەو تاوانە تێپەڕ بكات بۆ غەیری خۆیان وە كەسانێك سزاكەی وەربگرن كە هیچ دەستێكیان نیە لەو تاوانەدا، وە بەلام لە دواڕۆژدا ئەوە كەس تاوانی كەس هەلناگرێ**)).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە ئەگەر ئەم مرۆڤە نەیتوانی زیانێکی زۆر بگەیەنێت بە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا(ﷺ)، لەبەرئەوەی ئەوان هەمیشە لە تێکۆشاندا بون لە خواپەرستیدا ئەگەر شەوی قەدریشیان بزانیایە یان نا، بەڵام زانینی ئەو شەوە بۆ ئێمەو مانان بە یەکێك لەگەورەترین دەسکەوتەکان دەژمێررا، وە لەدەست دانی بە یەکێك لە هەرە گەورە نوشوستیەکان دەژمێررێت، هەمو حوکم و دەسەلاتێکیش هەربۆ خوایە.

وە **ئیبن تەیمیە** لە ((مجموع الفتاوی))دا[30] دەربارەی ئەو پاڕانەوەی کۆتای سورەتی بەقەرە دەفەرموێت: (( وە ئەوەی ئەمە ڕون دەکاتەوە ئەوەیە کە هاوەڵان بۆیە وەڵامیان درایەوە لەسەر ئەو پاڕانەوەیان چونکە مل کەچ بون بۆ گوێڕایەڵی کردنی خوای گەورە بە گشتی ئەویش بەو وتەیەیان: ﴿ **سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا** ﴾البقرة: ٢٨٥، واتە: بیستمان و گوێڕایەلیشی دەبین، پاشان ئەم پاڕانەوەیە نێردرایە خوارەوە ئەوانیش پێی پاڕانەوە و وەڵامیان درایەوە، هەربۆیە هاوەڵان بەردەوام لەسەر تەوحیدو لێبوردەی بون لەسەردەمی پێغەمبەری خوادا(ﷺ)، وە هەرواش بون لەسەردەمی ئەبوبەکردا چاکتر لەوەی کە هەبون لەسەردەمی عومەردا، وە کاتێك کە لە سەردەمی عومەردا بون هەندێکیان توشی تاوان هاتن کە وایکرد ئیمام ئیجتیهاد بکات لە هەندێك شتدا بەجۆرێك کە توندی و زبری تێدابو لەسەریان، وەکو ڕێگری کردن

---

[30] (١٤/١٥٢-١٦٠).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لێیان لەوەی کە عومرەو حەج بەیەکەوە بکەن[٣١] وە هەروەها خستنی تەلاقی سێبەسێ بەیەك جار[٣٢]، وە توند کردنی سزای مەی خواردنەوە[٣٣]...

وە هەروەها هەندێك لە بابەتەکانی میراتیان لەلا شاراوە بو وە شتانێکی تریش[٣٤] هەتا بوبە دەمەقالەیان تێیدا لە کاتێکدا ئەوان لەناو خۆیاندا دلیان پەیوەست بو بەیەکەوە وە یەکتریان خۆش دەویست وە هەریەکێکیان دانی ئەنا بەو ئیجتیهادەی کە ئەوی تری لەسەربو، هەتا کۆتایی خیلافەتی عوسمان ئیتر ئەو کاتە گۆڕانکاری زۆر ڕویدا وە مال وسامانی دونیا زۆر بو هەروەها جۆرەها شت ڕویدا کە لەسەردەمی عومەردا ئەو شتانە نەبو، هەربۆیە لە نێوان هەندێك لە دلەکاندا سلەمینەوەو دورکەوتنەوە ڕویدا تا عوسمان شەهیدکرا وە

---

[31] بروانە ((صحیح البخاری)) (١٥٦٣) و(١٥٧١) وە ((صحیح مسلم)) (١٢٢٣) و (١٢٢٦) و (١٢٣٨).

[32] واتە: **هەتا دوسالیش لەسەردەمی خیلافەتی عومەردا تەلاقی سێبەسێ بەیەك تەلاق حساب دەکرا، بەلام کە بینی خەلکی بەشتێکی کەم تەماشای دەکەن سێبەسێی بەیەك جار دەخست، بڕوانە((صحیح مسلم)) (١٤٧٢).**

[33] واتە: **سزای مەی خۆرەوە لە سەردەمی پێغەمبەر(ﷺ) و خیلافەتی ئەبوبەکرو ماوەیەکیش لە خیلافەتی عومەردا چل شەلاق بو، هەروەك هاتوە لە ((صحیح البخاری)) (٦٧٧٣) وە ((صحیح مسلم)) (١٧٠٦)، وە لە ڕیوایەتێکی بوخاریدا بە ژمارە (٦٧٧٩) سائیبی کوڕی یەزید دەفەرموێت: ((هەتا لەسنور دەرچون و یاخی بون ئیتر عومەر کردی بە هەشتا شەللاق))، وە عومەر ڕەزای خوای لێبێت سزاکەی دوقات کرد ، لەبەرئەوەی وای دەبینی_لەگەل ئەوانەی کە ڕاوێژی پێ کردن لە هاوەلان_ کە سزای مەی خۆر سەرزەنشت کردنە نەك حەد بێت کە لێی زیاد وە کەم نەکرێت.**

[34] بروانە ((فتح الباري)) لابن حجر (١٢/٢٠) وە پەڕەکانی سەرەتای ((رفع الملام عن الأئمة الأعلام)) لابن تیمیة.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کەوتنە ناو فیتنەو ئاژاوەیەکی گەورەوە، وە خوای گەورەش فەرمویەتی:
﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗ ﴾الأنفال: ٢٥، واتە ئەم فیتنەیە تەنها ڕوناکاتە کەسی ستەم کار بەتەنها، بەڵکو کەسی ستەمکارو ئەوەش دەگرێتەوە کە بێدەنگە لەئاست قەدەغەکردنی ستەمکاری، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت: (**خەڵکی ئەگەر کاری خراپیان بینی وە نەیان گۆڕی ئەوا دور نیە خوای گەورە سزایەکیان بۆ نەنێرێت کە هەمویان بگرێتەوە**)[35]، وە ئەوەش بوە هۆکارێك کە ڕێگر بێت لەوەی کە زۆرێك لە شتە پاکو جوانەکان بەدەست بهێنن، وە کەوتبونە دژواری کردن لەگەل یەکتری لەسەر کردنی عومرەو حەج بەیەکەوە وە زۆر شتی تریش کە لەسەردەمی عومەردا ناکۆکیان نەبو تێیدا، هەندێکیان عومرەو حەجیان قەدەغەکرد بەیەکەوە بەیەکجاری وەکو **ئیبن زوبەیر**[36]، وە هەندێکیان ڕێگریان دەکرد لە هەڵوەشاندنەوەی حەج وعومرە وەکو **بەنی ئومەیە و زۆرێك لە خەڵکی** وە سزای ئەو کەسانەیان دەدا کە عومرەو حەجیان بەیەکەوە دەکرد، وە کۆمەڵێکی تریان عومرەو حەجیان بەیەکەوە بەواجب دەزانی[37]، وە هەریەکێك لەوانە مەبەستیان نەبو پێچەوانەی پێغەمبەر(ﷺ) بکەن، بەڵکو ئەو زانستەیان لەلا شاراوە بو، وە ئەوەش هۆکارەکەی ئەو تاوانانە بو کە سەری هەڵدا، هەروەك پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: **(هاتمەدەر بۆ**

---

[35] أخرجه أبوداود (٤٣٣٨) و صححه الألباني فيه.

[36] بڕوانە: ((صحيح البخاري)) (١٥٥٩) (١٥٦٣) (١٥٦٧) و ((صحيح مسلم)) (١٢١٧) (١٢٢١) (١٢٢٣) (١٢٢٩) (١٢٣٨) (١٢٤٩).

[37] بڕوانە: ((صحيح البخاري)) (٤٣٩٦) و ((صحيح مسلم)) (١٢٤٥).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەوەی هەواڵتان بدەمێ ئەوەبو فلان و فلان دەنگە دەگیان بو، هەربۆیە خوا زانستەکەی بردەوە بۆلای خۆی! بەلکو خێـری تێـدا بێـت بۆتـان)**[38]، واتـە لەوانەیە شاردنەوەی ئەو شەوە خێری تێدابێت بۆتان بۆ ئەوەی زیـاتر عیبـادەت بکەن لەو دە شەوەدا، چونکە دەگونجێ شاردنەوەی هەندێك بابـەت ڕەحمـەت و میهرەبانی بێ بۆ هەندێك لە خەلکی...

وە حەق و ڕاستی لەو کارەدا یەك شتە، وە لەوانەیە لە ڕەحمـەت و بـەزەی خوا بێت بۆ هەندێك کەس شاردنەوەی ئەو شتانە، بـەهۆی قورسـی و گرانـی لەسەر ئەو کەسە ئەگەر ئاشکرا بێت لەلای، وە ئەوەش ئەچێتە ژێر خانەی ئـەو فەرمودەی خواوە کە دەفەرموێت: ﴿ لَا تَسْـَٔلُوا۟ عَنْ أَشْيَآءَ إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ ﴾ المائدة: ١٠١، واتە: پرسیار لە شتانێك مەکەن کە ئەگەر بۆتان ڕون بکرێتەوە و پێتان بوترێت پێتـان نـاخۆش بێـت وە ئـەو وەلامـە قـورس بێـت لەسـەرتان، وە بەهەمان شێوە ئەو خواردن و پۆشاکانەی کە هەیە لەناو بازاڕدا لەوانەیە خـۆی بۆخۆی داگیرکراو بێـت، خۆئەگـەر مرۆڤـەکان نـەزانن کـە داگیرکـراوە ئـەوا هەمو ئەوشتانەیان بۆ حەلالە وە هیچ تاوانێکیان لەسەر نابێت ئەگەر بیان کرن، بە پێچەوانەی ئەوەی کە ئەگەر زانیان، کەواتـە شـاراوەیی زانـستێك کـە ببێتـە هۆی قورسی و توندی لەوانەیە ڕەحمەت بێـت، هـەروەها شـاراوەیی زانـستێك کە ببێتە هۆی وە دەرکەوتنی ڕوخسەتێك لەوانەیە سزابێت، هـەروەها لەوانەیـە لابردنـی گومانێـك ڕەحمـەت بێـت، لەوانەشـە سـزادان بێـت، وە ڕوخـسەت ڕەحمەتە، لەوانەشە ئەو شتەی کە نەفس پێی ناخۆشە سودی زیاتر بێت هەروەك

---

[38] پێشتر تەخریجی ئەم فەرمودەیە کرا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لـه جیهـاددا: ﴿ وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡ ﴾البقرة: ٢١٦، واتـه: چـاك بـزانن ئـەو شـتانەی كـه لـه شـەرعدا داواكراوه با لەناخیـشدا پێتـان خـۆش نـەبێت بـەهۆی ئـەوەی كـه لەسـەر تـان قورسه و نارەحـەت دەبـن پێـوەی ئـەوا خێرێكـی زۆری تێدایـه بۆتـان چـونكه پاداشت و ڕەزامەندی خوا بەدەست دەهێـنن بەهۆیـەوە، وه شـتانێك هەیـه كـه نەفستان پێی خۆشه بەهۆی ئەوەی كه ئاسانەو نارەحەتی تێدانیه ئەوا ئەو شـتانه خراپـەو زیـانی دەبێـت بۆتـان چـونكه دەبێتـه هـۆی هـاتنی سـزای خـوای و تورەبونی و زەلیل بون و داماویتـان، وه مەبەسـتەكه لێـرەدا ئەوەیـه كـه تـاوانی ئەوتۆ هەیه كه هۆكاره بـۆ شـاراوەیی زانـستی بەسـود یـان هەنـدێكی، بـەلكو دەبێته هۆی لەبیرچونەوەی ئەو شـتانەی كـه زانیوتـه، وه بـەهۆی تێكـەل بـونی حەق به بەتال فیتنەو ئاژاوەی زۆر دەكەوێتەوە)).

وه دەگـونجێ خـەلكی تـاوانی ئـەوتۆ بكـەن كـه وابكـات خـوای گـەورە دەسەلاتدارێك زال بكات بەسـەریاندا كـه زۆر تونـدو تیـژ بێـت وه سـزایەكی قورسیان بدات، **ئیبن تەیمیه** له ((مجمـوع الفتـاوى)) (١١٣/٢٨) دەفـەرموێت:

**((به صەحیحی هاتوه له عومـەری كـوڕی خەتتابـەوە كـه فـەرمانی داوە بـه سوتاندنی حانوتێك كه مەی تێدا دەفرۆشرا وه خاوەنەكەی ناوی ڕوەیشیدی سەقەفی بو، وه فەرموی: بەڕاستی تۆ فوەیسیقی نەك ڕوەیشید[39]!واته تۆ ناوت كەتنكەره نەك هیدایەتدەر، وه بەهەمان شێوه فەرمانداری بـاوەڕداران عـەلی**

---

[39] أخرجـه أبـو عبيـد في ((الأمـوال)) (٢٦٧) و عبـد الـرزاق (١٠٠٥١)و(١٧٠٣٩) بإسـناد صحيح.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**کوڕی ئەبوتالیب فەرمانی دەرکرد بە سوتاندنی گوندێك مەی تێدا دەفرۆشرا وە ئەبوعوبەیدەو غەیری ئەویش ڕیوایەتیان کردوە**[40]))، کەواتە ئەو بارودۆخەی کە لەسەردەمی عومەردا ڕەزای خوای لیبێت گۆڕانکاری بەسەردا هات کەمتر بو لەوەی کە هەبو لەسەردەمی عەلیدا ڕەزای خوای لیبێت، وە بەلام تاوانی ئەو خەلکە وایکرد کە ئەو دوو خەلیفەیە ئیجتیهاد بکەن لە شتێکدا کە سزاکەی کەمتربو لەپێشتردا لەوەی کە بسوتێنرێن بەئاگر، دەبینی ئەو تاوانەیان وایکرد کە ئەو دوو خەلیفەیە بەوجۆرە توندبن لەگەلیان.

وە هەر دەربارەی ئەم بابەتە ئەو ڕیوایەتەی بوخاری (٥٦٦٩) و موسلیمە (١٦٣٧) لە **ئیبن عەبباسەوە** خوا لێی ڕازی بێت کە دەفەرموێ: ((کاتێ سەرەمەرگی پێغەمبەر(ﷺ) هات لەو کاتەدا لە ژورەکەدا کۆمەلێك پیاو لەوێ بون وە لەناویانیشدا عومەری کوڕی خەتتابیان تێدا بو، پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: **وەرن با نوسراوێکتان بۆ بنوسم لەدوای ئەو نوسراوە هەرگیز گومڕا نابن**، عومەر فەرموی: پێغەمبەر(ﷺ) ئازارەکەی زۆر بوە و بێتاقەتی کردوە وە قورئانیشمان لەلایە، کیتابەکەی خوامان بەسە، ئیتر ئەوەبو ئەوانەی ناو ژورەکە دوبەرەکیان تێکەوت و بوبە دەنگە دەنگیان، هەیان بو دەیوت: نزیك ببنەوە و کاغەزێك بهێنن بۆ پێغەمبەر(ﷺ) با نوسراوێکتان بۆ بنوسێ کە گومڕا نابن لەدوای ئەو نوسراوە، وە تیاشیاندا هەبو قسەکەی عومەری دەکردەوە، کاتێ کە هەراو دەنگەدەنگیان زۆر بو لە لای پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: **هەستن بەجێم بهێلن**، عوبەیدولا دەفەرموێت: ئیبن عەبباس بەردەوام

---

[40] أخرجه في ((الأموال)) (٢٦٨).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەیفەرمو: بەڕاستی بەلاو موسیبەتی گەورە ئەوە بو کە بوە ڕێگر لە نێوان پێغەمبەری خواو(ﷺ) ئەو نوسراوەدا کە ویستی بینوسێ کە ئەویش هەراو دەنگە دەنگەکەیان بو)).

وە گومانی تێدا نیە کە ئەوەی ئەوان تێی کەوتن لە دوبەرەکی هۆکار بو بۆ ڕێگری کردن لێیان لە زانینی ئەو کەسەی کە دەبێتە جێنشین لەدوای پێغەمبەری خوا(ﷺ)، بەلام ئەوەی کە ڕویدا لەسەردەمی هاوەلاندا خێرو چاکەکەی زۆرتر بو لە خراپەکەی، چونکە خوای گەورە کۆی کردنەوە لەدەوری باشترینیان بەبێ ئەوەی کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) دیاری بکات بە دەقێك، لەبەر ئەوەی ئەوان هەمویان کۆك بون لە قسەیاندا دەربارەی ئەو پیاوەی کە دەبێت بە جێنشینی پێغەمبەر(ﷺ)، کە ئەویش ئەبو بەکر بو ڕەزای خوای لێبێت، هەروەك بوخاری ڕیوایەتی کردوە (٥٦٦٦) کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: ((**خەریك بو بڕیار بدەم یاخود ویستم بنێرم بەشوێن ئەبو بەکرو کوڕەکەیدا وە وەسیەت بکەم (بەوەی کە ئەبو بەکر ببێت بەخەلیفە)، بۆ ئەوەی کەسانێك لەخۆیانەوە قسە نەکەن یان کەسانێك تەمەننای شتانێك بکەن**، پاشان دەلێم:

ئەوان پێویستیان بەوە نەبو کە ڕێنمونی بکرێن بۆ کەسی گونجاو بۆ خەلافەت، لەبەر ئەوەی ئەوان بەهۆی چاکەخوازی خۆیانەوە خوای گەورە چاکترین کەسی ئەو کاتەی بۆ هەلبژاردن، ئەوەبو خوای گەورە کەسێکی چاکی لەخۆیانی کرد بەسەر پەرشتیار بەسەریانەوە، شێخ **محمد ابن صالح بن عثيمين** لە ((**شرح العقيدة الواسطية**)) (٢/٢٧٠)دا دەفەرموێت: ((هەر بەو



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**شێوەیەی کە لە ئەثەردا** هاتوە: **بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەواتان بۆ دادەنرێت، دەبینی چاکترینی سەدەکان خوای گەورە کەسێك ناکات بەسەر پەرشتیان کە لەهەمویان چاکتر نەبێت**))، هەربۆیە پێشین وەسیەتیان بۆ خەلك دەکرد لە کاتی هەبونی دەسەلات داری ستەمکار بەوەی کە چاوێك بخشێنن بە نێوان خۆیان و نێوانیان لەگەل خوای گەورە نەك شۆڕش بگێڕن لەدژی و دەربچن لەژێر دەسەلاتی، هەروەك دەینەوەری ڕیوایەتی کردوە لە ((المجالسە)) (٢٤٣٣) لە **حەسەنەوە** کە دەیفەرمو لە زەمەنی حەججاجی کوڕی یوسوفی سەقەفی: ((**لەخوا بترسن، چاك بزانن کە خوای گەورە حەججاج گەلێکی زۆری لەلایە!**)).

وە پالپشت بۆ ئەم قسەیە ئەو ڕیوایەتەی خەیسەمەیە لە ((**حدیثە**)) (ص١٣١) هەروەها ئیبن ئەبی عاصم لە ((السنە)) (١١٥٨) وە حاکم (٣/١٤٥) وە بەیهەقی لە ((السنن الکبری)) (٨/١٤٩) وە لە ((دلائل النبوە)) (٧/٢٢٣) وە ئیبن عەساکیر لە ((تاریخ دمشق)) (٤٢/٥٦١) وە غەیری ئەوانیش لە چەند ڕێگەیەکەوە، یەکێك لەو ڕێگایانە ئەو ڕیوایەتەی **شەقیقی کوڕی سەلەمەیە** کە دەفەرموێت: وترا بە عەلی کوڕی ئەبوتالیب: ((ئایا لەدوای خۆت کەسێك دیاری ناکەیت کە ببێت بە خەلیفە بەسەرمانەوە؟ فەرموی: **پێغەمبەری خوا(ﷺ) کەسی نەکرد بە خەلیفە لەدوای خۆی، وە ئەگەر خوای گەورە ویستی وابێت کە خەلکی توشی خەیر بکات ئەوا**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**لەدوای من کۆیان دەکاتـەوە لـەدەوری باشـترینیان هـەروەکو چۆن کـۆی کردنەوە لەدوای پێغەمبەرەکەی(ﷺ) لەدەوری باشترینیان))**[41].

وە ئەم وتەیەی عەلی ڕەزای خوای لێبێت هەلقولاوی بابەتەکەمانە، وە هەر لێرەوەش وتراوە: **بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەواتان بۆ دادەنرێت.**

## بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەواتان بۆ دادەنرێت

ئەم وتەیە فەرمودەیەکی پێغەمبەر(ﷺ) نیە بـا لـەلای خـەلکیش وا باوبێـت[42]، بەلام ئەم وتەیە داناییەکە کە زۆرجار هاتوە بەسەر زوبانی کەسانی کۆمەلایەتی و مێژو نوسدا بەتاییەتی، لەبەرئەوەی یاسایەکی خوایی گشتیە، کـە لێکۆلینـەوە وردەکانی مێژویی شایەتیان بۆداوە، هەربۆیە نابینیت کە کۆمەلگایەك حوكمی بەسەردا بکرێت مەگەر ئەوەی کە ئەو حاکمە گونجاوە لەگەل ئاستی چاکەو خراپـەیان، وە هـەمو دەسـەلات دارێـك هـەر لـە چەشـنی خەلکەکـەیـەتی، وە زانراویشە کە خوای گەورە فیرعەونی زال کرد بەسەر گەلەکەیدا لەبەر ئەوەی ئەوانیش لە هـەمان ئاسـتی ئـەودا بـون، هـەروەك خـوای گـەورە دەفـەرموێت:

﴿ فَاسْتَخَفَّ قَوْمَهُۥ فَأَطَاعُوهُ إِنَّهُمْ كَانُوا۟ قَوْمًا فَـٰسِقِينَ ﴾الزخرف: ٥٤، واتە: فیرعەون گالتەی بە عەقلی گەلەکەی کردو ئەوانیش گوێڕایەلیان کرد، ئـەویش بەهۆی ئـەو گومانانـەی کـە دەیـدا بەگوێیانـدا کـە هـیچ بنەمایـەکی نـەبو، وە ئێمـەش بـەهۆی ئـەوەی کـە گـەلێکی خـراپ بـون فیرعـەونمان زال کـرد بەسەریاندا، ئەوەتا خوای گەورە بە فاسق ناویـان دەبـات، هەربۆیـە کەسێکی

---

[41] **وقد جود إسناده ابن كثير في ((البداية والنهاية)) (٥/٢٥١)، ولعله من جهة طرقه.**

[42] **بڕوانە: ((السلسلة الضعيفة)) للعلامة الألباني (٣٢٠).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەپاند بەسەریاندا کە وەکو خۆیان وابو، **ئیبن تەیمیە** لـە ((مجموع الفتـاوى)) (٣٣٨/١٦)دا دەفەرمویت: **((خفیف: گێل، ئەو کەسە کەم عەقلەیە کە ئیش ناکات بە زانستەکەی، بەلکو شوێن هەواو ئارەزوی دەکەوێت))**.

وە وا دەردەکەوێت کە ئەم قسە جوانە لە کۆنەوە هەیە، ئـەوەتا **العجلـونی** لە ((کشف الخفاء)) (١٤٧/١)دا دەفەرمویت: ((**طبرانی** ڕیوایـەتی کـردوە لـە حەسەنی بەصریەوە کە گوێی لە پیاوێك بوە دۆعای دەکرد لە حەججاج، پێـی فەرمو: **وامەکە، ئێوە بەهۆی خۆتانەوە واتان لێ هاتوە، ئێمە لەوە ئەترسین کە ئەگـەر حـەججاج لابـرا یـان مـرد دوای ئـەو مـەیمون و بـەراز ببێـت بـە سەرپەرشتیارتان، وە وتراوە کە کردەوەکانتان سەرپەر شتیارانتان، وە خۆتان چۆن بن فەرمان ڕەواکانیشتان وادەبن))**.

وە ئەو وتەیەی کە دەڵێ: **(وە وتراوە)** بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم قسەیە لە پێش ئـەوەوە هـەبوە، وە لەمـەودوا ئامـاژە بـەوە دەدەیـن کـە ئـەم وتەیـە لـە هەندێك لە قسەکانی پێشیندا هاتوە کە داویانەتـە پـاڵ پێغەمبـەران، وە ئەوەنـدە بەسە کە بەڵگە بێت لەسەر ئەوەی کە ئەم قسەیە دێرینـە، وە لەوانەشـە چـونکە ئەو وتەیە یاسایەکی کۆمەلایەتی گشتی خواییە لە مێژوی مرۆڤایەتیـدا هەربۆیـە نازانرێت کە سەرەتا لە کوێوە هاتوە، وە خواش زاناترە.

وە پێـشتر ڕون بویـەوە کـە نەفـسەکان بۆخۆیـان یەکـەم ڕەگـو ڕیـشەی بەلاکەن، وە پێشتر ڕون بویەوە کە خەلکی بەروبومی کردەوەکانیان دەرنەوە، وە یەکێك لەو بەرو بومانە حالی سەرۆکەکانیانن، وە ئەو حاکمانە بە گوێرەی کردەوەکانیـانن، هەربۆیـە ئـەوترێت: **سـتەمی بکـەرەکان بـەهۆی تـاریکی کردەوەکانەوەیـە**، وە مەبەسـت بـە بکـەرەکان کاربەدەسـتان و لێپرسـراوانە،



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چونکە لە کۆندا دەوترا: فلانە کەس ئیش کەرە، وە هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن (**والی**) و (**پارێزگار**) و هاوشێوەیان، وە لەلای ئێمە هەتا ئەم دوا دواییەش بە شاری گەورەیان دەوت: عمالە، ئاوها، بە واتای (پارێزگا) و (ویلایەت)، وە بەو کەسەی کە سەرپەرشتی دەکرد دەوترا: **عامل واتە بکەر یان کرێکار**، پاشان ئەم وشەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا گۆڕانکاری بەسەردا هات لە زاراوەی کارگێڕی بۆ مانای بەرامبەر، هەربۆیە هەرکەسێك پلەی کۆمەلایەتی دابەزی پێی دەڵێن کرێکار، هەربۆیە واباشترە ئەم وشەیە بخرێتە پال ئەو وشانەی کە قەدەغە بکرێت بەکار هێنانی، مادام ئاکامی لێ تێگەیشتنەکەی پێچەوانەیە!

کەواتە، واتای وتەکەیان: (**ستەمی کرێکارەکان تاریکی کردەوەکانن**): بریتیە لەوەی کە ستەمی لێپرسراوان هۆکارەکەی تاریکی کردەوەی ژێردەستەکانیانن.

## بەلگەکان لە قورئان و سوننەت و تێگەیشتنی پێشین بۆیان:

چاك بزانە ئەو دەقانەی کە هێناومن لە باسی (**تاوانەکان هۆکارن بۆ سزاکان**) ئەچێتە ژێر خانەی ئەم باسەوە، وەکو ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿ **وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٖ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ** ﴾ الشوری: ٣٠، لەبەرئەوەی ستەمکاری کاربەدەست بە بەلایەك دەژمێرێت کە توشی ئەم ئوممەتە هاتوە، وە خوای پەروەردگار هەوالی پێداوین کە سەرچاوەی نارەحەتیەکان بریتیە لە خراپەکاری ئوممەت، وە هەرکەسێك ئەو بەلگانەی پێشوتر بهێنێتەوە بە بەلگە لەم باسەدا ئەوا پێکاویەتی.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وه بەهەمان شێوه ئەو هەمو دەقانەی کە هاتوه لە ژیاننامەی پێغەمبەردا(ﷺ) لە تیشك خستنه سەر بانگەوازکردنی هەمو خەلکی بەبێ چاوبڕینه پلەو پایەی سەرکردەکانیان ئەمانەش هەر بەلگەن بۆ ئەم بنەمایە، بەلکو ئەو جۆره لە بانگەواز بەلگە نەویستە لە ڕێبازی هەمو پێغەمبەراندا(**علیهم الصلاة والسلام**)، لێرەدا بە کورتی باسی دەکەم بۆ ئەوەی خوێنەر بە بیری بکەوێتەوه، وه هەندێك لە بابەتەکانی بە تێرو تەسەلی باس دەکەم لە بەشی: (گومانێك و وەلام دانەوەی) بە یارمەتی خوا.

**لێرەدا چەند بەلگەیەکی تر دەهێنمەوه لە بەلگە ڕون و ئاشکراکان:** أبو الشیخ لە منصور بن أبی الأسود دەگێڕێتەوه کە فەرمویەتی: ((پرسیارم کرد لە **ئەعمەش** دەربارەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەوره: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًا ﴾ الأنعام: ١٢٩، چیت گوێ لێبوه دەربارەی کە وتبێتیان؟ وتی: گوێم لێبو ئەیان وت: **ئەگەر خەلکی خراپ بون ئەوا خراپترینیان ئەبێت بە سەرپەرشتیاریان**))[٤٣].

**الطرطوشي** لە ((سراج الملوك)) (٤٦٧/٢) دەفەرموێت: ((بەردەوام گوێبیستی خەلکی بوم ئەیانوت: (**کردەوەکانتان سەرکردەکانتان**)، (**بەوێنەی خۆتان سەرکردەتان بۆ دادەنرێت**)، هەتا مانای ئەم وشانەم بەچنگ کەوت لە قورئاندا، خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًا ﴾ الأنعام: ١٢٩، وه ئەوترا: ئەو شتانەی کە لە ڕۆژگاری خۆتدا بە

---

[43] **كذا في ((الدر المنثور)) للسيوطي (٣٥٨/٣).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خراپی دەزانی ئەوە کردەوە خراپەکانی خۆت ئاوهایان لێکردون، وە **عەبدول مەلیکی کوڕی مەروان** دەفەرموێت: **بەڕاستی ئێوە ئەی خەلکینە دادپەروەر نین لەگەلمان! ئەتانەوێت وەکو ئەبوبەکر و عومەر وابین لەگەلتان کەچی ئێوە خۆتان وەکو ئەوان نین لەگەلمان؟! داوا لەخوا دەکەین کە هەردولامان یارمەتی بدات.**

**قەتادە** دەفەرموێت: بەنوئیسرائیل وتیان: پەروەردگارمان! تۆ لەسەرو ئاسمانەوەیت وە ئێمە لە سەر زەوین، چۆن بزانین کە ڕازیت لێمان نەك توڕە؟ خوای گەورەش وەحی نارد بۆ هەندێك لە پێغەمبەرەکانیان: **ئەگەر کەسانی باشم کرد بەسەر پەرشتیار بەسەرتانەوە ئەوا بزانن کەمن ڕازیم لێتان، وە ئەگەر کەسانی خراپم کردبە سەرپەرشتیار بەسەرتانەوە ئەوا بزانن کە توڕەم لێتان.**

وە عبیدە السلمانی بە عەلی کوڕی ئەبو تالیبی وت ڕەزای خوای لێبێت: ئەی پێشەوای باوەڕداران! باشە بۆ ئەبوبەکر و عومەر خەلکی گوێڕایەلیان بون، لەکاتێکدا دونیا لە بستێك تەسك تر بو لەسەریان کەچی فراوان بو بۆیان، دوایی تۆو عوسمان خەلافەتتان وەرگرت کەچی ئەو خەلکە مل کەچ نەبون بۆتان، لەباتی ئەوەی فراوانتر بێت لەسەرتان تەسك تر بویەوە بۆتان؟ فەرموی: **لەبەرئەوەی ئەو خەلکەی ژێر دەستەی ئەوان وەکو من و عوسمان وابون، ژێردەستەی منیش تۆو هاوشێوەی تۆن!**

وە برایەك نامەیەك بۆ موحەمەدی کوڕی یوسف دەنێرێت و تێیدا سکالای ئەوە دەکات کە فەرمان ڕەواکانیان ستەمکارن، ئەویش بۆی دەنوسێت: **نوسراوەکەتم پێگەیشت وە باسی ئەو بارودۆخەش کە تێیدان، بەلام کەسێك**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**کە تاوان دەکات نابێت سزاکەی پێ ناخۆش بێت، وە ئەوەشی کە دیبینم ئێوە توشی هاتون بەهۆی خراپەی تاوانەوەیە، والسلام)).**

محمد حقی لە تەفسیرەکەیدا دەربارەی ئەو فەرمودەی خوای گەورە:

﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ ﴾آل عمران: ٢٦، واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) پێیان ڕابگەیەنە کە الله خاوەنی هەمو دروستکراوەکانە وە هەرچی هەیە ئەو خاوەنیەتی وە چۆنی بوێ تەسەڕوفی تێدا دەکات، مولك و دەسەلات بدات بە هەرکەسێك کە خۆی ویستی لەسەر بێت پێی ئەدات هەلبەت ئەوەش حیکمەتێکی تێدایە، وە بیەوێت دەسەلاتیش لەهەرکەسێك وەربگرێتەوە یان نەیداتێ ئەوە کەس ناتوانێ دەست بخاتە کاروبارییەوە، شێخ محمد دەفەرموێت: **((ماناکەی ئەوەیە ئەگەر ئێوە ئەهلی تاعەت و عیبادەت بن خوای گەورە خەلکێکی بەڕەحم دەکات بە سەر پەرشتیار بەسەرتانەوە، وە ئەگەر لە ئەهلی تاوان و خراپەکاران بن خوای گەورە خەلکانێك دەکات بە سەرپەرشتیار بە سەرتانەوە کە سزاتان بدەن و وە نیشانە بێت بۆ سزای خوایی بۆتان)).**

وە هەر بەهەمان شێوەی ئەم واتایە ئەو فەرمایشتەی خوای میهرەبانە کە دەفەرموێت: ﴿ وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا ﴾الإسراء: ١٦، واتە: خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەوالی ئەوەمان پێدەدات کە ئەگەر ویستی وابێت کە شوێنێك تیابەرێت لەو شارو لادێیانەی کە ستەم کارن، وە لە ڕەگ و ڕیشەوە دەری بهێنێت بەهۆی سزاوە، فەرمان دەکات بە ئەوانەی لە خۆش گوزەرانیدان و تێرو پڕن وە ئەم فەرمانەش



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پێی دەوترێ فەرمانی قەدەری بەوەی یاخی دەبن و سەرپێچی دەکەن، بەم کارەشیان بڕیاری سزادانیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت وە بەتوندترین شێوە لەناویان دەبەین، خوای گەورە لەم ئایەتەدا هەواڵی ئەوە دەدات کە ئەو بەرپرسانەی سەرپێچی فەرمانی خوا دەکەن و ئەو خۆش گوزەرانیەی کە هەیانە لە خراپەدا بەسەری دەبەن زاڵیان دەکات بەسەر ئەو ناوچانەی کە شایەنی تیاچونن، وە گومانیشی تێدا نیە کە ئەو شوێنانە بۆیە شایەنی تیاچون بون چونکە ستەمکاربون، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَتِلْكَ ٱلْقُرَىٰٓ أَهْلَكْنَٰهُمْ لَمَّا ظَلَمُوا۟﴾الکهف: ٥٩، واتە: ئەو گوندو شارانەمان لەناوبرد و سزامان دان چونکە ستەمکاربون، وە ئەم لێکدانەوەیەش هەمان تێگەیشتنی هەندێك لەپێشینە بۆ ئایەتەکە، ئەبونوعەیم (٦/٣٠) و بەیهەقی لە ((الشعب الإيمان)) (٧٣٨٩) وە ئەبوعەمر الدانی لە ((السنن الوارده فی الفتن)) (٢٩٩) ڕیوایەت دەکەن بە سەنەدێکی صەحیح لە **کەعبی ئەحبارەوە** کە وتویەتی: ((**بۆ هەمو سەردەمێك پادشایەك هەیە خوای پەروەردگار ئەینێرێت بە گوێرەی دڵی ئەو خەڵکەی سەردەمی خۆی، هەربۆیە ئەگەر الله ویستی وابێت کە هۆزێك چاك بێت کەسێکی چاکیان لەناودا ئەنێرێت بۆ فەرمان ڕەوای کردن، وە ئەگەر ویستی وابێت گەلێك تیابەرێت ئەوا کەسێك ئەنێرێت لە ناویاندا کە خراپەکار بێت، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: ﴿وَإِذَآ أَرَدْنَآ أَن نُّهْلِكَ قَرْيَةً أَمَرْنَا مُتْرَفِيهَا فَفَسَقُوا۟ فِيهَا فَحَقَّ عَلَيْهَا ٱلْقَوْلُ فَدَمَّرْنَٰهَا تَدْمِيرًا﴾**الإسراء: ١٦، مەنناوی لە ((**فیض القدیر**)) (١/٢٥٦)دا دەفەرموێت: ((**واتە ئەگەر**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**خوای گـەورە ویـستی وابێـت گـەلێکی خـراپ توشـی ناڕەحـەتی بکـات، کەسێکی خراپ دەکات بەسەر پەرشـتیاریان چـونکە ئـەو گەلـە پابەنـدنین بەشەرعەوە))**.

هەندێك لە زانایان ئەو ڕیوایەتەی موسـلیم (١٨١٩) ئەکـەن بـە بەڵگـە لـە جابیرەوە کە دەفەرموێت: پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی: ((**خەڵکی شـوێن کەوتەی قوڕەیشن لە چاکەو خراپەدا**))، شێخ عەلی ئەلقاری ڕەحمەتی خـوای لێبێت لە ((**مرقاة المفاتيح شرح مشكاة المصابيح**)) (١٣١/١١)دا دەفەرموێت: ((وە وتراوە: مانای فەرمودەکە ئەوەیە کە ئەگـەر بـاش بـون خـوای گـەورەش کەسـێکی زۆر بـاش ئـەکات بەتوشـیانەوە، وە ئەگـەر خراپـەکار بـون ئـەوا کەسـێکی زۆر خـراپ دەکـات بەتوشـیانەوە، وەك وتـراوە: **کردەوەکانتـان سەرکردەکانتان**، هەروەها: **بەوێنەی خۆتان حوکم ڕانتان بـۆ دادەنرێـت**))، بەهەمان شێوەش مەنناوی هێناویەتی لە ((**فيض القدير**))دا (١٨٩/٣).

وە کاتێك حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زاڵ کرا بەسەر ئەم ئوممەتـەدا بەهۆی گەورەی ستەمکارییەوە، وە کاتێك حەسەنی بەصری ڕەحمـەتی خـوای لێبێت بینی خەڵکی بێزارن لەدەستی بەهۆی شەڕەنگێزییەوە ئامۆژگاری کـردن بەم یاسایە، وە فەرموی: ((**چاك بزانن کە حەجاج سزای خوایە بۆتان، ئێوەش ڕوبەڕوی سزای خوا مەبنەوە بە شمشێرەکانتان، بەڵکو پێشوازی لێبکـەن بـە**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**تەوبە کردن و گەڕانەوە و ملکەچی کردن بۆ خوا، تەوبە بکەن خوا لە کۆلتانی دەکاتەوە))**[٤٤].

پاشان حەسەنی بەصری ئەمەی وتوە بەوانەی کە بەرەو ڕوی حەجاجی خوێن ڕێژی تاوانبار وەستاون ئەو حەجاجەی کە هیشامی کوڕی حەسسان دەربارەی دەفەرموێت[٤٥]: **((ئەوانەی کە حەجاج کوشتونی ژمێردران بینیان گەیشتوەتە سەدو بیست هەزار کوژراو!!))**، وە زەهەبی لە کتابی ((السیر)) (٣٤٣/٤) دەربارەی دەفەرموێت: **((کەسێکی ستەمکار و سەرسەخت و دوژمنکارو پیس و خوێن ڕێژ بو...))**، بەلکو هەندێك لە پێشین حوکمی کوفریان داوە بەسەریدا[٤٦].

---

44 رواه ابن أبي الدنيا في ((العقوبات)) (٥٢) بإسناد صحيح، و في رواية في ((طبقات ابن سعد)) (١٦٤/٧) و ((جمل من أنساب الأشراف)) للبلاذري (٣٩٤/٧) بإسناد صحيح، **حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێبێت ئەمەی فەرموە لە کاتێکدا بینیویەتی کە خەلکی هان دەدرێن بۆ دەرچون لە دژی، جوان وردبەرەوە لە پەیوەندی ئەم یاسایەو نەهی کردن لە شۆڕش گێڕان لەلای پێشین.**

45 رواه الترمذي (٢٢٢٠) بسند صحيح.

46 بڕوانە: بسند صحيح عن طاووس عند عبدالرزاق في ((الأمالي في اثار الصحابة)) (١٤) وابن أبي شيبة في ((الإيمان)) (٩٥) وابن سعد في ((الطبقات)) (٥٤٠/٥) واللالكائي في ((شرح أصول الاعتقاد)) (١٨٢٠)و(١٨٢١)، و بالسند الحسن عن الأعمش ومجاهد عند أبي الفضل الزهري في ((حديثه)) (٢٧٤)، وبالسند الصحيح عن الشعبي و الأجلح عند أبي الفضل أيضا (٢٧٥) وابن أبي شيبة في ((الإيمان)) (٩٧) واللالكائي (١٨٢٣) وصححه الألباني في تعليقه على ((الإيمان))، وعن إبراهيم النخعي عند ابن سعد (٢٧٩/٦) واللالكائي (١٨٢٠).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەهەرحاڵ،مەبەستمان لەمە ڕونکردنەوەی ئەوەیە کە کەمترین شت کە وتراوە دەربارەی حەجاج: ئەوەیە کە موسوڵمانێکی خوێن ڕێژ بوە، لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغەیان دەکرد شۆڕش کردن لەدژی، وە پۆزشی ئەوە دەهێنرایەوە کە حوکمڕانی ئەو سزایەکە لەلایەن خواوەیە بەهۆی تاوانی خەڵکیەوە، بۆئەوەی بەئاگا بێنەوە بۆ ئەو شتەی کە پێویستە لەسەریان ئەویش گەڕانەوەو تەوبەکردنە لەلای خوا، نەك چارەسەری شوێنەواری خراپەی خۆیان بکەن بە ڕوبەڕو بونەوە بەشمشێر، دەبا باش ئا لەمە ورد ببنەوە بانگەواز خوازانی بزوتنەوە حزبیەکان ئەگەر لەڕوانگەی ڕێبازو تێگەیشتنی پێشینەوە ئەبزوێن!

**الدانی** ڕیوایەت دەکات لە کتابی ((**السنن الواردة في الفتن**)) (٣٠٠) وە **ئیبن عەساکیر** لە ((تاريخ دمشق)) (٤٧٧/٣٩) لە **أبی الجلد الأسدی** کە تابیعییەکی خواپەرست بوە فەرمویەتی: ((**خوای گەورە دەسەڵات داری ئەوتۆ ئەنێرێت بۆ خەڵکی کە لایەق بە تاوانەکانیانن**)).

بەیهەقی بۆمان دەگێڕێتەوە لە ((الشعب))دا (٧٣٩٠) لە **إبراهيم بن حمش الواعظ** کە دەیفەرمو: ((**خوایەگیان بەهۆی تاوانەکانمانەوە خەڵکانێکت زاڵ کردوە بەسەرمانەوە کە نەدەمان ناسێت وەنە بەزەیی پێماندا دێتەوە**)).

**ئیبن قەیم** لە ((الداء والدواء)) (لاپەڕە٧٥-علي حسن)دا دەفەرموێت: ((**هەندێك لە پێغەمبەرانی بەنوئیسرائیل ئەیانڕوانیە ئەو خراپەیەی کە بوختنەصەر دەرهەقیان ئەنجامی دەدات، دوای فەرمویان: پەروەردگار بەهۆی تاوانکاری خۆمانەوە کەسانێکت کردوە بە دەسەڵات دار بەسەرمانەوە کە تۆ ناناسێت وە بەزەیشی بە ئێمەدا نایەتەوە.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وه بوختنەصەر بە دانیالی وت: چ شتێك وای كرد كە من دەسەلات بگرم بەسەر گەلەكەتدا؟ فەرموی: **گەورەی تاوانەكانت، وە ستەمی گەلەكەم لەخۆیان))**.

وە ابن الارزق لە ((**بدائع السلك في طبائع الملك**)) (١/٣٣٥)دا دەفەرموێت: ((پێویستە لەسەر خەلكی تێبینی ئەوە بكەن كە ستەمكاری فەرمان رەواو پیاوەكانی بەرهەمی كاروكردەوەی لادەری خۆیانە كە لایان داوە لە رێبازی راست و دروست، هەروەك پێشتر ئاماژە كرا بە مانای ئەو وتەیەیان: **چۆن بن هەرواش كاربەدەستان بۆ دادەنرێت**، وە هەربەمەش **ابن الجزار السرقسطي** وەلامی المستعین بن هودی دایەوە_كاتێك كە خەلكی هاتن سكالایان لەلا كرد لە دەست هەندێك لە كار بەدەستەكانی:

**ستەمتان دایە پال كاربەدەستانتان بێ خەبەریشن لە خراپەی كردەوەكانتان**

**ستەم مەدەنە پال ئەوان چونكە كاربەدەستانتان هۆی كردەوەكانتانن**

**سوێند بەخوا ئەگەر سەعاتێك دەسەلاتداربن نایەت بەخەیالتاندا دادپەروەر بن**

شێخ **محمد بن صالح العثیمین** لە وتاری دەیەمدا لە كتابی ((**الضیاء اللامع في الخطب الجوامع**))دا لەدوای باس كردنی هەندێك لە ژیاننامەی عومەر دەفەرموێت: ((**ئابەو شێوەیە بو رۆژگاری جێنشینەكان لە سەرەتای ئەم ئوممەتەدا كاتێك كە ژێر دەستە هەلدەسان بە جێبەجێ كردنی فەرمانەكانی خوا و ئەترسان لە سزایی و بەهیوای پاداشتی بون، بەلام كاتێك ئەو خەلكە گۆڕان و ستەمیان لە نەفسی خۆیان كرد گوزەران و بارو دۆخی سەردەستەش گۆڕا، وە چۆن بن هەرواش كاربەدەستان بۆ دادەنرێت))**.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وه **ئـيبن قـەيم** وتەيـەكی زۆر كاریگـەری هەیـە كـە لـەو وتەیـەی ئـەو كاریگـەرترم نـەبینیوە لـەلای زانایـان، ئەفـەرموێت ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت[٤٧]:

((جوان وردبەرەوە لە حیكمەتی خوای گەورە كە پادشایانی خاوەن دەسەلات بەسەر بەندەكانیەوە و فەرمان ڕەواو كاربەدەستانی بەوێنەی كـردەوەی خۆیـان بۆ داناون، وەك ئەوەی بلێی كە كردەوەكـانی خۆیـان لەسـەر شـێوەی فـەرمان ڕەواو كاربەدەستەكانیان دەركەوتوە، ئەگەر ئەوان چاك بن سەركردەكانیشیان چـاك دەبـن، ئەگـەر لایانـدا لەحـەق ئـەوانیش لادەدەن، ئەگـەر زولمیـان كـرد ئەوانیش زولم دەكەن، ئەگەر فڕوفێل دەركەوت لەناویاندا ئەوانیش فـڕوفێلاوی دەبن، وە ئەگەر مـافی خوایـان نـەداو و بـەخیلیان كـرد لـەوەی كـە خـوا پێـی بەخشیون ئەوا كاربەدەستانیشیان ئەو حەقـەی كـە هـی ئـەو خەلكەیـەو ئـەوەتا بەلای ئەمانەوە نایاندەنێ و بەخیلی تێـدا دەكـەن، وە ئەگـەر شـتێكیان بـرد لـە كەسێك كە بەلاوازو بێ دەسەلاتی دەزانن وە حەقیشیان نیە لەو شتەدا لـەكاتی كڕین و فرۆشتندا، دەسەلات دارەكانیـشیان هەلدەسـتن بـە لێسەندنەوەی ئـەو شتانەی كە هی خۆیان نیەو حەقی ئەوانی تێدا نیە وە سـەرانەیان لێدەسـەنێت و كاری قورسیان بەسـەردا دەدات، وە هـەمو ئـەو شـتانەی كـە لـە چنگی بـێ دەسـەلاتەكان دەری دەهێـنن سـەركردەكانیان لـەجنگیان دەری دەهێننـەوە بـە زەبـر، لێپرسـراوەكانیان وە دەركـەوتون لـە شـێوەی كردەوەكانیانـدا، وە لـە حیكمەتی خوایی نیە كە كەسانێك بكات بە فەرمان ڕەوا بەسەر خراپەكاران و تاوان باران كەسانێك نەبێت كە لەهاوشـێوەی خۆیـانن، وە لەبـەر ئـەوەی كـە

---

[47] مفتاح دار السعادة (١/٢٥٣).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

سەدەی یەکەم باشترینی سەدەکان بون و لەهەمویان چاکە خوازتر بون فەرمان ڕەواکانیشیان هەروابون، بەلام کاتێ خراپ بون و کەوتنە ستەمکردن ئەوانیش وایان لێهات، هەربۆیە حیکمەتی خوایی ڕێ نادات کە خەلکانێك ببن بە سەرکردەمان لەم زەمانەدا بەوێنەی موعاویەو عومەری کوڕی عەبدول عەزیز بن جاچجای ئەبوبەکرو عومەر، بۆیە پێشەواکانمان بە ئەندازەی خۆمانن، وە پێشەوایانی پێش ئێمە بە ئەندازەی خۆیان بون، وە هەردو شێوەکەش ڕەندانەوەی حیکمەتەو لەخۆگریەتی، وە هەر کەسێك زیرەك و ورد بێت ئەگەر گەشتێك بە بیرو بۆچونیدا بکات بەناو ئەم باسەدا ئەوا بە جوانی بۆی دەردەکەوێ حیکمەتی خوایی لە هەمو قەزاو قەدەرەکاندا ئەوەی کە دیارەو ئەوەشی کە نادیارە، بەهەمان شێوەش لە دروست کراوەکانی و فەرمانەکانی بەیەکسانی، دەکەوایە وریابە گومان نەبەیت بەو گومانە خراپەت کە وابزانی شتێك هەیە لە قەزاو قەدەری خوایی هیچ حیکمەتێکی تێدا نیە، بەلکو هەمو قەزاو قەدەرێکی خوایی ڕو دەدات بە تەواوترین شێوەو تەواترین حیکمەت و ئەوپەری ڕێك و پێکیە، وە بەلام عەقلە لاوازەکان بەربەست کراوە بەهۆی لاوازیی خۆیەوە لە تێگەیشتنی هەروەك چۆن چاوە شەمشەمە کوێرینەکان بەربەست کراوە بەهۆی لاوازی خۆیەوە لە بینینی ڕوناکی خۆر، وە ئەم عەقلە لاوازانە ئەگەر توشی بەتالێك ببێت ڕۆدەچێت تێیداو دێت و دەچێت و دەربارەی دەدوێت و قسەدەکات، هەروەك چۆن شەمشەمە کوێرە ئەگەر توشی تاریکایی شەوبێت ئەفرێت تێیداو دێت و دەچێت.

**وەکو شەمشەمە کوێرەکان ڕۆژیان لێبوە بە شەو**

**پەیوەست و دلێ خۆشن بەتاریکی شەو**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەربۆیە هەلەیەکی ڕون و ئاشکرایە کە چارەسەری ستەمی کاربەدەستی موسولمان بکرێت بە شۆڕش گێڕان و یاخی بون لێیان، بەلکو لە تەواوی دانای و حیکمەتی شەریعەتە کە داوای گوێڕایەلی کردنی کردوە ئەگەر ئەو کاربەدەستە فەرمانی بە تاوان نەکرد، وە ئەگەر فەرمانی بە خراپە کرد ئەوا شەرعی نیە گوێڕایەلی کردنی، هەروەك چۆن شەرعی نیە یاخی بون لێی، هەتا ئەگەر هاتو لە ناخی خۆیدا کەسێکی خراپەکارو تاوانبار بو، موسلیم بۆمان دەگێڕێتەوە (١٨٤٧) لە حوزەیفەوە ڕەزای خوای لێبێت کە پێغەمبەری خوا (ﷺ)فەرمویەتی: ((**لەدوای من پێشەوایانێك دێن لەسەر ئەو ڕێگاو ڕێبازو هیدایەتە نین کەمنی لەسەرم، وە شوێن ئەو سوننەتە ناکەون کە منی لەسەرم، وە پیاوانێکی وایان تێدا هەلدەکەوێ کە دلەکانیان دلی شەیتانە لە جەستەی مرۆڤدا،** فەرموی: وتم: چی بکەم_ئەی پێغەمبەری خوا_ئەگەر کەوتمە ئەو ڕۆژەوە؟ **فەرموی: گوێ بیست و گوێڕایەلی سەرکردە دەبیت، ئەگەر لێشی دایت و مالەکەشی بردی گوێڕایەلی بکە و سەرپێچی نەکەیت**)).

**محمد حقی** لە تەفسیرەکەیدا دەربارەی ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنكُمْ ﴾النساء: ٥٩، واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە گوێڕایەلی خوای گەورە بکەن و گوێڕایەلی پێغەمبەریش(ﷺ) بکەن وە ئەوانەش کە سەرپەرشتی کارو بارتان دەکەن، دەلێت: ((چاك بزانە کە سەرپەرشتیاران بەوشێوەیە دەبن بەپێی کردەوەی ژێردەستەکانیان و بارودۆخ و چاکی و خراپەیان، وە ڕیوایەت کراوە کە بە حەجاج وتراوە: بۆ دادپەروەر نابیت وەکو عومەر لەکاتێکا کە تۆ خیلافەتی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەوت بینیوە؟! ئایا دادپەروەری و چاکە خوازی ئەوت نەبینیوە؟! ئەویش لەوەلامیاندا وتی: **ئەبو زەری بن_واتە وەکو ئەبو زەر بن لە دونیا نەویستی و لەخوا ترسی_ئەبم بە عومەر منیش، واتە هەلس و کەوتتان لەگەل دەکەم وەکو هەلس و کەوتی عومەر لە دادپەروەری و بە ئینصافیدا))**.

کەواتە دەرچون و یاخی بون_حالیش ئەو حالەیە کەباسم کرد_ بونی نەمانە، بەلکو دوارۆژی پەشیمانیە، وە ئەمەش جێگەی خۆیەتی بۆ ئەو بابەتەی کە باسمان کرد ئەگەرچی ئاماژەشم پێکردبو بە ئاماژەیەکی ورد.

## گۆڕانکاری لە سیستەمی دەسەلاّت بەهۆی گۆڕانکاری بارودۆخی خەلّکی:

ئوممەتی ئیسلامەتی لەپێشدا یەك دەولەت بو هەر لە کەنداوی ئەتلەسیەوە هەتا پشتەوەی دورگەی عەرەبی، بەلکو گەیشتبوە باشوری فەرەنساش، پاشان تاوان کردن لێکی ترازانن هەتا ڕاخەری مولك و دەسەلاتیان پێچرایەوە، وە سێبەری هێزو دەسەلاتیان چویەوە یەك، وە ئەو شانشینە گەورەیەی کە هەیان بو بوبە چەند هەرێمێکی پارچە پارچە، لەهەر هەرێمەو فەرمان ڕەوایەك هەبو کە هیچ حسابێکی بۆ ئەوەی تر نەدەکرد، وە سوێندیان خواردوە بە خوا کە هەندێکیان فێل و پیلان بۆ ئەوانی تر بنێنەوە، بەلکو ئەو سیستمی حوکمەی کە هەیانە خۆی بۆخۆی ئەو دوبەرەکیەی کە هەبو قولی کردەوە بۆ دوبەرەکی دروست بون لەنێوان دلەکاندا، وە ئیبن خەلدون هۆشداری ئەوەی داوە لە کتابی ((**المقدمة**)) (٣٧٤/١)دا کە سیستەمی فەرمان ڕەوای کردن لەناو موسولمانانداندا بەردەوام بەدوای ئەو ڕێگرەوە بوە کە بەهێز بوە لەلایان، هەربۆیە کاتێ ڕێگری بەهێز لەلایان ئاین بو حوکم لەناویاندا جێنشینایەتیەکی بەرچاو ڕون و ژیرانە بو، وە کاتێ بەنوئومەیە هاتنە سەرحوکم ڕێگری



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەمارگیری قەومی زۆرتر بو تارادەیەك دەسەلات گۆڕا لە خەلافەتەوە بۆ مولکایەتی و مەلیکی، هەرچەندە مولکایەتیش دروستە لەگەل ئەوەی کە خەلافەت تەواوتر و باشترو بەرێزترە، وە ئەو مەلیکایەتیەی ئەوان رەحمەت بو چونکە ئەوان هێشتا خەیرێکی زۆریان تێدا مابو لە روانگەی رێگری دینیەوە، لەگەل ئەوەشدا لاوازیەك کە زیاترگەرانەوەیە بۆ رێگری دەمارگیری هاتبوە ناویانەوە، وە دەفەرموێت رەحمەتی خوای لێبێت: ((وە نابێت عەیبەی ئەوە بدرێتە پالیان کە کورو برای خۆیان پێش خستوە بەسەر خەلکیدا بۆ دەسەلات، وە دەرچونیان لە رێگەی چوار خەلیفەکە لەو کارەیاندا[48]، چونکە

[48] مەبەستی ئەوەیە کە نابێت تۆمەت بار بکرێن لەوەدا کە سەرپەرشتی کردنی یەك لەدوای یەکیان هەلبژاردوە کە پێشی دەوترێ: سیستەمی پادشایەتی، چونکە سیستەمی پادشایەتی _هەرچەندە وەکو سیستەمی خەلیفایەتی نیە_هەردروستە، ئەوەتا خوای گەورە ناوی زۆرێك لە دەسەلات دارە چاکەکانی_لەناویشیاندا هەندێك لە پێغەمبەران_بە پادشا ناو بردوە لە زۆرێك لە ئایەتەکاندا، وە هیچ زیانێکی تێدا نیە کە پادشا دەسەلاتەکەی بسپێرێت بە یەکێك لە خزمەکانی ئەگەر ئەو کەسە شایەنی ئەو دەسەلاتە بێت، بەلام زیانەکە لەوەدایە کە کە بدرێت بە کەسێك گونجاو نەبێت بۆ ئەو بەرپرسیاریەتیە ئیتر ئەگەر هاتو لە خزمانی نزیك بێت یان کەسانی دور، هەروەکو ئەوانەی کە بە دزین دزییان و دوایی بەمیرات دایان بە نەوە خراپەکارەکانیان، وە یەکێك لە شتە سەرسورهێنەرەکانی ئەم سەردەمە ئەوەیە کە زۆرێك لە سەرکردەکانی بانگەوازە بزوتنەوەییەکان ئینکاری فەرمان رەوای پشتاو پشت دەکەن لەگەل ئەوەی زانایان کۆدەنگن لەسەر دروستێتی هەروەك باس کراوە لە کتابی ((الأحکام السلطانیة))ی ماوردی (لاپەرە١١)، کەچی سیستەمی دیموکراتی کە دژوارە لەگەل شەریعەتدا هەر لە بنەرەتەوە بەدروستی دەزانن!! بەلکو تێیاندا هەیە کە داوای دەکات بەگومانی ئەوەی پێویستیەکی سەردەمەو گونجاوترین حوکمە لەم سەردەمەدا بەهۆی ئازادی بانگەشە کردنەوە، بەبێ گوێ دان بەوەی کە ئەو کارەیان دەیانخاتە ژێر دروشمی ئەو قسەیەیان کە دەلێت: مەبەست



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاست و بارودۆخی ئەوان جیاوازە لەگەل ئەو خەلیفانە، ئەوان واتە خەلیفەكان لە سەردەمێكدا ژیابون كە هێشتا سروشتی مولكایەتی پەیدا نەبو بو، وە هەر كەسەو لەناخی خۆیدا ڕێگرێكی دینی هەبو، وە ئەو بەرپرسیاریەتیەیان سپارد بەو كەسەی كە دین لێی ڕازیە بەتەنهاو وە پێشیان ئەخست بەسەر كەسانی تردا، وە هەمو ئەو كەسانەیان ئەكرد بە سەرپەرشت كە ئەو ڕێگرە لەبەرچاو بگرێ، وە بەلام ئەوانەی كە لەدوای ئەمان هاتن لە موعاویەوە دەمارگیری بالی كێشابو بەسەر دەسەلاتدا، وە ڕێگری دینی لاواز بو بو وە پێویست بو ڕێگری دەسەلات بێتە ئاراوە لەگەل ڕێگری دەمارگیرایەتی، خۆ ئەگەر ئەو دەسەلاتە بدرایەتە كەسێك كە دەمارگیریەتی لێی ڕازی نەبێت ئەوا ئەو سپاردەیە ڕەت دەكرایەوە و وە ئیشەكەی زو هەلدەوەشایەوە و وە ئەو كۆمەل بونەیان بەرەو پارچە پارچە بون و دوبەرەكی دەڕۆیشت، پیاوێك لە عەلی پرسی ڕەزای خوای لێبێت: (ئەوە چیە موسولمانان دژوارن لەگەل تۆ، كەچی دژوار نەبون لەگەل ئەبو بەكر و عومەر؟ فەرموی: **چونكە ئەبو بەكرو عومەر سەرپەرشتیار بون بەسەر هاوشێوەی منەوە، وە من ئەمڕۆ سەرپەرشتیارم بەسەر هاوشێوەی وەكو تۆوە!**)، ئاماژە بە ڕێگری دینی دەكات، ئایا نابینی مەئمون كاتێك ڕاسپاردەی كرد بۆ عەلی كوڕی موسای كوڕی جەعفەری صادق وە ناوی نا

---

**پاسەوە بۆ هۆكار (الغاية تبرر الوسيلة)، بەلكو هەیانە هەمو هیوای بەوەدا هەلواسیوە، وە ئەو ڕێگایانەی كە پێغەمبەران گرتویانەتە بەر لێی تەسك بونەتەوە و بە تەسكیان دەزانێ هەتا وای لێهاتوە كە زەردەخەنەو دل خۆشی دەیگرێ هەرجارێك كە بانگ دەكرێت بۆ ئەم سیستەمە نامۆیە بە ئیسلام ئەویش بەهۆی خۆش ویستنی دەسەلات وەرگرتن و داواكردنی مال و سامان و دەسەلات، وإنا لله!!**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

(**الرضا**) چۆن عەباسیەکان ئینکاری ئەو شتەیان کرد؟! وە ئەو پەیمانەیان هەلوەشاندەوە و پەیمانیان دا بە مامی مەئمون کە ناوی ئیبراهیمی کوڕی مەهدی بو، وە کوشتارو دوبەرەکی و چەتەیی و شۆڕش کردنی یەك لەدوای یەك و خەواریج سەری هەلدا کە خەریك بو ئەو دەسەلاتە لەڕەگ و ڕیشەوە دەربهێنن، هەتا مەئمون دەست پێش خەری کرد لە خوڕاسانەوە هەتا بەغداد وە گێڕانیەوە بۆ ژێر دەسەلاتی خۆی، کەواتە پێویستە بۆ ئەو ڕاسپاردەیە ئەو شتانە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە سەردەمەکان دەگۆڕێن بەپێی ئەو گۆڕانکاریانەی کە ڕوو دەدات لە کارو بارو هۆزو دەمارگیرایەتیەکان، وە دەگۆڕێت بە هۆی گۆڕانکاری بەرژەوەندیەکان، وە بۆ هەر یەکێك لەوانە حوکمێکی تایبەت بەخۆیەوە هەیە، ئەوەش لە چاودێری و بەزەیی خوای گەورەوەیە بە بەندەکانی.

بەلام ئەگەر مەبەست لەو ڕاسپاردەیە پاراستنی میرات بێت بۆ نەوەکان ئەوە ئەو کارە مەبەستێکی شەرعی و دینی نیە، چونکە ئەو بابەتە کە دەسەلاتە بڕیارێکە لەلایەن خواوە تایبەتی ئەکات بەکام لە بەندەکانیەوە کە خۆی ویستی لەسەر بێت، هەربۆیە پێویستە کە نیەت و مەبەست تێیدا چاك بێت ئەوەندەی کە بتوانرێت ئەویش لەترسی یاری کردن بە پۆستە ئاینیەکان، وە مولك و دەسەلاتیش هی خوایە ویستی لەهەر کەسێك هەبێت ئەیداتێ)).

وە هەر بەوشێوەیەیە کە مولکی تەواو بۆ ئەوانەیە کە تەواون، وە ناتەواویش بۆ ئەوانەیە کە ناتەواون.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

## گۆڕانی پایتەختی خەلافەت بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی خەلکیەوە:

هەروەکو چۆن سیستەمی حوکم دەگونجێ بگۆڕێت بەهۆی گۆڕانی حالی خەلکیەوە، بەهەمان شێوە دەگونجێ پایتەختەکەشی بگۆڕێت بەو هۆیەوە، بەتایبەت ئەگەر هاتو ئەو شوێنە خاوەنی ڕێزێکی تایبەتمەند بو، هەربۆیە ئیبن تەیمیە ئاماژەی بەوە داوە کە تاوان خاوەنەکەی دەردەکات لە شوێنی چاکەوە بۆ شوێنی تر، چونکە تاوانەکان ئەبێتە هۆی ڕسواکردنی، بۆیە شوێنی ڕیسوای بۆی گونجاوە، وە هەر کەسەوەو بەپێی خۆی، بەنو ئیسرائیل کە لەوپەڕی هێزو دەسەلاتدا بون خۆیان ڕسواکرد بەهۆی سەرپێچی کردنیان بۆ پەروەردگاریان، هەروەکو حالی ئەوانەی کە بێ گوێیان کردو نەجەنگان لەدژی زلهێزەکانی زەوی پیرۆز کە (قودسە)، خوای گەورەش حەرامی کرد لەسەریان کە بگەڕێنەوە بۆ ولاتی خۆیان، بەلکو حەرامی کرد لەسەریان کە هیچ زەویەك بیان گرێتە خۆی، وە لێیان گەڕا بۆ ماوەی چل سالْ لەسەر زەوی ون بون و هیچ شوێنێکیان بۆ نەدەدۆزرایەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ ﴾المائدة: ٢٦، واتە: خوای گەورە فەرموی چونە ناو ئەو زەویە پیرۆزەوە حەرامە لەسەریان بۆ ماوەی چل سال دەبێت بێن و بچن بەبێ ئەوەی هیچ شوێنێك بدۆزنەوە، تۆش هەرگیز دلگران مەبە بۆ گەلێك کە خراپەکار و تاوانبار بن، وە کەسی ئەوتۆیان تێدا هەبو کە شایەنی ئەو ڕسواکردنە نەبون بە شێوەیەکی گشتی بەلام ئەوان کاتێك سەرپێچییان کرد دابەزێنران لە مەنزلگەی خۆیان بۆ شوێنی نزمتر بۆئەوەی هەندێك لە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

تالاوی کارەکانی خۆیان بچێژن، ئادەم سەلامی خوای لێبێت وەدەرنرا لە مەنزلگەی ڕێزو بەرزیەوە لەدوای تاوانەکەی وە پەروەردگاری نەیگێڕایەوە بۆ بەهەشت هەتا پاك نەبێتەوە پشتی کە نەوەکانی تێدایە ئەوانەی کە بەکەلکی نیشتەجێ بون نایەن تێیدا، ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت لە ((مجموع الفتاوى)) (١٤/١٦٠)دا: ((خوای گەورە ئادەم و هاوسەرەکەی نیشتەجێ کردبو لە بەهەشتدا وە پێی فەرمون: ﴿وَكُلَا مِنْهَا رَغَدًا حَيْثُ شِئْتُمَا وَلَا تَقْرَبَا هَٰذِهِ ٱلشَّجَرَةَ فَتَكُونَا مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٣٥﴾ فَأَزَلَّهُمَا ٱلشَّيْطَٰنُ عَنْهَا فَأَخْرَجَهُمَا مِمَّا كَانَا فِيهِ ۖ وَقُلْنَا ٱهْبِطُوا۟ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ﴾البقرة: ٣٥ - ٣٦، واتە: ئەی ئادەم و حەواء هەرچی نازو نیعمەت هەیە لەناو بەهەشتدا بەکاری بهێنن و لێی بخۆن بەهەمو جۆرەکانیەوە، بەلام نزیکی ئەم درەختە نەکەونەوە، ئەمەش تاقی کردنەوەی خوایی بو بۆیان، خۆ ئەگەر بچن بەلایداو لێی بخۆن ئەوا سەرپێچی فەرمانی منتان کردوەو ئەچنە ڕیزی ستەمکارانەوە، بەلام شەیتان بەردەوام لە هەولی فریو دانیاندا بو وە وای نیشان دەدا کە کەسێکی دلسۆزە بۆیان وە ئەو کارەی بۆ ڕازاندبونەوە، هەتا توشی تاوانەکەی کردون و لە درەختەکەیان خوارد، خوای گەورەش لە بەهەشت دایبەزاندن بۆ زەوی، وە لەو ڕۆژەوە دوژمنایەتی نێوان ئادەم و نەوەکانی بۆ ئیبلیس و نەوەکانی دەستی پێکرد، هەربۆیە هەرچی دوژمنکاری کە هەیە لە نێوان نەوەکانیاندا هەروەها ئەو بەلاو نارەحەتیانەی کە هەیە هەتا ڕۆژی قیامەت و وە لەناو ئاگری دۆزەخیشدا هۆکارەکەی تاوان و سەرپێچی کردنی خوای گەورەیە، مرۆڤ ئەگەر بەردەوام بێت لەسەر گوێڕایەلی کردنی خوا لەناخ و ڕوکەشدا ئەوا لەناو نازونیعمەتی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئیماندا دەبێت، وە زانستی بەسود ڕوی تیٚ دەكات لە هەر چوار دەوریـیـەوە وە ئەو كەسە لە ناو بەهەشـتی دونیـادا دەژی هـەروەك كـە هـاتوە لـە فـەرمودەدا: **(ئەگەر تێپەڕین بـە لای باخـەكانی بـە هەشـتدا ئـەوا خۆتـان تێـر بكـەن لـە نیعمەتەكانی ناوی،** وتیان: باخەكانی بەهەشت كامانەیە؟ فەرموی: **كۆڕبەستی عیلم و زانسته)**[49]، وە فەرمویەتی: **(نێوانی ماڵەكەم و مینبەرەكەم باخێكـە لـە باخەكانی بەهەشت)**[50]، وە ئەو كەسە لەو شوێنانەدا لەناو باخەكانی زانست و ئیمانـدا دەبێـت، وە هەرچـەند دڵی لـەیادی خـوا و خۆشویـستنی و گوێڕایـەڵی كردنیدا بێت ئەوا پەیوەست دەبێت بە جێگەی بەرزو بڵندو بەردەوام لە بلندیدا دەبێت هەتا بەوشێوەیە بێت، وە كاتێك تاوانی كرد ئاستی دڵی دادەبـەزێت بـۆ نزمایی، وە بەردەوام لە دابەزیندا دەبێت هەتا بەو شـێوەیە بێـت وە دوژمنایـەتی ڕوو دەدات لەنێوان خۆیی و هاوشێوەیدا)).

وە لـەم قـسانەی كۆتایـدا سـەرنجێكی وردی تێدایـە، وە شـیخ الاسـلام ڕونـی كردوەتەوە كە كەسی گوێڕایەڵ ئەوەندە خۆشی دەبینیٚ بە وێنەی ئەو كەسـەی كـە خۆشـی دەبینـیٚ كـە لـەناو بەهەشـتی دونیادایـە، كـە ئـەویش بریتیـە لـە خۆشیەكانی دڵ بە هۆی ئیمان و هۆكارەكانیەوە، وە شێخ كۆڕبەستی زانست و باخچەی مزگەوتی پێغەمبەرایەتی بە نمونە هێناوەتـەوە، وەك ئـەوەی كـە ئـەو كەسە چوەتە ناو بەهەشتەوە، جوان لەمە ورد بەرەوە!

---

[49] رواه الترمذي (٣٥١٠)، و حسنه العلامة الألباني في ((الصحيحة)) (٢٥٦٢).

[50] رواه البخاري (١١٩٥) ومسلم (١٣٩٠).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە هـەروەها فەرمویـەتی ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت (٤٣٧/٢٧): ((وە خـەلکی مەدینە لە سەردەمی خەلافەتی ئـەبو بـەکرو عومـەر و بەشـێکیش لـە خەلافـەتی عوسمان لە باشترین بارودۆخدا بون لـە کـارو بـاری دونیـا و دوارۆژدا بـەهۆی گوێڕایەلی کردنی پێغەمبـەرەوە(ﷺ)، پاشـان گۆڕانکاریـان تێکـەوت بـەهۆی کوشتنی عوسمانەوە ڕەزای خوای لێبێت، وە خەلافەتی پێغەمبەرایەتی لەناویانـدا دەرچو وە بون بە ژێردەستەی خـەلکانی تـر، وە پاشـان هەنـدێکی تـر گـۆڕان هەتا ئەوە بو سالی (الحرە)یان بەسەردا هات کە توشی کوشتار و تالانی و زۆر بـەلاو نارەحـەتی هـاتن کـە پێشتر بـە سـەریاندا نـەهاتبو، وە ئـەوەی کـە ئـەو کارەساتەی بەسەر ئەواندا هێنا_ باستەمکارو خراپـەکاریش بێـت_ئـەوا لەوانـە ستەمکارتر نیە کە دژایەتی پێغەمبەرو (ﷺ) و هاوەلەکانی دەکـرد، وە خـوای گەورەش دەفـەرمویت: ﴿أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡ﴾آل عمران: ١٦٥[51].

---

[51] مەبەستی دلنیا کردنەوەی ئەوەیە کە خوای گەورە دەگـونجێ خراپـەکاران بالادەسـت بکـات بەسەر چاکەکاراندا بەهۆی تاوانـەکانی کەسـانێکەوە، وە ئەوەشـی کـە ڕویـدا بەسـەر خـەلکی مەدینەدا لە شەڕی (الحرە) بەهۆی هەمان شتەوە بو، وە نابێت بەلامانـەوە جێگـەی سەرسـوڕمان بێت، بە بەلگەی ئەوەی کە خوای گەورە سزای ئەوانەی دا کـە سەرپێـچی پێغەمبـەری خوایـان کرد (ﷺ) لە جەنگی ئوحوددا_لـەگەل ئەوەی ئەو موسـولمانانە لـە موسـولمانانی (الحـرە) باشـتر بون_ بە هاوەل دانەرەکان کە گومانی تێدا نیە خراپتربون لـەو جەیشەی کە هێرشـی کـردە سـەر (الحرە)، لەم ڕوانگەیەوە جێـی سەرسـوڕمان نیـە کـە بێباوەڕەکـان زال بـبن بەسـەر موسـولمانانی تاوانباری ئەمڕۆدا، با خەلکانی حزبیش چاوپۆشی بکەن لە ئاست ئەم ڕاستیەدا!



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وه پێغەمبەری خوا(ﷺ) و هاوەڵانی لەناو مەدینەدا نێژرابون، وه هەروەها لە شامیشدا خەڵکی ئەو شوێنە لە سەرەتای ئیسلامدا لەناو خۆشیەکانی دین و دونیادا بون، پاشان فیتنەو ئاژاوە ڕویدا و وە مولك و دەسەلات لەژێر دەستیاندا دەرچو، وه پاشان دوڕوەکان و بێدینەکان و گاورەکان زاڵکران بەسەریاندا بەهۆی تاوانیانەوە وه دەستیان گرت بەسەر قودس و گۆڕی ئیبراهیم و وه ئەو خانوەی کە بەسەریەوە دروست کرابو کردیانەوە و وه کردیان بە کەنیسە، پاشان دینداریان بەرەو چاکی ڕۆشتو باش بون وه خوای گەورە پلەو پایەی بۆ گێڕانەوە و سەری خستن بەسەر دوژمنەکانیان کاتێك گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەیان (ﷺ) کردو وه شوێن ئەو دینە کەوتن کە خوا بۆی ناردونەتە خوارەوە، وه گوێڕایەڵی کردنی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) جەمسەری خۆش گوزەرانیەو وه مانەوەشی هەر بەوەوە پەیوەستە،

﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقًا﴾ النساء: ٦٩،

واتە: هەرکەسێك گوێڕایەڵی خوای گەورەو پێغەمبەرەکەی(ﷺ) بکات، ئەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەبێت کە خوای گەورە نیعمەت و بەخششەکانی خۆی بەسەردا ڕشتون لە نێردراوان و ڕاستگۆیان و شەهیدەکان و پیاو چاکان، وه ئەوانە هاوڕێ و هاودەمی چاکن بۆ مرۆڤ، وه ئەو پەڕی بەختەوەریە کە مرۆڤ هاودەم و هاوەڵی ئەوانە بێت، وه پێغەمبەر(ﷺ) بەردەوام لە ناو وتارەکەیدا دەیفەرمو: **هەرکەسێك گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بکات ئەوە بە دڵنیایەوە هیدایەتی وەرگرتوەو کەسێکی ژیرە، وه هەرکەسێك سەرپێچییان**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**بکـات ئـەوە تـەنها زیـان بـەخۆی دەگەیـەنێت وە هـیچ زیانێـك بـە خـوا ناگەیەنێت))**.

وە **سـەمورە** ڕەزای خـوای لێبێـت پێـشتر ئـەو بابەتـەی تەتەڵـە کـردوە، ئـیبن عەسـاکیر بۆمـان دەگێڕێتـەوە لێـی (٤٨٣/٣٩) کـە فەرمویـەتی: ((**بـە ڕاسـتی ئیسلام لەناو قەلایەکی زۆر تۆکمەو قایمدا بو، وە ئەو خەلکە درزێکیان کردە ئیسلامەوە بە کوشتنی عوسمان، وە ئەو زامەیان زۆر بە قـولی بـڕی، وە ئـەو درزەش پڕ ناکەنەوە هەتاوەکو ڕۆژی قیامەت، وە خەلکی مەدینە خەلافـەت لەناو خۆیاندا بو وە هەر خۆیان بردیانە دەرەوە وە بۆشیان نەگەڕایەوە))**.

## گۆڕانی بەڕێوەبردنی سیاسی بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی خەلکیەوە:

شێخ **محمد عبدالرزاق حمزە** ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ((**ظلمات أبي رية**)) (لا١٧٩)دا دەفـەرموێت: ((گـوێم لـە یـەکێك لـە مامۆسـتاکانمان بـو ئـەویش مامۆستا **عبیداللـه السندی** بـو ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت دەیفـەرمو: خەلافـەتی ڕاشـدین درێـژەوە بـوی سـەردەمی پێغەمبەرایـەتی و تـەواو کـاری ئـەوەبو کـە پێغەمبەر(ﷺ) دەستی پێکردبو کە بریتـی بـو لـە تۆکمـەکردن و دامەزرانـدنی تواناو هێزی ئیسلام.

وە لە سەردەمی ئومەویەکاندا شاو وەزیر لە عەرەب بون.

وە لە سەردەمی عەباسیەکاندا شا عـەرەبی بـو وە وەزیرەکـان لـە عەجـەم بون.

وە لە سەردەمی تورکە عەسمانیەکاندا شاو وەزیرەکان لە عەجەم بون.

هەربۆیە سەردەمی شاو وەزیـرە عەرەبـەکان باشـترینی سـەردەمەکان بـون لەدوای سەردەمی پێغەمبەرایەتی و خەلافەی ڕاشدی، بۆیە دەبینین ڕقـی بێـچوە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کافرەکانی فارس و جولەکەو ڕافیزە زۆر زۆر بوبو، وە کۆمەڵێکی زۆر لە درۆ و پڕوپاگەندەیان دروست کردبو بۆ ناشرین کردن و تێکدانی سومعەی ئەمەویەکان، کە سەردەمی ئومەویەکان ئەو سەردەمەیە کە کاروباری ئیسلامەتیان گرتە دەست لە دوای خەلافەتی ڕاشدی و وە پەرەیان پێداو بلاویان کردەوە لە ڕۆژهەلاتەوە بەرەو هندو صین، وە لە ڕۆژئاواوە بەرەو دەریای ئەتلەنتی و باشوری فەرەنسا، وە هەر لەو سەردەمەدا ئەدەب و هونەرە عەرەبیەکان و زانستە ئیسلامەتیەکان گەشەی کرد، وە یەکێك بو لە هەرە سەردەمە پەرەسەندوەکان لەدوای سەدەی ڕاشدین)).

وە با هیچ کەسێك گومانی ئەوە نەبات دەربارەی ئەم قسەیە کە ئەم مامۆستایە هەوەسی نەفامی یاخود دەمارگیری ڕەگەزو قەومایەتی تێیدا بەرجەستە بوە، چونکە خۆی عەرەب نیە، پاشان ئەو مەبەستی وریایی دانە لەسەر لە پێشتری ڕەگەزی عەرەب بەسەر ئەوانی ترەوە، هەروەك موسلیم ڕیوایەتی کردوە (٢٢٧٦) لە **واثلة بن الأسقع** کە فەرمویەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بو دەیفەرمو: ((**خوای پەروەردگار کینانەی هەلبژارد لەناو نەوەکانی ئیسماعیلدا، وە قوڕەیشی هەلبژارد لەناو کینانەدا، وە لەناو قوڕەیشدا بەنی هاشمی هەلبژارد، وە منی هەلبژارد لەناو بەنی هاشمدا**))، وە زانراویشە کە جیاکردنەوەو پەسەندکردن بەهۆی ڕەگەزەوە ڕێگر نیە لەوەی کە ئەو پەسەندکردنە هەندێك لەوانە نەگرێتەوە کە لەو ڕەگەزەن، دەگونجێ هەندێك لە عەجەم لەپێشترو چاکترین لە هەندێك عەرەب بەتەقوا، وە لە ڕوانگەیەکی تریشەوە خوای گەورە فەرمانی داوە بەوەی کە عەرەبی قوڕەشی پێش بخرێت بەسەر عەرەبەکانی تردا لە خەلافەتدا، بەتایبەت کە ئەگەر خەلکی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەڕوی تەقواوە لەیەکەوە نزیك بون، لەبەرئەوەی ئەوە مافێکە لە زانستی خوای گەورەدایەو وە بەوانی داوە، هەروەکو ئەو ڕیوایەتەی کە بوخاری (٣٥٠١) و موسلیم (١٨٢٠) بۆمانی دەگێڕنەوە لە ئیبن و عومەرەوە کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((**بەردەوام ئەم دەسەلات و مولکە لەژێر دەستی قوڕەیشدا دەبێت هەتا ئەگەر دوو کەسیشیان لەسەر زەوی بژین**))، وە خواش دروستکاری هەمویانە وە لەهەمو کەس زاناترە بەوەی کە دروستی کردوە وە ویستی لەسەر هەرچیەکیش بێت دەیکات هەروەك دەفەرموێت: ﴿**وَرَبُّكَ يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَيَخْتَارُ مَا كَانَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ سُبْحَانَ اللَّهِ وَتَعَالَى عَمَّا يُشْرِكُونَ**﴾القصص: ٦٨، واتە: پەروەدگاری تۆ هەرشتێك کە ویستی لەسەر بێت دروستی دەکات وە ئەو دروستکاری هەمو بونەوەرە وە ئەو خوایە خۆی بڕیار دەدات لەوەدا کە کێ هەلبژێرێت ئیتر ئەو هەلبژاردنە بۆ مرۆڤەکان بێت یاخود شوێن و کات و مەکان، وە هیچ کام لەو دروستکراوانە هەلبژاردن لەدەستی خۆیاندا نیەو شەریکی خودا نین لەوەدا کە توانای هەلبژاردنیان هەبێت، وە خوای گەورە بەرز بلندو و بێ شەریك و هاوەلە و بەریە لەوشتانەی کە کراوە بە پەرستراو لەگەل ئەودا، وە لەڕوانگەی سێەمەوە مەترسی ئەوە هەیە دەربارەی موسلمانە عەجەمەکان (غەیرە عەرەبەکان) _ ئەگەر بەباشی موسلمان نەبون_ کە دەمارگیری بنەچەو قەومایەتی بورووژێت تێیانداو بەرەو ڕق لێبونەوەی عەرەب بیان بات و پاشان ڕقیشیان لە ئیسلام ببێتەوە، وە ئەو ئەزمونە بینراوە لە مێژودا، وە لەنێوان عەرەب و ئیسلامدا تەبایی و تێك هەلکێشانێك هەیە کە زانراوەو دیارە، وە چەند جار دەمارگیری



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

نەتەوایەتی وای لە گەلانێك كردوە كە دژایەتی زمانی عەرەبی بكەن وە پاشان دژایەتی ئیسلام لەبەر ئەو نزیكیەی عەرەب و ئیسلام لەیەكەوە كە باسمان كرد، وە موسلیم بۆمان دەگێڕێتەوە لە مالكی ئەشعەریەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی: ((**چوار شت هەن لەناو ئوممەتەكەم كە هی سەردەمی نەفامی پێش هاتنی ئاینی ئیسلامن وە وازی لێ ناهێنن: شانازی كردن بە بنەماڵەوە و بنەچەوە، وە تانەدان و گاڵتە كردن بە ڕەچەلەكی یەكتری، وە چاوەڕێی باران بارین بەهۆی ئەستێرەكانەوە، وە شین و ڕۆڕۆ كردن لەسەر مردو**))، وە دیاریشە كە گەلانی تر كۆمەڵێك دابونەریتیان هەیە بگرە كۆمەڵێك بیروباروەڕیان هەیە كە پێچەوانەی ئیسلامە، وە گوێزانەوەی ئەم شتانە بۆ ناو كۆمەلگای موسولمانان ئەگەری زۆری هەیە، ئەی باشە ئەگەر ڕێیان پێدرا بۆ گوێزانەوەی ئەم شتانە؟! بە تایبەت ئەگەر نەزانیشی دەربارەی دین خرایە پاڵ لەگەڵ سوربون لەسەر ئەو دابونەریتانەی كە هەیانە لەژێر ناوی پاراستنی كەلتوری باوباپیران و دانابڕان لە بنەچەو ڕەچەلەك، وە مێژوی ئیسلامەتی شاهیدە لەسەر ئەوەی كە لاوازی ڕوی كردە بەنی عەبباس كاتێك كە هەندێك لە عەجەمەكانیان كرد بە وەزیر لە خەلكی (البرامكە)، وە گۆڕانكاریان تێكەوت كاتێك كە دەستیان دایە وەرگێڕانی ئەو كتێبانەی كە عەرەبی نین وە زۆریشی پێچەوانەی قورئان و فەرمودەی تێدابو لە ڕوانگەی ئەو بۆچون و ئەزمونانەی كە تێیدا بو، وە سەرەتای ئەم شتەش لەوەوە دەستی پێكرد كە سەرسام بون بە هەندێك نوسراو و كتێب بەناوی ئەوەی كە دانای یۆنانەكانی لەخۆ گرتوە، وە ئاینی موسولمانان پێشتر پاك و بێگەرد بو وە دوربو لە لێلی و تەلخی ئەو بیرو باوەڕەی عەجەمەكان و فەلسەفەو مەنتقیان، وە ئا



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لەوێوە خالی گۆڕانکاری خراپ دەستی پێکرد، چجای ئەوەی کە بـە ئاشـکرا هەندێکیان ڕقیان لە عەرەب بو، وە دیاریشە کە کارکردن بۆ دابڕینی خـەلکی لە زوبانی عەرەبی یەکەم ڕێگای نامۆی کردنە: نامۆ کردنی زمان پاشـان نـامۆ کردنی ئاین، هەروەك **ئیبن ئەبی زەیـدی قـەیرەوانی** دەفـەرموێت: ((ڕەحمـەتی خوا لە بەنی ئومەییە بێت، هەرگیز تێیاندا هەلنەکەوتوە خەلیفەیەك کە بیدعەیەك بهێنێتە ناو ئاینی ئیسلامەوە، وە زۆربەی پیـاو و والیـەکانیان عـەرەب بـون، وە کاتێك خەلافەتیان لێ سەنرا لە خۆرهەلات، وە چوە دەسـتی بـەنی عەبباسـەوە دەولەتەکەیان دایە دەسـت عەجـەم و ئـەوان دروسـتیان کـرد وە خۆیـان تـەنها سەرکردە بون، وە لەناو دلی زۆرێك لەو کاربەدەسـتانەیان کـوفرو ڕق و کینـە هەبو بۆ عەرەب و دەولەتی ئیسلام، هەربۆیە کۆمەلێ شتی تازەیان داهێنا لـەناو ئیسلامدا کە تیاچونی ئیسلامی تێدا بەدی دەکرا، وە ئەگەر ئـەو بەلێنـە خواییـە نەبوایە بۆ پێغەمبەرەکەی (ﷺ) کـە دینەکـەی و شـوێن کـەوتوانی سـەرکەتو دیار دەبن هـەتا ڕۆژی دوای ئـەوا ئیـسلامیان هەلدەوەشـاندەوە، بـەلام توانیـان درزی تێبکەن و پایەکانی ڕابتەکێنن، وە خوای گەورە بـەلێنی خـۆی جێبـەجێ دەکات، وە یەکەم شتی داهێنراو کە دایان هێنـا بریتـی بولـە ڕاگـوێزانی کتێبـە یۆنانیەکان بۆ خاکی ئیسلام وە وەرگێڕدرا بۆ سەر زوبانی عەرەبی، وە بەزوی بلاو بویـەوەو کەوتـە دەسـتی موسـولمانانەوە، وە هۆکـاری هێنـانی لـە خـاکی ڕۆمەوە بەرەو خاکی ئیـسلام یـەحیای کـوڕی خالیـدی کـوڕی بورمـوك بـو، ئەویش ئەوەبو کە کتێبی یۆنانیەکان لە ولاتـی ڕۆم بـو، وە پادشـای ڕۆم ترسـا لەوەی کە ئەگەر میللەتەکەی بڕواننە ئەم کتێبی یۆنانیانە ئەوا واز لە ئاینی گاور دەهێنن وە دەگەڕێنەوە بۆ ئـاینی یۆنانیـەت وە ڕاوبۆچـونیان لێـك دەترازێـت و



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

یەکرێزیان پارچە پارچە دەبێت، هەربۆیە هەمو ئەو کتێبانەی کۆکردەوە لە شوێنێکداو وە خانویەکی بەسەرەوە دروست کرد وە سەرەکەی داپۆشی بە بەردو گەچ هەتا کەس دەستی نەیگاتێ، وە کاتێك سەرۆکایەتی دەولەتی عەبباسیەکان کەوتە دەستی یەحیای کوڕی خالد_وە کەسێکی بێ دین بو_ هەوالی ئەو کتێبانەی پێگەیشت کە لەو خانوەدایەو لە شاری ڕۆمەکانە، هەربۆیە هەستا بە مەرای کردن بۆ پادشای ڕۆمی ئەو سەردەمە بەوەی دیاری بۆ دەناردو لە بەرامبەریشدا داوای هیچی لێ نەدەکرد، وە کاتێك مەلیك هەستی کرد کە دیاری زۆری پێگەیشتوە لەلایەن یەحیاوە هەمو قەشەکانی کۆکردەوە، وە پێی وتن: بە ڕاستی ئەم پیاوە کە خزمەتکاری عەرەبە زۆر دیاری بۆ ناردوم وە داوای هیچیشم لێناکات، وە وای دەبینم کە داوای هیچم لێ نەکات تەنها شتێك نەبێت، وە دەترسم ئەو داواکاریەشی قورس بێت لەسەرم وە بیرم هەرلای ئەو شتەیە، هەربۆیە کاتێك نێردراوی یەحیا دێت بۆلای، پێی دەلێ: بە یەحیا بلێ: ئەگەر پێویستی یەکی هەیە با باسی بکات، وەکاتێك نوێنەرەکەی گەڕایەوەو ئەم هەوالەی پێدا وەلامی دایەوەو، وە پێی وت: داواکاریەکەم ئەو کتێبانەیە کە لەژێر ئەو خانوەدایە با بۆمی بنرێت ئەو شتانەی کە پێویستمە لێی دەردەهێنم و پاشان بۆی دەگێڕمەوە، پادشا وەختێك نوسراوەکەی یەحیای خوێندەوە لەخۆشیدا خەریك بو بفڕێ وە قەشە و کاردینال و خوا پەرستەکانی کۆکردەوە، وە پێی وتن: پێشتر بۆم باس کردن کە ئەم خزمەتکارە عەرەبە داواکاری یەکی هەیە، ئەوەتا داواکەی ئاشکرا کردوە، وە داوایەکی زۆر ئاسانە بەلامەوە، وە پێشنیارێکم هەیە با گوێتان لێی بێت، ئەگەر بەدلتان بو ئەوا جێبەجێی دەکەم، وە ئەگەر شتێکی ترتان بە باش



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

زانی ئەوا ڕاگۆڕینەوە دەکەین لەناو خۆماندا هەتا لەسەر شتێك ڕێدەکەوین، وتیان: ئەو بۆچونەی تۆ هەتە چیە؟ وتی: داواکاریەکەی ئەوکتێبە یۆنانیانەیە وە دەڵێ ئەو شتانەی کە پێی خۆشە لێی دەردەهێنیٚ و پاشان دەیگێڕێتەوە، وتیان: خۆت دەڵێی چی؟ وتی: بە دڵنیاییەوە دەزانم کە ئەوانەی پێش ئێمە ئەم خانوەیان بۆیە بەسەریەوە دروست کردوە چونکە ترساون لەوەی کە چنگی گاورەکان بکەوێت و بیخوێننەوە بێگومان دەبێتە هۆی تیاچونی دینەکەیان و پەرتەوازە بونی یەك ڕیزیان، وە من وای بەباش دەزانم کە بینێرم بۆی، وە داوای لیٚ بکەم کە نەیگێڕێتەوە، ئەوان گیرۆدە دەبن پێوەی وە خۆشمان پارێزراو دەبین لە خراپەی، وە من دڵنیا نیم لەو کەسەی کە دێت لەدوای من وە دەترسم جورئەتی ئەوە بکات کە ئەو کتێبانە بێنێتە دەرەوە و نیشانی خەلکی بدات وە توشی ئەو سەرئەنجامە خراپە بین کە مەترسی دەکرا بکەونە ناوی، ئەوانیش وتیان: بەڕاستی بۆچونێکی زۆر چاکە ئەی پادشا! جێبەجێی بکە، ئەویش کتێبەکانی نارد بۆ یەحیای کوڕی خالد، کاتێك کە پێی گەیشت هەمو ئەو بیٚ دین و فەیلەسوفانەی لەدەور کۆکردەوە، وە یەکێك لەو کتێبانەی کە لێی دەرهێنا کتێبی (**حد المنطق**) بو.

ئەبو محمد(کە کوڕی ئەبو زەیدە) دەفەرموێت: زۆر کەمن ئەوانەی کە بەوردی تەماشای ئەم کتێبانەیان کردبێت و پارێزراو بوبێتن لە بیٚ دینی))، ئەم ڕووداوە نصر المقدسی بە تەواوەتی باسی کردوە لە ((**مختصر الحجة علی تارك المحجة**)) (٢/٦٦٠).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە بەشێك لە بەلای ئەم كتێبە عەجەمیانە ئەوە بو كە بیرو باوەڕی موسولمانانی بە عەجەمی كرد لەدوای بە عەرەبی كردنی و تێك دانی، بەلكو بەشێك لە بیرو باوەڕی كافرەكان تێكەڵ بە بیرو باوەڕی موسولمانان بو كە كوفری ئاشكرابون وە لەلای هەموان بەكوفر دادەنرا، كە ئەویش خۆی لەو وتەیەدا دەبینیەوە كە دەیوت قورئان دروست كراوە، وە لەو كاتەشدا ئەو فیتنە گەورەیە ڕویدا كە هەمو دەیزانین، وە پێش ئەوە خەلیفە هارونە ڕەشید دەركی كردبو بە مەترسی (بەرامیكەكان) بۆیە دوری خستنەوە لە دەسەلات و وە هەندێكیانی لێ دەست بەسەر كردن، ئیبن قەیم لە ((**الصواعق المرسلة**)) (١٠٧٢/٣): دەفەرموێت: ((هەتا سەرەتای سەدەی سێەم هات وە عەبدولای مەئمون كرا بە سەرپەرشتیاری خەلكی، وە ئەو حەزی بە جۆرەها زانست دەكرد، وە دانیشتنەكانی ئاوەدان بو بە جۆرەها خەلكی كە قسەیان دەكرد دەربارەی زانستەكان وە بوبوە هۆی خۆش ویستنی شتە عەقلیەكان لەلای، وە فەرمانی كرد بە وەرگێڕانی ئەو كتێبە یۆنانیانە بۆ سەر زوبانی عەرەبی، وە زۆر لە خەلكانی وەرگێڕی بۆ هێنا لە شارەكانەوە، وە بۆیان تەرجەمە كردو خەلكیش خۆیان پێوە مەشغوڵ كرد، وە دەسەلاتیش وەكو بازاڕ وایە: ئەوەی تێیدا بفرۆشرێت بۆی دەهێنرێت، مەئمونیش زۆربەی كۆڕەكانی خەلكانی جەهمی تێیدا دادەنیشتن ئەو جەهمیانەی كە باوكی واتە هارونە ڕەشید دوری خستبونەوە و بەدوایانەوە بو بۆ بەند كردن و كوشتنیان، هەربۆیە گوێ و دلیان پڕ كرد لە بیدعەی جەهمیە ئەویش وەری گرت و بەلایەوە چاك بو وە خەلكی بانگكرد بۆی وە سزای ئەدان لەسەری، بەلام ماوەی مەئمون زۆر



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

درێژەی نەکێشا، دوای ئەو موعتەصیم جێگەی گرتەوە، وە هەر ئەویش بو کە ئیمام ئەحمەدی توشی ئەشکەنجە کرد...)).

وە من ئەمەم نوسی بۆ بە بەلگە هێنانەوەی مێژو لەسەر ئەوەی کە دەرچونی خەلکی لە حوکمی چاك هۆکارەکەی چاوتێبڕینی هەندێك لە نەفسەکانە بۆ بیرو باوەڕێك کە بیروباوەڕی موهاجرین وئەنصار نیە، بەتایبەت تەماشاکردنی ئەوەی کە لای بەرامبەرە بە چاوێکی سەرسوڕمانەوە، هەروەها شوێن کەوتنی قسەی باقوبریق کە بنەما فەلسەفیەکان و یاسا یۆنانیەکان و زانستە کەلامیەکان خۆیانی پێدەڕازێننەوە، وە سەرەتای ئەم دیاردەیە وەدەر کەوت لە کۆتای سەردەمی ئومەویەکاندا بە هۆکاری بلاوبونەوەی بیروباوەڕی جەعدی کوڕی دیرهەمی جەهمی هەرچەندە کە زۆر ڕێگەشی پێ نەدرا، ئیبن قەیم لە ((**الصواعق المرسلة**)) (٣/١٠٧١)دا دەفەرموێت: ((وە لە سایەی جەعدەوە خوای گەورە مولك و خەلافەتی لە ئومەویەکان سەندەوەو پەرتەوازەی کردن بە شارەکاندا و لەتوپەتی کردن بە بەرەکەتی ئەم شێخەی کە ناو سیفاتەکانی خوای لەکار خستو دانی پێدا نەدانا)).

وە ئەم زەرەر و زیانە توشی موسولمانان بو کاتێك دەست گرتنیان بە قورئان و سوننەتەوە لاواز بو وە عەقلیان کرد بە حاکم، ئەو عەقلەی کە بنچینەی دینی ئەهلی بیدەعی لەسەر دروست بوە، ئیبن قەیم لە کتێبی ((**الصواعق المرسلة**)) (٣/١٠٧٤) دەربارەیان دەفەرموێت: ((وە بنەمای ڕێبازەکەیان لەسەر ئەوە دروست بوە کە ئەو شتانەی پێغەمبەران باسیان کردوە عەقل پێچەوانەیەتی، وە ئەگەر عەقل و دین دژوارییان هەبو ئەوا عەقل پێش دەخەین!! وە دەلێن: ئێمە پشتیوانانی عەقلین وە بانگەوازیشی بۆ دەکەین



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

و وه دەمەقالەشــی پــێ دەكــەین و لــە كاتی حــوكم كردنیــشدا بــۆلای ئــەو دەگەڕێینەوە، وه لە سەردەمی ئومەویەكاندا بێباوەڕەكان دەستیان گرت بەسـەر زۆرێـك لـە ولاتـی ئیـسلامدا لـە ڕۆژ هـەلاتی و ڕۆژ ئاوایـدا، وه خـەریك بـو ئیسلام پایەكانی بڕوخێنرێت ئەگەر ئەو بەرگرییە نەبوایە كە پالپشتی پاراسـتنی كردو هێشتیەوه هەتا ئەو كاتەی كە خوای گەوره زەوی ئەهێلێتەوه و ئەوانەش كە لەسەری دەژین، وه پاشان بانگەشەیان ورده ورده كپ بو لە ڕۆژهـەلات، وه كەم كەمە دەركەوت لە ڕۆژئاوا هەتا گەوره بو وه جێی خۆی كردەوه، وه خاوەنی ئەو بانگەشەیە دەستیان گرت بەسەر زۆرێك لە ولاتانی خۆرئاوادا، وه ولات بە ولاتیان داگیر دەكرد هەتا گەیشتنە میصر ئەوه بـو كردیـان بـە قەلـەم ڕەوی خۆیان و قاهیرەیان تێـدا دروسـت كـرد، وه بـەردەوام بـون لەسـەر ئـەم بانگەشەیە بە ڕون و ئاشكرایی و بەبێ ئەوەی حاشای لێ بكەن، خۆیان و كار بەدەستانیان و قازی و شوێن كەوتوانیان، وه هـەر لەسـەردەمی ئەمانـدا كتێبـی **(رسـائل إخـوان الـصفا و الإشـارات و الـشفا و كتێبـەكانی ئـیبن سـینا)** نوسرا[٥٢]...

وه لە سەردەمی ئەماندا سوننەت و كتێبەكانی سوننەت و **ئەثەر** لەكار خرا بە گشتی وه باس كردنیشی تەنها لە نهێنیدا بو، بەجۆرێك كە خوێنەری و ئـەو كەسەی باسی دەكردو ئەوەش كە نوسی بوی لە گـەورەترین مەترسـیدا بـون، وه شیعاری ئەم بانگەوازه بریتی بو لە پێش خستنی عـەقلێ بەسـەر وەحییـدا، وه دەستیان گرت بەسەر ولاتانی خۆرئاواو میـصرو شـام و حیجـاز، وه دەسـتیان

[52] **ئا ئەمانە هەموی لە خراپەی ئەهلی بیدەعە كە بلاویان كردوەتەوه لە نوسراو.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گرت بەسەر عێراقدا بۆ ماوەی یەك ساڵ، وە ئـەهلی سـوننە لەناویانـدا وەكـو ئەهلی زیممەیان (جولەكەو گاور)یان لێ هاتبو لەناو موسوڵمانانداو، بەڵكو ئـەهلی زیممە بەجۆرێك پارێزارو بون و پلەو پایەیان بەجۆرێك بو لەلایان كە هیچ كام لە ئەهلی سوننە نەدەگەیشتە ئەو ڕادەیە لەلایان و خەویشی پێوە نـەدەبینی، ئـای چەندە بە شمشێرەكانیان دایان لە گـەردنی زانایـان! وە چـەندە خـەڵك مـرد لـە میرات گرانـی پێغەمبـەران لـە سـجنەكانیاندا! وە چـەندە لـە سـوننەت مرێنـدرا بەدەستیان وە بیدعە و گومڕای سەری هەڵدا...

وە سـەرەتای هـەمو بەلایـەك لـە جیهانـدا-هـەروەكو **محمـد الـشهرستاني** دەڵێت- بریتیە لە دژایەتی كردنی دەق بە بیرو بۆچون، وە پێش خستنی ئارەزو بەسەر شەرعدا، وە خەڵكی هەتا ئەم ڕۆش لەناو خراپەی ئەم دژایـەتی كردنـەو شـەڕانگێزی دەرئەنجامەكانیـدا دەژیـن، خوایـە سـكالامان بـۆ لای تـۆ بـەرز دەكەینەوە و پشت بەتۆ دەبەستین)).

## گۆڕانی سیستەمی ئابوری بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی خەڵكی:

ماڵ وسامان هاوبەشی دەسەڵاتە لە ژیانی خەڵكی و داواكاریەكانیاندا، وە هاوشانیەتی لەم بنچینەیەدا كە ئێمـە خـەریكین باسـی دەكـەین، واتـە هـەروەك چۆن دەسـەلات چـاك دەبێـت بـەهۆی چـاكی خەڵكیـەوە، وە خـراپ دەبێـت بەهۆی خراپەیانـەوە، بەهـەمان شـێوە بـارودۆخی ئـابوری خـەڵكیش هەروایـە: ئەویش وابەسـتەیە بـە بـارودۆخی دینداریانـەوە، وە بەڵگـەش لەسـەری_ زیـاتر لـەوەی كـە باسمـان كـرد لـە بابـەتی (**تاوانـەكان هۆكـاری سـزاكانن**)_ ئـەو ڕیوایەتـەی **الترمـذي** (١٣١٤)یـە بـە سـەنەدێكی صـەحیح لـە ئەنەسـەوە كـە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فەرمویـەتی: ((نرخـی شـتومەك بـەرز بویـەوە لـە سـەردەمی پێغەمبـەری خوادا(ﷺ)، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ)! نرخمان بۆ دانێ بۆ شتەکان، فەرموی: **خوای گەورە خۆی نرخ دانەرەو لێگرەوەیەو بەخشندەیە و ڕۆزی دەرە، وە من بە هیوای ئەوەم کە بگەمەوە بە دیمانەی خوای گەورەو هیچ کام لە ئێوە داوای ئەوەم لێنەکات کە حەقی لەلامە بە هۆی ستەمێکەوە لە خوێن یان ماڵ و ساماندا کە لێم کردبێت**))، ئەم فەرمودەیە بەڵگەیە لەسـەر ئـەوەی کە نرخی بـازاڕ دەستی بەسـەردا ناگیرێـت بـە هـۆی کـۆتی دەرەکیـەوە یـان ڕێکخراوە کارگێڕیەکان، وە بەڵام خوای گەورە بەڕێوەی دەبات بەو شـێوەی کە دەیەوێت هەروەکو بەڕونی هـاتوە لـەم فەرمودەیـەدا، وە خـەڵکی کـڕین و فرۆشتنیان جێبەجێ دەبێت بە ڕێگەیەکی ئاسایی یان (ئۆتۆماتیکی) بە دەربڕینی سەردەمیانە، هەروەك موسلیم دەیگێڕێتەوە(١٥٢٢) لـە جـابیرەوە دەفـەرموێت: پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموی: ((**با ئەوانەی کە لە شاردان نەچن بەرەو پیری ئەوانەی کە لە لادێوە دێن تا بەهەرزان شتەکانیان لێ بکڕن، لێگەڕێن با خوای گەورە ڕزقی ئەو خەڵکە هەندێکیان بە هەندێکیان بدات**))، هەرچەندە ئابوری ناسەکان ئەمە دەگێڕنەوە بۆ نیشان دانـی شـت و مـەکو داواکـاری لەسـەری، بەڵام ئەوە خوای گەورەیە کە هەردوکیانی کردوە بە هۆکار بۆ بەرز بونەوەی نرخەکان و دابەزینیان با بازرگانانیش پێیان ناخۆش بێت.

وە ئەصل ئەوەیە کـە هـەمو شـتەکان بەدەسـتی خـوای گـەورەن، چـونکە هەرئەوە کە ئەو شتانە نیشانی دروست کراوەکانی دەدات کە ویستی لەسـەرە بەو شێوەی کە حیکمەتی خۆی دەیزانێت، هـەر شـتێك بیـەوێت ئەیانـداتێ وە هەر شتێك نەیەوێت نایان داتێ، وە داواکاریش لەسـەر شـتەکان بـە پێـی ئـەوە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەبێت کە لەناو دڵی خەڵکیدایە لە حەز پێکردنی یاخود حەز پێنەکردنی، هەروەها بەپێی ئەو دینداریەش دەبێت کە لەناو دڵیاندا هەیە، وە ئەگەر وانەبون ئەوا بازاڕەکانیان وا دەبێت کە بگونجێت لەگەڵ دینداریاندا[٥٣].

هەربۆیە پێغەمبەر (ﷺ) کە زانی نرخ دانان پێویست ناکات، داواکاریەکەی جێبەجێ نەکردن، بە تایبەت کە ترسا لەوەی ستەم لە خەڵکی بکات بەوەی سەربەستیان کۆت بکات لە مامەڵەکانیاندا، پاشان نیشاندان و داواکردنی شتومەك چاکی و خراپی خەڵکی دەستی بەسەردا دەگرێت

[53] چەندەها وڵاتی موسوڵمان هەیە کە بازاڕی ئازادی هەیە کاتێك چومەتە ناوی زۆر ماندو بوم هەتا پۆشاکێکی شەرعیم دەست کەوتوە بۆ خێزانەکەم، یان پێڵاوێك کە ناشەرعی تێدا نەبێت بۆ کچەکەم، بەڵکو خەریکە لە زۆرێك لە وڵاتە موسوڵمانەکاندا جلوبەرگێکی شەرعی منداڵانە کە هیچ سەرپێچیەکی تێدا نەبێت نامێنێت، ئەویش چونکە ئەوەی کە دەهێنرێت بۆ بازارەکان ئەو شتانەیە کە پارە ڕادەکێشێت، خۆ ئەگەر ئەو گەلە ئیمانیان لاواز بو ئەوا تەنها ئەو شتانە ڕەواجیان هەیە کە خەڵکانی ئیمان لاواز لەبەری دەکەن ئیتر حەلاڵ بێت یان حەرام، وە پێچەوانەکەشی پێچەوانەکەیەتی، وە بازرگانەکان بە دوای دونیاوەن_ کەمێکیان نەبێت_هەمو ئەو شانە دابین دەکەن بۆ کڕیارەکانیان کە داوای دەکەن بە بێ هیچ ڕەچاوکردنێکی شەرع، وە لە بەرامبەر ئەمەشدا ڕوداوێك هەیە کە ئەم قسانەم ڕون دەکاتەوە ئەویش ئەو شتەیە کە من بینم لە وڵاتێکی تر ئەویش پێشانگای کتێب بو، دەمبینی کتێبە دینیەکان هەڵچنرابون وەکو شاخەکان کەچی بە کاتێکی کەم نەدەما وە دەبرا لە لایەن خەڵکێکی زۆرەوە، بەڵام کتێبەکانی تر لەگەڵ ئەوەشدا کە کەم بو وە جوان ڕازێنرابویەوە، لەناو ڕەفەکانیدا نەدەجوڵێنرا و وەکەس داوای نەدەکرد، هەتا وای لێهاتوە کەسانی بێ دین ناچار بون کە دەست بکەن بە فرۆشتنی کتێبی دینی! وە بەم شێوەیە شتەکان ڕەواج پەیدا دەکەن، وە دەبینی ئەو شتانەی کە لێرە دەفرۆشرێت وابەستەی ئارەزوی خەڵکی بوە وە هیچ پەیوەندی بە دەسەڵات دارەوە نیە، بەڵکو دەردەکەوێت کە دەسەڵاتدار بوە بە ئامێرێك بە دەستی داواکاریەکانی میللەت و ئارەزوەکانی، جوان لەمە ورد بەرەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەروەك پێشتر ئاماژەی پێكرا، وە ئەم بابەتەش ئابوری ناسە جیهانیەكان لێی تێناگەن ئەوانەیان نەبێت كە ئیماندارن، **ئیبن تەیمیە** لە ((مجموع الفتاوی))(٨/٥٢٠)دا دەفەرموێت: ((گرانی بەهۆی بەرزبونەوەی نرخەكان و هەرزانی بەهۆی دابەزینی ئەم دوشتە لە كۆی ئەو شتانەن كە هیچ كەسێك دەستی نیە تێیدا تەنها خوا نەبێت، وە هیچ كامیان ڕو نادات تەنها بەویست و دەسەلاتی خۆی نەبێت، بەلام خوای گەورە هەندێك لە كردەوەكانی بەندەكانی كردوە بە هۆكار بۆ ڕودانی هەندێك شت، هەروەك چۆن كوژرانی كوژراو هۆكارەكەی كوشتنیەتی لەلایەن بكوژەوە، وە بەرزبونەوەی نرخی شتەكان لەوانەیە بەهۆی ستەمی بەندەكانەوە بێت، وە دابەزینی بەهۆی چاكەی هەندێك خەلكەوە بێت)).

وە ئەم بابەتە عەقلی كەسانێكی پسپۆڕی بەتواناو لێكۆلینەوەی زۆری ناو كۆنگرە گرنگەكانی داگیر كردوە، بەلام نازانن ئەو شتە چیە كە یەكی خستون لە دەست گرتن بەسەر نرخەكاندا، بە تایبەت ئەو شتانەی كە ناودەبرێن بە بۆرصەو نرخی پشكەكان و هاو شێوەی ئەمانە؟! وە نازانن ئەو شتە چیە كە بنەما ئابوری و بەربەستە سامانیەكانی فەشەل پێهێناوە؟! وە زۆر زۆرە ئەو لێكۆلینەوە ئابوریانەی كە كەسانی پسپۆڕ و ژمێریاری بۆ كۆكرایەوە كەچی شكستی هێنا لەدوای ئەوەی كە هەمو دلنیا بون لە سەركەوتنی، وە هەمو كارێكیش هەربۆ لای خوا دەگەڕێتەوە لە سەرەتاو لە كۆتایشدا، هەربۆیە ئەم فەرمودەیە باشترین شتە كە وترابێت لە بابەتی ئابوریدا، وە ئەگەر هەمو ئابوری ناسەكان كۆببنەوە بۆ ئەوەی هاوشێوەی ئەم فەرمودەیە بهێنن ئەوا ناتوانن هاوشێوەی بهێنن با هەندێكیشیان یارمەتی هەندێكیان بدەن!



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە هەر لەوانەشە بەهۆی ئەو لێکچونەی کە هەیە لەنێوان دەسەلات و مالدا خوای گەورە بەیەکەوە هێناونی لە قورئانەکەیدا وە پێدانی هەردوکیانی گێراوەتەوە بۆخۆی، هەربۆیە باسی دەسەلاتی کردوە لە سەرەتای هاتنی ئایەتەکەدا وە دەفەرمویێت: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ ﴾ آل عمران: ٢٦ ، واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر(ﷺ) بلێ خوایەگیان هەرخۆت خاوەنی هەمو دەسەلات و مولکێکی، وە هەرخۆشت دەیدەیت بە کەسێك کە ویستت لەسەری بێت، وە دەیسێنیتەوە لە کەسێك کە خۆت ویستت لەسەری بێت، وە وە باسی مالی کردوە لە کۆتاییەکەیدا وە فەرمویەتی: ﴿ وَتَرْزُقُ مَن تَشَآءُ بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴾ آل عمران: ٢٧، واتە: وە ڕۆزی هەرکەسێك دەدەیت کە خۆت ویستت لەسەری بێت .

## پوختەی باسی گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکان:

پوختەی ئەم باسە ئەوەیە کە گۆڕانکاری بارودۆخی سیاسی و ئابوری پەیوەستە بە گۆڕانکاری لە بارودۆخی دینداریدا، وە هەروەکو چۆن چاکسازی سیاسی ناگەڕێتەوە بۆ زاڵ بون بەسەر دەسەلات دارانددا بە ئەندازەی زاڵ بونی خەلکی بەسەر نەفس و بەردەوام بون لەسەر ئاینەکەی خوا، بەهەمان شێوە چاکسازی ئابوری ناگەڕێتەوە بۆ زاڵ بون بەسەر بازاڕدا ئەویش بە هۆی ئەو ڕێکخراوانەی دەستیان خستوەتە بینەقاقای بازاڕ، وە بە نمونە هێنانەوە بابەتەکە ڕون دەبێتەوە، مەی (عەرەق) ڕەواجی نیە لە بازاڕی موسولمانانددا خۆ ئەگەر ئەوانەی ڕێگەی ڕاست نیشان خەلکی دەدەن خۆیان بە تاوانی دەسەلات دارەوە خەریك نەکردایەو خەریکی تاوانی ئەو خەلکە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بونایە، وە هەولیان بدایە بۆ ڕونکردنەوەی شتەکان هەتا ئاستی ڕۆشنبیری خەلکیان دەگەیاندە ئاستێکی بەرز، ئەو کاتە شمەکی حەرام نەدەما، چونکە داواکاری نامێنێت، وە کەمێك لە ئیمان لاوازەکان دەمێننەوە کە بیخۆنەوە، وە بۆ ئەمانەش قامچی فەرمان ڕەوا دەردەکەوێت تا تەمێ ببن ، وە ئەوانە چاك دەکات کە بە ڕونکردنەوەو ئامۆژگاری باش نەبون، وە بەلام کارەکە پێچەوانە بکرێتەوە بەوەی فەرمان ڕەوا زالّ بکرێت بەسەر گەلەکەیدا هەر لە یەکەم ڕۆژەوە، ئەوا هیچ کارێکی بۆ نایەت بەدەستەوە، وە ئەوەندە ناخایەنێت هەتا گەل ئەگۆڕێت بۆ کۆمەلە خەلکانێکی هەلگەڕاوەو تەلەکەباز، بەجۆرێك فەرمان ڕەوا چاریان ناکات ئەگەر زۆر چاك و وریاش بێت، وە هەرچەندە پۆلیس و پارێزگاریشی هەبێت، وەکو جولەکەکان لەناو دەولەتی پێغەمبەراندا درودو سەلامی خوایان لەسەر بێت، پێغەمبەری خوا(ﷺ) دەفەرموێت: **((بەنوئیسرائیل بەردەوام پێغەمبەران کاروبارەکانی ڕێك دەخستن، هەر کاتێك پێغەمبەرێك بمردایە پێغەمبەرێکی تر جێی دەگرتەوە، وە چاك بزانن کە لەدوای من پێغەمبەرێکی تر نیە))** متفق علیە، دەبینی سەرئەنجامیان بەرەو ئەوە ڕۆیشت تا لە کۆتایدا پێیان وترا: ﴿**كُونُواْ قِرَدَةً خَٰسِـِٔينَ**﴾ البقرة: ٦٥ ، واتە: ببن بە مەیمونی ڕسواو سەرشۆڕ، وە ئەو جولەکانە بون بە مەیمونیان لەسەردەمی دەولەتی فیرعەوندا نەبو، بەلکو لە سەردەمی دەولەتی پێغەمبەراندا بو، ئایا کەس هەیە پەند لەمە وەربگرێت؟!

وە هەرکەسێك هیدایەت نەدرێت بۆ ئەمەی کە باسمان کرد دور دەبێت لە ڕاستی و لەو ڕێگەیەدا کە گرتویەتە بەر بۆ گۆڕانکاری وە ڕێگایەکی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گرتوەتە بەر کە ڕێگای پێغەمبەران نیە لە پێناو چاکسازیدا، خۆ ئەگەر توشی سزاش بێتەوە ئەوە بەهۆی ئەو سەرپێچیانەیەتی کە لە پێناو چاکسازیدا دەیکات، وە بەهەمان شێوە ئەو شتانەش کە توشی بانگەواز دەبێت لە بوار تەسك کردنەوەو نارەحەتی و ئەو شتانەش کە دێتە ئاراوە لە کوێت و بەندی خنکێنەرو سیستەمی قیناوی و دڵ ڕەق، وە بەچاوی خۆمان سەرئەنجامی خراپی زۆرێك لەو کارانەمان بینی کە ژیرانە نەبو لەلایەن کەسانێك کە خۆیان بەچاك ساز دادەنا، ئەو کەسانە هەندێك کاری نابەجێیان بینی کە ناتوانرێت ئارامی بگیرێت لەسەری وە بۆ گۆڕینی ڕێگەیەکیان گرتە بەر کە ڕێگەی پێغەمبەران نەبو لە گۆڕینی و ئینکاری کردنیدا، هەربۆیە کەوتنە جوێن دان بە لێپرسراوان و جیابونەوە لە کۆمەڵی موسولمانان، وە ئەوەشیان بە ئازایەتی دەزانی، سەرئەنجام بەلاو نارەحەتی زۆر بو، وە داماویەکی زۆر پەیدا بو، وە بونە هۆی هێنانی تاوان و خراپەکاری بۆ سەر ئەم ئوممەتە، وە هەرکەسێك بەلا بچێنێت، ئەوا نارەحەتی دەدورێتەوە، هەروەکو **أبو إسحاق السبيعي** ڕەحمەتی خوای لێبێت دەفەرموێت: ((**هیچ قەومێك نیە جوێنیان بە پێشەواکەیان دابێت ئیللا بێبەش بون لەو چاکەیەی کە تێیدایەتی**)) **رواه أبو عمرو الداني في** ((**السنن الواردة في الفتن**))(١٤٦)، وە لەبری ئەوەی کە ئەو بەلایانە ببێتە هۆی ئەوەی کە بەخۆیاندا بچنەوەو ژێر بەن دەبینی لە وەهمێکدا دەژین وە وای دادەنێن کە ئەوانیش لە ناو تاقیکردنەوەیەکدان هەروەکو تاقی کردنەوەی پێغەمبەران! هەربۆیە زیاتر بەردەوام دەبن لەسەر ئەوەی کە تێیدان، نە ئەو ئاگاداریە یەك لەدوای یەکانەی کەدێت بەخەبەریان دەهێنێت، نە ئەو جەنگە تیابەرانەی کەدێت، لەبەرئەوەشە ئەو وتەیە بەربلاوە لەلای زانایان کە دەڵێت:



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

((**خەلکی چەندە خراپە دابهێنن ئەوەندەش توشی ناڕەحەتی دەبن** )) هەندێك ئەم وتەیەیان داوەتە پاڵ ئیمامی مالیك ڕەحمەتی خوای لێبێت هەروەك هاتوە لە ((الفتح))دا كە دانراوی ئیبن حەجەرە (١٤٤/١٣)، وە هەندێكیان داویانەتە پاڵ عومەری كوڕی عەبدول عەزیز ڕەحمەتی خوای لێبێت هەروەك هاتوە لە ((**البحر المحيط**))دا كە دانراوی زەركەشیە (١٣١/١).

## موڵك و دەسەڵات خوا خاوەنیەتی وە هەرخۆشی دەیبەخشێ

ئەم بنچینەیە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی زۆرێك لەوانەی كە كار دەكەن بۆ چاكسازی بێ ئاگان لێی، وە بەردەوام لە كێشمە كێشمدان لەگەڵ ئەو واقیعە سیاسیە تالەدا بە چەندەها ڕێگا كە داوایان لێ نەكراوە بیگرنە بەر، بەگومانی ئەوەی كە بارودۆخەكە تەنها پێویستی بەوەیە كە خەلكی وشیار بكرێتەوە دەربارەی ئەو ڕێگاچارەیەی كە دەسەلات داری پێدەڕوخێت، وە خراپەی دەسەلاتداریان بۆ بخرێتە بەرچاو هەتا ئەو پەیوەندیەی كە هەیە لە نێوان خەلك و دەسەلات بپچڕێنرێت، وە دەلێن: **ئەگەر گەلمان دابڕی لە چینی دەسەلات بەوكارەمان یەكەم هەنگاوی دەرچونمان لەدژی ناوە**، وە ئەگەر كارو بارەكان كەوتە دەستمان ئەوكاتە بارودۆخی موسولمانان چاك دەكەین، وە داد پەروەر دەبین لەنێوان خەلكیدا، وە گوزەرانیان خۆش دەكەین، وە ئیسلام لە خۆرهەلات و خۆرئاوادا بلاو دەكەینەوە، وە دوروەكان سەرشۆڕ دەكەین، وە دوژمنكاری جولەكە لەناو دەبەین لە فەلەستین، وە ئەندەلوس دەگێڕینەوە لە ژێر چنگی خاچ پەرستان...



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەم ئامانجانە ئامانجی گەورە و داواكاری بەرزن، بەلام كێشەی نێوان ئێمەو ئەم كەسانە لەو ڕێگایەدایە كە دەمان گەیەنێت بەم شتانە، ئەوان هەمو كارەكەیان خستوەتە قالبی ئەزمون و بیركردنەوەو داهێنان، بەلام ئێمە لە لەجوانی شوێن كەوتندا دەیبینینەوە، لەبەرئەوەی ئێمە دلنییاین لەوەی كە هیچ ڕێگە چارەیەك نیە تەنها ڕێگەی پێغەمبەر(ﷺ) نەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ هَٰذِهِۦ سَبِيلِىٓ أَدْعُوٓا۟ إِلَى ٱللَّهِ ۚ عَلَىٰ بَصِيرَةٍ أَنَا۠ وَمَنِ ٱتَّبَعَنِى ﴾يوسف: ١٠٨، واتە: پێیان بلێ: ئەمە ڕێگەو ڕێبازی منە كە ئیسلامە، من تەنها بانگەواز بۆلای بەرنامەكەی خوا دەكەم بەو جۆرەی كە فێری كردوم واتە لەسەر چاو ڕۆشنی، وە ئەوانەش كە شوێن من كەوتون بەهەمان شێوە بانگەوازیان بۆلای بەرنامەی خوایەو بە زانست و زانیاری خەلكی بانگدەكەن بۆئیسلام، هەربۆیە ئێمە شوێن ئاینی ئیسلام دەكەوین چونكە دلنییاین لەوەی كە تەنها خوا حاكمەو یارمەتی دەرە، وە هەر كەسێك لابدات لە ڕێگەی پێغەمبەرەكەی(ﷺ) هەرگیز سەر ناكەوێت، دەبا هەمو ئەوانە چاك بزانن كە هەمو كارەكان لەلایەن خواوەیە.

وە ئەگەر سەرنجی قورئان بدەیت دەبینی خوای گەورە هەركاتێك باسی خەلافەت و دەسەلات و مولكی كرد هەموی دەداتە پال خۆی، هەروەكو ئەو فەرمایشتەی كە دەربارەی جێنشینایەتیە: ﴿إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ﴾ البقرة: ٣٠، واتە: وە من جێنشین دادەنێم لەسەر زەوی، وە ئەو فەرمایشتەی: ﴿قَالَ عَسَىٰ رَبُّكُمْ أَن يُهْلِكَ عَدُوَّكُمْ وَيَسْتَخْلِفَكُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَيَنظُرَ كَيْفَ تَعْمَلُونَ ﴾ الأعراف: ١٢٩، واتە: جولەكەكان بە موسایان



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وت: بەو پەڕی بێتاقەتیەوە لەدەست ستەمی فیرعەون ئێمە پێش ئەوەی کە تۆ بێیت لە نارەحەتیدا بوین ئێستاش کە تۆ هاتوی هەر لەناو نارەحەتیداین، ئومێددتان بە پەروەردگار هەبێت کە ئەم دوژمنەتان لەناو بەرێت و ئێوە بکات بە جێنشین و دەسەلاتدار لەسەر زەوی، وە دەربکەوێت کە ئێوەش سوپاس گوزار دەبن یاخود بێباوەڕ، هەروەها: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ لَيَسْتَخْلِفَنَّهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ كَمَا ٱسْتَخْلَفَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ ﴾ النور: ٥٥، واتە: خوای گەورە بەلێنی داوە بەوانەی کە ئیمانیان هێناوەو کردەوەی چاك دەکەن بەوەی کە جێگیریان دەکات لەسەر زەوی و دەسەلاتیان پێ دەبەخشێت، هەروەکو چۆن ئەوانەی پێش ئەمانی کرد بە جێنشین و دەسەلاتدار لەسەر زەویدا .

وە کە دەربارەی دەسەلات پێدان دەفەرموێت: ﴿ أَلَمْ يَرَوْاْ كَمْ أَهْلَكْنَا مِن قَبْلِهِم مِّن قَرْنٍ مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ مَا لَمْ نُمَكِّن لَّكُمْ ﴾ الأنعام: ٦، واتە: ئایا نابینن کە ئێمە چەندە قەومانی پێش ئەوانمان لەناو بردوە، لە کاتێکدا کە ئەو خەلکانە بەجۆرێك دەسەلات و توانامان پێدابون لەسەر زەویدا کە بە ئێوەمان نەداوە، وە دەفەرموێت: ﴿ ٱلَّذِينَ إِن مَّكَّنَّٰهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ أَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ ﴾ الحج: ٤١، واتە: ئەوانەی کە ئەگەر دەسەلاتمان پێدان لەسەر زەوی بەجوانی نوێژەکانیان دەکەن و زەکاتی مالەکەشیان دەدەن، وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ ٱلَّذِي ٱرْتَضَىٰ لَهُمْ ﴾ النور: ٥٥، واتە: وە بۆ ئەوەی دینەکەیان بۆ جێگیرو سەربخات بەسەر هەمو دینە درۆینەکانی تردا



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

چونکه خوا تەنها لەو دینە ڕازیە، وە دەفەرموێت: ﴿ وَنُمَكِّنَ لَهُمْ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ القصص: ٦، واتە: وە بەتواناو بەهێزیان بکەین لەسەر زەویدا، وە دەفەرموێت: ﴿ وَلَقَدْ مَكَّنَّٰهُمْ فِيمَآ إِن مَّكَّنَّٰكُمْ فِيهِ ﴾ الأحقاف: ٢٦، واتە: وە ئێمە ئەوانمان کرد بە دەسەلاتدا بەسەر زەویدا وە لەهەمو خێرو بێریکیان دەخوارد، وە وا نەزانن کە ئەم دەسەلات پێدانە تەنها بۆ ئێوە بوە، وە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ مَكَّنَّا لِيُوسُفَ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ یوسف: ٥٦، واتە: وە بەو شێوەیە دەسەلات و توانامان بەخشی بە یوسف لەسەر زەویدا، وە ئەو فەرمایشتەی دەربارەی **ذي القرنين** کە دەفەرموێت: ﴿ إِنَّا مَكَّنَّا لَهُۥ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ الکهف: ٨٤، واتە: ئێمە دەسەلات و هێزمان پێبەخشی لەسەر زەویدا .

وە ئەو فەرمایشتەی کە دەربارەی مولك و دەسەلاتە وە دەفەرموێت: ﴿ وَٱللَّهُ يُؤْتِي مُلْكَهُۥ مَن يَشَآءُ ﴾ البقرة: ٢٤٧، واتە: خوای گەورە مولك و دەسەلات ئەدات بەو کەسەی کە خۆی ویستی لەسەریەتی، وە دەربارەی داود سەلامی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ ﴾ البقرة: ٢٥١، واتە: خوای گەورە مولك و دەسەلاتی پێ بەخشی، وە دەربارەی نەمرود دەفەرموێت: ﴿ أَنْ ءَاتَىٰهُ ٱللَّهُ ٱلْمُلْكَ ﴾ البقرة: ٢٥٨، واتە: خوای گەورە دەسەلات و پادشایەتی پێ بەخشی، وە دەفەرموێت: ﴿ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴾ النساء: ٥٤، واتە: وە ئێمە بە بنەماڵەی ئیبراهیم پەیام و دانای و دەسەلات و مولکێکی زۆر گەورەمان



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەخـشی، وە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ قَالَ مُوسَىٰ لِقَوْمِهِۦ يَـٰقَوْمِ ٱذْكُرُوا۟ نِعْمَةَ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنۢبِيَآءَ وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا ﴾ المائـدة: ٢٠، واتــە: وە کاتێــك موسا بە گەلەکەی وت: ئەی گەلەکەم یادی ئـەو بەخـشینانەی خـوا بکەنـەوە کە پێی بەخشیون ، لەوانە پێغەمبەرانی لەناوتاندا هەلبژاردوەو وە کەسانێکیـشی لەناوتاندا کردوە بە پادشاو خاوەن دەسـەلات، وە دەربـارەی یوسـف سـەلامی خوای لەسـەر بێـت دەفـەرموێت: ﴿ رَبِّ قَدْ ءَاتَيْتَنِى مِنَ ٱلْمُلْكِ ﴾ یوسف: ١٠١، واتــە: پـەروەردگارا بەڕاسـتی تـۆ مولـك و دەسـەلاتت بـەمن بەخـشیوە، وە دەفــــەرموێت: ﴿ قُلِ ٱللَّهُمَّ مَـٰلِكَ ٱلْمُلْكِ تُؤْتِى ٱلْمُلْكَ مَن تَشَآءُ وَتَنزِعُ ٱلْمُلْكَ مِمَّن تَشَآءُ وَتُعِزُّ مَن تَشَآءُ وَتُذِلُّ مَن تَشَآءُ ۖ بِيَدِكَ ٱلْخَيْرُ ۖ إِنَّكَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴾ آل عمـران: ٢٦، واتە: تۆ ئەی پێغەمبـەر(ﷺ) بلـێ خوایـەگیان هـەرخۆت خـاوەنی هـەمو دەسـەلات و مـولکێکی، وە هەرخۆشـت دەیـدەیت بـە کەسـێك کـە ویـستت لەسەری بێت، وە دەیسێنیتەوە لە کەسێك کە خۆت ویستت لەسەری بێت، وە هەرکەسـێك بتـەوێت ئـەوا بـەڕێزو بـەهێزی بکـەیت، وە هەرکەسـێکیش کـە بتـەوێت سەرشـۆڕی بکـەیت ئـەوا زەلیـل و دامـاوی دەکـەیت، هـەمو خێـرو چاکەیەك هەر لەلای تۆوەیە، وە هەرخۆت توانات بەسەر هەمو شتێکدا هەیـەو بەدەسەلاتی بەسەر هەمو دروست کراوەکاندا.

لە ڕاستیدا بەدوادا هاتنی ئەم ئایەتانە یەك لەدوای یەك وە بۆ یەك مانـاش لـە بابەتی مولك و دەسەلات و جێنـشینایەتی وە گێڕانـەوەی هەرهەموشـی بـۆلای خوای گەورە بەلگەیە لەسەر بـونی نهێنیـەکی گـەورە لەژێریـدا، ئـەو نهێنیـەش



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بریتی یە لەو مانایەی کە موفەسیرەکان هەمویان تێڕوانینیان هەیە لەسەری لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەی کە لە کۆتایدا هێنامەوە وە کردویانە بە یەکلای کەرەوە لە بابەتەکەدا، چونکە سیاقی ئایەتەکە هەموی دەربارەی قەدەر هاتوە، چونکە خوای گەورە خۆی مولك و دەسەلات بڕیار دەدات بۆ ئەو کەسەی کە خۆی دەیەوێت لە ناو بەندەکانیدا، لەژێر یاسای: (**بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەوتان بۆ دادەنرێت**) وە ئەو فەرمایشتەی خوا بەلگەیە لەسەری کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡۗ وَإِذَآ أَرَادَ ٱللَّهُ بِقَوۡمٍ سُوٓءًا فَلَا مَرَدَّ لَهُۥۚ وَمَا لَهُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَالٍ﴾ الرعد: ١١، واتە: خوای گەورە بارودۆخی هیچ گەلێك ناگۆڕێت، هەتا خۆیان هەلنەسن بە گۆڕینی ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتون، وە ئەگەر خوای گەورە بیەوێت گەلێك سزا بدات ئەوە کەس ناتوانێت ئەو سزایە بگێڕێتەوە، وە وە جگە لەخوای گەورەش هیچ کەسێك ناتوانێت بەرگرییان لێ بکات و سەریان بخات.

نەك لەژێر یاسا حەرەکیەکاندا: (**کودەتا سەربازیەکان**) یاخود (**هەلبژاردنە نوێنەرایەتیەکان**) یان (**کێشمە کێشمە پەرلەمانیەکان**) یان (**بێنەو بەردە سیاسیەکان**) و زۆری تریش لە جۆرەکانی ململانێ لەسەر دەسەلات ئیتر هەر ناوێکی بەبەردا بکرێت و وە بانگەشەی نیاز پاکیشی بۆ بکرێت.

بەلام لەم بابەتەدا خوای گەورە لوتفی بۆ بەندەکانی بەگوێرەی دینداریان دەبێت، هەرکەسێك چاك بو وە چاکسازی کرد خوای گەورەش ئەو مولك و دەسەلاتەی بۆ چاك دەکات کە فەرمان ڕەوایی دەکات، وە هەرکەسێك خراپە کار بو وە خراپەی بلاو دەکردەوە ئەوا خراپ دەکرێت بۆی ئیتر ئەگەر



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کەسێکی سیاسی لێزانیش بێت و وە خەلکێکی زۆریشی بەشوێنەوە بو، وە هەرکەسەو بەروبومی ئەوە دەچنێتەوە کە چاندویەتی، وە لە بەری دەستی خۆی دەخوات، وە خوای گەورەش زانیاری تەواوی بە دروست کراوەکانی هەیە، وە من ئەم باسەم بۆیە دارشت بۆئەوەی ئەوە دلنیا بکەمەوە کە گۆرانکاری تەنها بەدەستی خوایە، هەرخۆی کێی بوێت ئەیکات بە سەرپەرشتیار بەسەر کەسانێکەوە کە ویستی لەسەرە.

هەربۆیە، کەسی چاکساز ئەگەر زانی کە پێدانی دەسەلات و پێنەدانی بەدەستی خوای سەرپەرشتیاریەتی، ئەوا تەنها رِودەکاتە ئەو، وە تەماشای رِێگەی پێغەمبەران دەکات وە شوێنیان دەکەوێت بۆ ئەوەی بگات بە مەبەستەکەی، چونکە ئەوان نمونەی مرۆڤایەتین کە مەعصومن و خوا هەلی بژاردون بۆ شوێن کەوتنیان، ئەمە لە رِوانگەی شەرعەوە، وە لە رِوانگەی قەدەریشەوە تەماشای ئەوە دەکات کە خوای گەورە بەدانای تەواوی خۆی خەلکێك دەکات بە سەرپەرشتیار، هەربۆیە دەگێرِنەوە کە دژایەتی کردنی ئەمە دژایەتی کردنی خوایە لەو قەدەرەدا کە دایناوە، ابن زنجویە لە ((الأموال))(٣٣)دا و أبو عمرو الدانی لە ((السنن الوارده فی الفتن))(١٤٤)دا بۆمان دەگێرِنەوە لە **موعازی کورِی جەبەل** کە فەرمویەتی: ((**ئەمیر لە ئەمری خواوەیە، هەرکەسێك تانە بدات لەو ئەمیرە ئەوا تانەی لە ئەمری خوا داوە!**))، وە لە رِوایەتێکدا هاتوە کە خالیدی کورِی مەعدان وتویەتی: ((**ئەلێیت چی_کورِی دایکم!_ئەگەر هاتو تانەت لە ئەمری خوا دا؟!**)).

وە لەبەرئەوەی خوای گەورە بەتەنها دەسەلاتی ئەوەی هەیە کە خەلك بخاتە سەر حوکم وە لای ببات، وە لەبەرئەوەی خوای گەورە هەوالی داوە کە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کەسی باش دەکات بە سەرپەرشتیار بەسەر خەلکانی باشەوە، وە کەسی خراپیش دەکات بە حاکم بەسەر خراپەکارانەوە، ئەوا هەولْ دانی ئەوانەی کە دەیانەوێت چاکسازی بکەن ئەویش بەلابردنی سەرۆکەکان لەگەلْ مانەوەی خراپە بەگشتی لەناو خەلکیدا بە کارێکی بەهەوانتەو جیهادێك دەژمێردرێت کە لە جێگەی خۆیدا نیە، خۆ ئەگەر خەلکی بەگشتی باش بون ئەوا پێویستیان بەوە نیە کە دەربارەی ئەو هەولْ دانە بیربکەنەوە، چونکە خوای گەورە زۆر لەوە دادپەروەر ترە کە دوژمنەکانی زالْ بکات بەسەر دۆستەکانیدا، ابن أبی الشیبه بە سەنەدێکی صەحیح بۆمان دەگێڕێتەوە لە **محمد ابن الحنفیه** ڕەحمەتی خووای لێبێت کە دەفەرموێت: ((**خۆتان بپارێزن لەم فیتنانە، چاك بزانن کە هیچ کەسێك نیە کە بەرەو پیری بڕوات ئیللا پێشی دەکەوێت، وە چاك بزانن کە ئەم خەلکانە_واتە دەسەلات داران_ئاکام و ماوەیەکیان هەیە، ئەگەر هەمو خەلکی سەر زەوی کۆببنەوە بۆ ئەوەی سەرکردەکەیان لاببەن ناتوانن ئەو کارە بکەن هەتا خوای گەورە ڕێگە نەدات بە ڕوخانی، ئایا دەتوانن ئەم شاخانە لاببەن؟!**))، بەڕاستی ئەم وشانە زۆر گەورەن لە جیهانی بانگەوازو چاکسازیدا، جوان لێی ورد بەرەوە!

ئیبن **کثیر** لە ((البدایە والنهایە))دا لەباسی ڕوداوەکانی سالی(٤٣٠هـ) دەفەرموێت: ((لەم سالەدا أبو منصور بن جلال الدوله ناونرا بە (المليك العزیز)، وە لە **واسط** دادەنیشت، وە ئەم عەزیزە کۆتا پادشا بو بەسەر بەغدادەوە لە نەوەکانی (بویە)، کاتێك کە لە ڕادە بەدەر خراپەیان کردو هەلگەڕانەوەو ستەمیان کرد وە ناوی خۆیان نا بە پادشای پادشاکان، خوای گەورە ئەو نازو نیعمەتەی کە پێی دابون لێی سەندنەوە، وە ئەو مولك و دەسەلاتەی بەخشی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەکەسانی تر، هەروەك خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوۡمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنفُسِهِمۡ﴾ الرعد: ١١)).

# گومانێك لەگەڵ وەڵامەکەی

ئەو گومانانەی کە هەن دەربارەی ئەم باسە زۆرن، بـەلام مـن لێـرەدا تـەنها یـەك دانـەیان بـاس دەکـەم کـە پەیوەندیـەکی ڕاسـتەوخۆی هەیـە بـەوەی کـە نوسیومە، ئەویش ئەو شوبهەیەیە کە خۆیان پێدا هەلواسیوە ئەویش **ئەثەرە**کـەی ئەبوبەکرە ڕەزای خوای لێبێت کە تێیدا فەرمویەتی: (**(دەی ئێوەش لەسەر دینی ئیسلام دەمێننەوە تا ئەو کاتەی کە پێشەواکانتان لەسەر ئەو ئاینە بمێننەوە**)) وە پێشتر ئەم **ئەثەرە**م باس کرد، وە وەلامەکەشی ئەوەیە کە ڕوکەشی ڕیوایەتەکـە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەبو بەکر پرسیاری ئەوەی لێ نەکراوە دەربارەی ئەو ڕێگە چارەیەی کە خراپەی پێ دەگۆرێت بۆ چاکە یـاخود بـنچینەی چـاکەی لەسەر بنیات دەنرێت، وە بەمەش ئەو گومانە لادەچێت کـە دروسـت دەبێـت لەنێوان ناونیشانی ئەم کتێبەو ئەو تێگەیشتنەی لەم **ئەثەرە**وە پەیدا دەبێـت، ئـیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت لە ((مجموع الفتاوی))(١٠/٣٥٤)دا دەفـەرموێت: ((وە شتێکی زانراوە کە ئەگەر دەسەلات دران لەسەر ڕێگای ڕاسـت بـون لـە کاتێکدا ئەوان فەرمان ڕەوایی دەکەن بەسەر خەلك و سامانی ولاتـدا ئەوکاتـە خـەلکیش بەگـشتی چـاك دەبـن، هـەروەکو ئەبوبـەکر فـەرموی وە بوخـاری ڕیوایەتی کردوە لە صـەحیحەکەیدا بـەو ئافرەتـە ئەحمەسیەی کـە پرسیاری لێ کرد وە وتی: (**ئێمە تاکەی لەسەر ئەم ئاینـە چـاکە دەمێنینەوە؟فـەرموی: تـا ئەوکاتەی کە پێشەواکانتان لەسەری بمێننەوە**)، وە لە **ئەثەر**دا هاتوە کـە: (**دو**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**کۆمەڵێ هەن ئەگەر چاك بن خەڵكیش چاك دەبن: زانایان و پێشەوایان**)، واتە ئـەهلی نوسـین و ئـەهلی ئاسـن، هـەروەكو ئایەتەكـە بەڵگەیـە لەسـەری لـەو فەرمایـشتەدا: ﴿ لَقَدْ أَرْسَلْنَا ﴾ الحدیـد: ٢٥تـا كۆتـای ئایەتەكـە، وە هـەر سەرپەرشـتیارانیش دەگرێتـەوە لـەو فەرمایـشتەدا: ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ وَأُولِي الْأَمْرِ مِنْكُمْ ﴾النساء: ٥٩.

وە بەهەمان شێوە لە لایەن ئەوانـەوە خراپـەكاری ڕودەدات، هـەروەك لـە فەرمودەی پێغەمبەرەوە(ﷺ) هاتوە وە كۆمەڵێكیش لە هاوەڵان گێڕاویانەتـەوە: **((ئەوەی كە زۆر دەترسم لێی لەسەرتان پێ هەڵخلیسكانی زانایە، وە مـشت ومڕی كەسی دو ڕوە بە قورئان، وە پێشەوایانی گومڕا))**[٥٤]، پێشەوایانی گومڕا بریتین لە لێپرسراوان، وە عالم و كەسی مشت ومڕكەر لە زانایـان دەژمێـررێن، بەڵام یەكێكیان: بیروباوەڕی پاكە وە پێی هەڵدەخلیسكێ ئەویش كەسی زانایـە هەروەكو پێشەوایانی شارەزا لە ئەهلی سونەو جەماعـە كـە دەكەونـە هەڵـەوە، وە دوەمیان: وەكو فەلسەفە چیەكان و ئەهلی كەلام ئەوانەی كـە مـشت و مڕ دەكـەن و بەڵگـە دەهێننـەوە بـەو ئایاتانـەی نـاو قورئـان كـە چـەند مانایـەك

[54] ضعف المرفوع منه الشيخ الألباني في ((السلسلة الصحيحة))(٣/١١٨) لكـن فيـه ((التكـذيب بالقدر)) بدلا من ((أئمة مضلون))، إلا أنه صحح هذه الجملة في ((السلسلة الـصحيحة))(١٥٨٢) من روايات كثيرة، منها ماهو صحيح لذاته كحديث ثوبـان عنـد أبـي داود (٤٢٥٢) والترمـذي (٢٢٢٩)، وقـد ورد بتمامـه موقوفـا علـى عمـر بإسـناد صـحيح في ((صـفة المنـافق)) للفريـابي (٢٩_٣٠) وفي ((جامع بيان العلم وفضله)) لابن عبدالبر (٢/١١٠)، ونسب بعضه لأبي الـدرداء و معاذ و سلمان كما في المصدر الأخير و ((إعلام الموقعين)) لابن القيم (٣/٢٨٥).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

هەڵدەگرێ لەگەڵ ئەوەی کە ئەوانە لەڕاستیدا خۆیان داماڵیوە لە ئایەتەکانی خوای گەورە، وە بەڵگە هێنانەوەیان بە قورئان تەنها بۆ وەلانانی بەرامبەرەکەیانە نەك بۆ هیدایەت وەرگرتن لێی و پشت بەستن پێی، هەربۆیە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: (**مشتومڕی دوڕو بەقورئان**)، وە سوننەت و کۆڕای زانایان گومانەکانیان هەڵدەوەشێنێتەوە)).

کەواتە ئیبن تەیمیە ڕەحمەتی خوای لێبێت ڕونی کردەوە کە سەرچاوەی ترس لە ڕوانگەی پێشەواو زانایانەوەیە ئەگەر لایان داو گومڕا بون، وە پاشان ڕونی کردەوە کە هەوڵ دان بۆ پاراستنی بیروباوەڕ بریتیە لە بنچینە، وە هەر ئەوەش کاری زانایانە، بۆیە فەرموی: ((**وە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی دین سەرچاوە دەگرێت لەناو دڵەوە ئەویش لە ڕێی چەسپاوی باوەڕ تێیدا بە هەبونی زانست و مانەوەی لەو دۆخەدا ئەوە بنەمای ئیمانە، وە کردەوە دیارو ئاشکراکان لق و بەشە لە ئیمان، وە تەواوکاری ئیمانن**)).

پاشان بە تێرو تەسەلی باسی ئەوەی کردوە کە مەبەستی چیە لە ئەصل و فەرعی ئیمان، وە ڕونی کردوەتەوە کە لەسەر چ بنەمایەك ئەو شتانە بینا دەکرێت ئەویش لە دوتوێی وتەیەکی تۆکمەو ڕون و ئاشکرادا، وە دەفەرموێت: ((ئاین یەکەم شت تێیدا کە دەست بە دروست کردن دەکرێت لە بنەوانەوە دەست پێ دەکرێت پاشان بەهۆی لقەکانیەوە تەواو دەکرێت، بەوشێوەیە خوای گەورە لە مەککە بنەماکانی دینی دابەزاند لە تەوحیدو نمونە هێنانەوە کە پێوەری عەقلین هەروەها چیرۆك و پەیمان و هەڕەشە،پاشان لە مەدینە_کاتێك کە دەسەلاتی پەیداکرد_ لقە دیارو ئاشکراکانی بۆ ناردە خوارەوە لە جومعە کردن و نوێژی بەجەماعەت و بانگدان و قامەت کردن و



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جیهادو ڕۆژو گرتن و حەرام کردنی مەی(عەرەق) و زیناکردن و قومارو زۆر شتی تریش لەوانەی کە واجب بون یان قەدەغە کرابون تێیدا)).

وە گومانی تێدا نیە کە ئەم بنەمایە کەرەستەکەی بەدەستی زانایانەوەیە نەك سەرکردەکان، چونکە ئەوان شارەزان تێیدا، وە بەلام سەرکردەکان پارێزەر و چاودێری کارن بۆ جێبەجێ کردنی، هەربۆیە زانایان بە وێنەی قورئانن کە ڕێنمونی دەکات، وە سەرکردەکان بە وێنەی شمشێرن کە سەری دەخات، وە ئەوە مەبەستی ئیبن تەیمیەیە ڕەحمەتی خوای لێبێت، وە بەلگەش لەسەر ئەوەی کە شێخ مەبەستی بە قسەکانی پێشتری پێش خستنی کاریگەری قورئانە بەسەر کاریگەری شمشێرەوە ڕونکردنەوەیەتی لە شوێنێکی تردا لە ((مجموع فتاوی))دا (٢٨/٢٣٤)، کە دەفەرموێت: ((چونکە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِ﴾الحدید: ٢٥، واتە: ئێمە پێغەمبەرەکانمان ناردوە بۆتان بە کۆمەڵێك بەلگەی ڕون و ئاشکرا کە دلنیای دەکاتەوە بۆتان کە ئەوان لەسەر حەقن و وە ئەو بەرنامەیەش کە پێماندا ناردون حەقە، هەروەها نوسراو کتێبیشمان ناردوەتە خوارەوە لەگەلیان، کە هەمو ئەو پەیامانە دەگرێتەوە کە لەلایەن خواوە نێردراوەتە خوارەوە بۆ مرۆڤایەتی بەمەبەستی ڕێنمونی کردنیان بۆ حەق، هەروەها (المیزان) کە مەبەست پێی دادپەروەی و ڕاستگۆییە لە کردارو گوتاردا، چونکە دینی تەواوی نێردراوان هەموی دادپەروەری و ڕاستیە لە فەرمانەکان و نەهیەکان و کاروباری و خەلکی و لە بابەتەکانی جینایەت و



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

لێپرسینەوەو سنورو میراتی و بابەتەکانی تردا، ئەم شتانەمان بۆیە ناردوەتەوە خوارەوە تا بەهۆیەوە بە شێوەیەکی ڕاست و ڕەوان حوکم بکەن لەنێوان خەلکیدا، هەروەها ئاسنیشمان بۆ ناردون کە مەبەست پێی کەرەستەکانی جەنگە وەکو چەك و گوللە بەند و زۆر شتی تریش، هەروەها سودی تریشی هەیە بۆتان کە بەکاری دەهێنن لە زۆرێك لە پێداویستیەکانی ڕۆژانەتاندا، وە خوای گەورە ئەم شتانەی بۆیە ناردوەتە خوارە بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی پێ تاقی بکاتەوە تا بۆیان دەرکەوێت کە کێ دینەکەی سەر دەخات و نێردراوەکانی سەردەخات لە دونیادا کە ئیمان سودی هەیە تێیدا پێش قیامەت کە سودی نیە بۆ کەسێك کە پێشتر ئیمانی نەبوبێ، دەبینی خوای گەورە قورئان و تەرازوی ناردوەتە خوارەوە بۆ ئەوەی خەلکی دادپەروەر بن، وە ئاسنی ناردوە هەروەك باسی کردوە، کەواتە پایەی دین ڕاوەستاوە لەسەر قورئانی ڕێنیشان دەرو شمشێری سەرخەر: ﴿وَكَفَىٰ بِرَبِّكَ هَادِيًا وَنَصِيرًا﴾ الفرقان: ٣١، واتە: وە پەروەدگارت بەسە بۆتۆ کە ڕێنمونیت بکات و سەرت بخات، وە قورئان بریتیە لە بنچینە، هەربۆیە یەکەم جار کە خوای گەورە پێغەمبەری (ﷺ) نارد قورئانی بۆ دابەزاند، وە مایەوە لە مەککە بەبێ ئەوەی فەرمانی پێ بکات بە بەکارهێنانی شمشێر هەتا کۆچی کردو وە پشتیوان و یاریدەدەری بۆ پەیدا بو بۆ جیهاد کردن))، جوان ورد بەرەوە کە چۆن قورئانی کردوە بە ئەصل، بەلام شمشێر تەنها بۆ سەرخستنیەتی، هەر لەم ڕوانگەیەشەوە تێگەیشتن دەبێت بۆ ئەو قسەیەی کە وتراوە: **خوای گەورە شتانێك بە فەرمان ڕەوا دەچەسپێنێت کە بە قورئان نایچەسپێنێ.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پاشان ئاشكرای كردوه كه بەڕێوەبردنی خەلكی بە بەڕێوەبردنێكی چاك بە یەكێك لە بابەتە لاوەكی و فەرعیەكان دەژمێردرێت نەك بابەتە بنچینەییەكان، وە فەرمویەتی (١٠/٣٥٦): ((بنچینەكانی پاڵپشتی لقەكانی دەكات و دەیچەسپێنێت، وە لقەكانی بنچینەكانی تەواو دەكات و دەیان پارێزێت، وە ئەگەر كەمتەرخەمیەكی ئاشكرا ڕوبدات تێیدا ئەوا سەرەتا لە لقەكانیدا ڕو دەدات، هەربۆیە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((**یەكەم شت كە لە دەستی دەدەن لە ئاینەكەتان بریتیە لە پاراستنی ئەمانەت، وە كۆتا شتیش كە لە دەستی دەدەن لەناو ئاینەكەتاندا بریتیە لە نوێژەكان**))[55]، وە ڕیوایەت كراوە لێیەوە كە فەرمویەتی: ((**یەكەم شت كە هەڵدەگیرێت حوكم كردن بە ئەمانەت**))[56]، وە حوكمەكەش بریتیە لە كاری سەركردەو لێپرسراوان، هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِ**﴾النساء: ٥٨، واتە: خوای گەورە فەرمانتان پێدەكات كە ئەو ڕاسپاردانەی كە لەلاتانە بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەكانی وە ئەو ڕاسپاردانەی كە لەسەر شانتانە بە شێوەیەكی جوان بیدەن بەو كەسانەی كە ئەهلی ئەو ڕاسپاردانەن، وە فەرمان دەكات بە لێپرسراوان كە كاتێك فەرمان دەكەن لەنێوان خەلكیدا بە شێوەیەكی دادپەروەرانە فەرمان

---

[55] أخرجه الخرائطي في ((مكارم الأخلاق)) (ص ٢٨) وغيره، و صححه الألباني في ((السلسلة الصحيحة)) (**١٧٣٩**).

[56] أخرجه أحمد في ((الزهد)) (**٢٢٤**) وابن أبي الدنيا في ((مكارم الأخلاق)) (**٢٦٥**) وغيرهما، وينظر المصدر السابق.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بکەن، کەواتە دادپەروەری بەشێکە لەو ئەمانەتەی کە خوای گەورە باسی کردوە و دایناوە لەسەر شانی لێپرسراوان، وە بەلام نوێژ ئەوە یەکەم شتە کە فەرز کراوەو وە بەشێکە لە بنچینەکانی دین و ئیمان وە دوابەدوای شەهادەتەین هاتوە وە نافەوتێت و ناڕوات لە کۆتایدا نەبێت، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((**ئیسلام سەرەتا بەشێوەیەکی نامۆ دەستی پێکرد و نەناسراو بو، وە جارێکی تریش نامۆ دەبێتەوە هەروەکو یەکەم جار کە بەنامۆی هات دەی بەهەشت و پاداشتی نەبڕاوە بۆ ئەوانەی کە بەهۆی دەست گرتنیان بە ئیسلامەوە نامۆ بون لە ناو خەلکیدا**))[٥٧]، دەبینی هەوالی داوە بەوەی کە گەڕانەوەی ئیسلام وەکو سەرەتای هاتنی دەبێت، دیقەت بدە چۆن پێغەمبەر(ﷺ) باسی نەمانی فەرمان ڕەوای کردنی چاك دەکات لەگەلٚ ئەوەی کە دین نەفەوتاوە و ماوە هەرچەندە کە فەرمان ڕەوای کردن بابەتێکی گرنگە، بەلام کە باسی نەمانی نوێژ دەکات هاوتا باسی نەمانی دینیش دەکات، وە ئەمەش پەندو ئامۆژگارییە بۆ ئەوانەی پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن!

پوختەی ئەم قسانە ئەوەیە کە چاکسازی دەست پێدەکات یەکەم جار لە بنەماکانیەوە لە تەوحیدو نوێژو سەرجەم پایەکانی تر، وە ئەوەی کە دەروخێ یەکەم جار ئەو شتانەیە کە دەڕوخێ لە لقەکانیەوە وەك دەسەلاتە فەرمان ڕەوایی و سیاسی یەکان و ئەوانەش کە پەیوەندی پێیانەوە هەیە، لەبەرئەوەی خەلکی ئەگەر هاتو لاواز بون لە دینداریاندا ئەوا لێپرسراوەکانیشیان لاواز

---

[57] **أخرجه مسلم** (١٤٥).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

دەبن هەروەك پێشتر باسمان كرد، كەواتە نە عاقلییەو نە دینیشە كە دیقەت بدرێتە_بەو حالەوە_چاكسازی كردنی دەسەلاتدار لە كاتێكدا كە هۆكاری خراپ بونی قوت بوبێتەوە، كە ئەویش خۆی لە كەم دینی خەلكیدا دەبینێتەوە، وە هەركەسێك بڕوانێتە بانگەوازی پێغەمبەران ئەمەی بە ڕونی بۆ دەردەكەوێت، وە دلنیا دەبێت لێی بە بێ ئەوەی خۆی زۆر هیلاك بكات، ئەوان بانگ هێش كراون بۆ بەشداری كردن لە دەسەلاتدا بەلام ملیان نەداوە تەنها ئەوەندە نەبێت كە بە گەلەكانیان وتوە: ﴿وَمَآ أَسۡـَٔلُكُمۡ عَلَيۡهِ مِنۡ أَجۡرٍۖ إِنۡ أَجۡرِيَ إِلَّا عَلَىٰ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ﴾ الشعراء: ١٠٩، واتە: وە ئێمە لە بەرامبەر ئەم بانگەوازەماندا داوای هیچ پاداشت و دەسەلات و سودێكی دونیایتان لێ ناكەین، ئێمە بە تەمای پاداشت و چاكەی پەروەردگارین، وە پێغەمبەر(ﷺ) خوای گەورە ناردی لە كاتێكدا كە فەسادی سیاسی لە تەواوی پارچەكانی ئەو شوێنەدا بلاو بوبویەوە كەچی جەختی نەكردوە لە چاكسازی سیاسی هەرچەندە سیاسەت بەشێكە لە دین وەك پێشتر باسمان كرد، وە بانگهێشت كرا بۆ بەشداری كردن لە مولك و دەسەلاتدا لەلایەن قورەیشەوە بەلام ملی نەدا، بڕوانە بۆ ئەم باسە لە ((تەفسیری **ابن كثیر**)) لە سەرەتای سورەتی فصلت، لەوێدا چەند ڕیوایەتێكی باس كردوە دەربارەی ئەم بابەتە[58]، وە لە هەندێك لەو ڕیوایەتانەدا هاتوە كە پێیان وتوە: ((**ئەگەر بەم كارەت پلەو پایەت دەوێ ئەوا دەتكەین بە گەورەی هەمومان هەتا هیچ كارێك ناكەین بەبێ**

---

[58] **وە بڕوانە تەخریج و حوكمدان بە (حەسەنی) ڕیوایەتەكان لەلایەن شێخ ئەلبانیەوە ڕەحمەتی خوای لێبێت لەو تەعلیقانەی كە داویەتی لەسەر كتێبی ((فقه السیره))(لا ١٠٦).**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**پرسی تۆ، وه ئەگەر مولـك و دەسـەلاتت دویّ دەتکـەین بەدەسـەلات دارو خـاوەن سـامان بەسـەر خۆمانـەوە...))**، بـەلکو هەرکەسـێك بـەراوردی بانگەوازی پێغەمبەر(ﷺ) بکات بۆ پادشاو سەرکردەکان لەگـەلّ بانگـەوازی بۆ گەلان ئەوا ئەم جیاوازییەی بۆ دەردەکەویّ:

دەبینی لەگەلّ گەلاندا هەمیشە چالاك بوە وە هەولی دەدا بۆ بانگەواز کردنیـان لـە یانـەو بـازاڕ و مـالّ و زۆر شـوێنی تـریش وە زۆر بەتاسـەوە بـو بۆیـان، وە بانگەوازی تاك تاك و هۆزی دەکرد بەبیّ ئەوەی بیّ تاقەت ببێت هـەتا ئـەوەی کە زۆر خەمبار بو بۆیـان وە پـەروەردگاری پێـی فـەرمو: ﴿فَلَا تَذْهَبْ نَفْسُكَ عَلَيْهِمْ حَسَرَاتٍ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ بِمَا يَصْنَعُونَ﴾ فاطر: ٨، واتە: خۆتیان بۆ بێتاقەت مەکەو ئـاهو حەسـرەتیان بـۆ هەلمەکێـشە، خـوا خـۆی ئاگـادارە بـەوەی کـە ئـەنجامی دەدەن، بەلکو خەریك بو خـۆی تیابـەرێت لـە بـەرخاتری ئـەوان هـەتا خـوای گـەورە پێـی فـەرمو: ﴿فَلَعَلَّكَ بَاخِعٌ نَفْسَكَ عَلَى آثَارِهِمْ إِنْ لَمْ يُؤْمِنُوا بِهَذَا الْحَدِيثِ أَسَفًا﴾ الكهف: ٦، واتە: پێغەمبەری خوا(ﷺ) زۆر سـور بـو لەسـەر هیدایەت دانیان هەربۆیـە زۆر دلّ خـۆش دەبـو کاتێـك کـە خـەلکی باوەڕیـان دەهێنا وە زۆر خەمبارو بێتاقەت دەبو کاتێك بـەدرۆیان دەخـستەوە و باوەڕیـان نەدەهێنا، ئەویش بەهۆی سۆزو بەزەییەوە، خواش ئامۆژگاری کرد بـەوەی کـە خۆی بێتاقەت نەکات و خەفەت نەخوات بەوەی کە باوەڕناهێنن.

وە بەلام لەگەلّ پادشـاو سـەرکردەکاندا زۆربـەی کـات وابـو کـە خـۆی نەدەچو بۆلایان، بەلکو هەندێك لە نێردراوانی خۆی دەنارد بۆلایـان بـە چـەند وشەیەکی کەم، ئەویش ئەو فەرمایشتەیەتی: ((لە موحەممەدی بەندەو نێـردراوی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خواوه بۆ هیرقل گەورەی ڕوم: سلاوی خودا لەسەر ئەوانەی کە شوێن ڕێگەی ڕاست دەکەون، لەپاش ئەمە، من بانگەوازت دەکەم بە بانگەوازی ئیسلام، موسلمان ببە سەلامەت دەبیت لە هەمو شتێك و خوا دوجار پاداشتت دەداتەوە، وە ئەگەر پشت هەلکەیت لەم بانگەوازە ئەوا تاوانی ئەو خەلکەی کە لەژێر دەستیشدا بە ملی تۆیە، وە ﴿ قُلْ يَٰٓأَهْلَ ٱلْكِتَٰبِ تَعَالَوْا۟ إِلَىٰ كَلِمَةٍ سَوَآءٍۭ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا ٱللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِۦ شَيْـًٔا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا۟ فَقُولُوا۟ ٱشْهَدُوا۟ بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴾ آل عمران: ٦٤)) رواه البخاری (٧) ومسلم (١٧٧٣)، واتە: ئەی گاورو جولەکە وەرن با کۆببینەوە لەسەر یەك وشە وە بیکەین بە دەستورو یاسایەك لەنێوان هەردولاماندا، ئەویش بەوەی کە هیچ شتێك نەپەرستین تەنها زاتی اللە نەبێت وە بەهیچ شێوەیەك هاوەلی بۆ بڕیار نەدەین و وە هیچ کامان هەندێکمان نەکەین بە خوا بەسەر هەندێکمانەوە جگە لە اللە، خۆ ئەگەر ئەو جولەکەو گاورانە پشتیان هەلکرد لە بانگەوازەکەت و گوێیان پێ نەدا ئەوا لە بەرامبەردا پێیان بلێ کە ئێمە موسولمان بوین و ملکەچی ئەو فەرمانەی خواین.

ئەی ئەو کەسەی کە شوێن حەق کەوتویت بەراوردێ بکە لە نێوان ئەم بانگەوازە پێغەمبەرایەتیە پڕ حیکمەتە و ئەو وتارە سیاسیە دورو درێژانەی کە تەمەنی خاوەنەکانی داگیر کرد و بردی هەتا ڕیشیان سپی بو لەگەلیدا ئەو کاتە بۆت دەردەکەوێ کە کام لە دو کۆمەلەکە لە پێشترن بۆ پێغەمبەر(ﷺ) واتە خەلکی یان دەسەلات داران کە بانگەوازیان بکات.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەلکو لە کاتی ئەودا یەکێك لە پادشا گەورەکان موسوڵمان بو، ئەویش نەجاشی بو لە حەبەشە، کەچی بیری لەوە نەکردەوە کە کۆچ بکات بۆلای بۆ ئەوەی نیشتەجێ بێ لەناو قەڵەم ڕەویەکەیدا یاخود بیکات بە تۆوی دروست بونی دەوڵەتەکەی، وە نەیفەرمو: لە هاو شێوەی ئەم کۆشکەوە بانگەواز دەردەچێ و دەست پێدەکات، چونکە دەیزانی کە ئەگەر گەڵەکان متمانەیان بە ئیسلام نەبێت ئەو کات ئیمانی دەسەلات دارەکانی سودێکی ئەوتۆی نابێت، کەواتە پێویستە لەسەر ئەوانەی کە شوێن پێغەمبەران کەوتون بایەخ بدەن بە ڕێگەو ڕێبازی ئەوان لە چاکسازیدا، ئەگەر وایان کرد ئەوکاتە مژدەیان لێبێت بەسەرکەوتن.

پاشان دەفەرموێت: ((لەدوای نەمانی دەوڵەتی خەلیفە ڕاشدینەکان و دروست بونی پادشا ئەو کاتە کەمتەرخەمی ڕویدا لە ناو ئەمیرەکاندا، سەیریش نیە کە بە هەمان شێوە دەربکەوێت لەناو ئەهلی عیلم و دینداریدا، بۆیە لە کۆتای خەلافەتی عەلیدا بیدعەی خەواریج و ڕەوافیز هاتە کایەوە، چونکە ئەم دو بیدعەیە پەیوەستە بە سەرکردایەتی کردن و خەلیفایەتی کردن وە ئەو شتانەی تریش کە دوابەدوای دێن لە کردەوەکان و حوکمە شەرعیەکان)).

بەلێ! بە ڕۆچون لە خەلافەت و ئیمامەتدا سەرەتای بیدعەی خەواریج و ڕەوافیز سەری هەلدا، وە هەر بەو دو بیدعەیەش زۆرێك لەو کۆمەلانەی کە نەریتێکی سیاسی زانراویان هەیە گومڕابون، بەلکو یەکەم جار لە دیدگەی خەواریجەوە دەستیانکرد بەکارکردن، کە ئەویش جەخت کردنەوەیە لە خەلافەت و دەسەلات، وە بەوەش کۆتاییان هێنا کە سەرەتای بیدعەی ڕەوافیز بو، مەبەستم لەوەیە کە ڕەوافیز ئیمامەتیان_واتە خەلافەت_ یان کرد بە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بنـچینەیەك لـە بنـچینەكانی دیـن، وە ئـیبن تەیمیـە وەلامـی ئەمـەی داوەتـەوە لـە ((**منهاج السنة**))دا (١/٧٥)، هەركەسێك دەیەوێت با بگەڕێتەوە بۆی.

پاشان دەفەرموێت ڕەحمەتی خوای لێبێـت دوا بـەدوای ئـەو دەقـەی پێـشو تـر: ((وە دەســـەلاتی موعاویـــە پادشـــای و ڕەحمـــەت بـــو، كاتێـــك موعاویـــە ڕۆیـشت_ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت_وە فـەرمان ڕەوای یەزیـد هـات و فیتنـەی كوشتنی حوسەین ڕویدا لە عێراق و فیتنەی ئەهلی حەرە ڕویـدا لـە مەدینـە، وە چواردەوری مەككەیاندا كاتێك عەبدولای كوڕی زوبەیر هەستا، پاشان یەزید مردو پارچە پارچە بون: ئیبن زوبەیر لە حیجاز بو، وە نەوەی حەكـەم لـە شـام بون، وە موختاری كوڕی ئەبی عوبەیدو كەسانی تریش دەستیان گرت بەسـەر عێراقدا، ئەمە هەموی ڕویدا لە كۆتای سەردەمی هاوەلاندا، هێشتا وێنەی ئـیبن عەبباس و ئیبن عومەرو جابری كـوڕی عەبـدولاو ئـەبی سـەعیدی خـودری و كەسانی تریش مابون، كەچی بیدعەی قەدەریەو مورجیئەش سـەری هەلـدا، وە بەرپەرچ درایەوە لەلایەن تەواوی ئەو هاوەلانەی كە مابون وەكو ئـیبن عـەبباس و ئیبن عومەرو جابرو **واثلەی** كوڕی ئەسقەع و كەسانی تریش ڕەزای خوایان لێبێت، لەگەڵ ئەوەی كە بەرپەرچی بیدعەی خەواریج و ڕافیزەشیان دابویـەوە، وە بەگـشتی ئـەوەی كـە قەدەریـەكان لێـی دەدوان: كـردەوەی بەنـدەكان بـو هەروەك چۆن مورجیئـەكانیش باسـیان هـەر لـەوە دەكـرد، قـسەكانیان زیـاتر دەربـارەی گوێڕایـەڵی كـردن و سەرپێـچی كـردن و بـاوەڕدارو فاسـق و هاوشێوەی ئەمانە بو لەو بابەتانەی كە پەیوەندیان هەبو بەو ناوانەوە و هەروەها حوكمە شەرعیەكان و بەلێنەكانی خـواو پەیمانـەكانی، وە هێـشتا قـسەیان نـەبو دەربارەی پەروەردگاریان و سیفاتەكانی بەلام ئەمە ڕویدا لە كۆتای سـەردەمی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەو تابعیانەی کە تەمەنیان کەم بو کە دەکاتە کۆتـای دەولـەتی ئەمەویـەکان و وە سـەدەی سـێەم_واتـە سـەردەمی تـابعی تابیعیـەکان_بـەرەو نـەمان چـو وە زۆربەیان نەمان، وە ئەوەی کە لەبەرچاو دەگیرێت دەربارەی ئەم سێ سەدەیە زۆرینەی خەلکی سەردەمەکەیەتی کـە ناوەڕاستەکەین، وە زۆرینـەی هـاوەلان نەمان بە نەمانی چوار خەلیفەکە هەتا چەند کەسێکی کـەم مابویـەوە لەوانـەی کە ئامادەی جەنگی بەدر بوبون، وە زۆرینەی شوێن کەوتوان بەچاکە (تابعین) نەمان لە کۆتـای سـەردەمی ئـەو هاوەلانـەی کـە تەمـەنیان کـەم بـو لـە کـاتی دەسەلاتی ئیبن زوبەیرو عەبدول مەلیکدا، وە زۆرینەی تـابعی تـابعین نـەمان لـە کۆتای سەردەمی دەولەتی ئەمەویەکان و سەرەتای دەولەتی عەباسیەکاندا.

وە وای لێهات کە زۆرێك لە کاربەدەستان لـە غـەیری عـەرەب بـون، وە زۆرێـك لـە دەسـەلاتەکان چـوە دەر لـەژێر سەرپەرشتی کردنـی عەرەبـدا، وە هەنـدێك لـە کتێبـی عەجەمیـەکان وەرگێـڕدرا بۆسـەر زوبـانی عـەرەبی لەوانـە کتێبـەکانی فارسـەکان و هنـد و ڕومـەکان وە ئـەو شـتە دەرکـەوت کـە پێغەمبەر(ﷺ) فەرموی: **(پاشان درۆکردن بەربلاو دەبێت، هەتا پیاوی ئەوتۆ هەیە کە شایەتی دەدات وە شایەتیەکەی درۆیە، وە سـوێند دەخـوات بـەلام بەدرۆوە سوێند دەخوات)**[٥٩].

سـێ شـت سـەری هەلـدا: بیروبۆچـون، کـەلام، سـۆفی گـەرێتی، وە جەهمیەکان پەیدا بـون کـە دەیـانوت خـوا سیفاتی نیـە، وە لەبەرامبەریـشیاندا ئەوانـەی کـە خوایـان دەچـواند بـە دروسـتکراوەکانی، بۆیـە زۆربـەی

---

[59] متفق علیه.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بیروبۆچونەکان لە کوفەوە سەری هەلدا، چونکە زۆربەی خەلکەکەی بەوەوە سەرقاڵ بون لەگەڵ ئەو شیعەگەریەتە بەربلاوەی کە هەیان بو هەروەها زۆر درۆکردن لە ڕیوایەت کردندا، هەرچەندە کە کەسانی چاك و خاوەن زانست و ڕاستگۆ و سوننەت و شارەزا و عیبادەتیان زۆر بو، بەلام مەبەستەکە ئەوەیە کە درۆکردنێکی زۆر تێیدا سەری هەلدا بو لە گێڕانەوەی ڕیوایەتەکاندا، وە زۆر بیرو بۆچون هەبو لەناویاندا لە فیقهدا، وە شیعەگەرێتی لە بنچینەکاندا، وە زۆربەی ئەهلی کەلام و تەسەوف لە بەصرە بو، هەر لەدوای مردنی حەسەنی بەصری و ئیبن سیرین بە ماوەیەکی کەم عەمری کوڕی عوبەیدو واصلی کوڕی عەتا و ئەوانەش کە شوێنیان کەوتن لە ئەهلی کەلام و موعتەزیلەکان وەدەرکەوتن، وە ئەحمەدی کوڕی عەلی الهجیمی دەرکەوت کە هاوڕێی عبدالواحدی کوڕی زەید بو، وە ئەم عبدالواحیدەش هاوەلایەتی حەسەنی بەصری کردبو هەروەها ئەوانەش کە شوێنی کەوتبون لە صۆفیەکان وە ئەم عبدالواحیدە خانویەکی بچوکی دروست کرد بۆ صۆفیەکان، وە ئەم شوێنە یەکەم شوێن بو کە دروست کرا لەناو ئیسلامدا[٦٠]، وە عبدالرحمانی کوڕی مەهدی و کەسانی تریش ناویان نابون بە داماوەکان، وە ئەو صۆفیانە لەو خانوە بچوکانەدا کۆدەبونەوە، ئەهلی کەلام کۆمەلە قسەیەکیان داهێنا کە کردبویان بە تەریقەو ڕێگایەك کە بەدینیان دەزانی لەگەڵ ئەوەی کە دەستیان بە بەشێکی زۆر لە دینەوە گرتبو، وە صۆفیەکانیش کۆمەڵێ پەرستنی تازەیان

---

[60] **واتە یەکەم شوێن بو کە دروست کرا بۆ خواپەرستی صۆفیەکان لەدوای ئەوەی کە هیچ مالێك نەبو کە موسولمانان خواپەرستی تێدا بکەن وە نەدەزانرا تەنها مالی خوا نەبێت.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

داهێنابو کە بوبو بە ڕێگەیەکو دەستیان پێوە گرتبو لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێك لە پەرستنە شەرعیەکانیان ئەنجام دەدا، وە ئەم صۆفیانە فێری گوێگرتن و وتنی هەندێك ویردی بیدعی و هەلبەزینەوە بوبون هەتا وای لێهاتبو کە کەسی وایان هەبو گیانی دەردەچو یان بێ هۆش دەبو لەو کاتانەدا، وە ئەهلی کەلام خەریکی کۆمەڵێك قسەو مانا دارشتن بون هەتا بەرەو بیرکردنەوەیەکی بردن کە خستنیە واق وڕمانەوە، وە ئەمانە بنچینەی کارەکەیان بریتی بو لە کەلام، وە ئەوانی تریش بنچینەی کارەکەیان بریتی بو لە خواست و ویست، وە ئەهلی کەلام مەبەستیان بە کەلام یەکخواپەرستی بو وە خۆیان بە یەکخواپەرستان ناودەبەن، وە ئەوانی تریش مەبەستیان بە خواست و ویست یەکخواپەرستی بو وە خۆیان بە یەکخواپەرست و لێبڕاو بۆ خوا دادەنا.

وە من پێشتر شتم نوسیوە لە دەربارەی ئەم بابەتە لە یاساکاندا لەسەر ئەوەی کە چەندە لادان هەیە لە ڕێبازی ئەهلی کەلام و تێڕوانین و ئەهلی حەزو ویست ئەگەر کارەکانیان هاوشان نەبێت لەگەڵ سوننەتی پێغەمبەردا(ﷺ)، هەروەها لە بنچینەیەکی گەورەدا ڕونم کردوەتەوە کە بنەمای زانست و هیدایەت و دین بریتیە لە باوەڕهێنان بە خواو نێردراوانی و وە بونی ئەم بیروباوەڕەو ڕەندانەوەی لە هەمو کردارو گوتارێکدا.

وە ئەهلی مەدینە بەردەوام لە هەردو کۆمەلەکە نزیکتر بون لە سوننەتەوە لە وتەو کرداردا،چونکە توشی گومڕای و لادان نەبون وەکو کوفیەکان و بەصرییەکان: لە ڕوی گێڕانەوەی ڕیوایەتەکان و بیرو بۆچون و کەلام و گوێگرتن لە ویردی کۆڕی زیکرە بیدعیەکان، با لەهەندێکیشیاندا جۆرێك لە لادان و گومڕایش هەبوبێت بەلام ئەوان نزیکتر بون لە سوننەتەوە.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە بەلام خەلکی شام ئەوا زۆرینەیان خەریکی جیهاد کـردن بـون و خـەریکی ئەو کردەوانە بون کە دڵ پاك دەکاتـەوە وە زیـاتر نزیـك بـون لـەو صـۆفیانەی ئـەهلی بەصـرە کـە پابەنـد بـون بـە شـەرعەوە لـەو کاتـەدا، هەربۆیـە دەبینـی کتێبەکانی کەلام و صۆفی گەرێتی لە بنچینەدا لە بەصرەوە دەرچـون، ئەوانـەی دەمیان لە عیلمی کەلام کوتیوە پێشەواکانیان خەلکی بەصرەن، بە وێنەی ئـەبی هـوزەیلی عـەلاف و ئـەبی عـەلی جوببـائی و کوڕەکـەی واتـە ئـەبی هیـشام و هەروەها ئەبی عەبدولاو ئەبی حوسەینی بەصـری، وە بەهـەمان شـێوە ئەوانـەی بەناوی کولابیەکان و ئەشعەریەکانەوە قسەیان دەکرد هەر خەلکی بەصرە بون وەکو عەبدولای کوڕی سەعیدی کـولاب و ئـەبی حەسـەنی ئەشـعەری و دو هاوەلەکەی ئـەبی حەسـەنی بـاهیلی و قـازی ئـەبی بـەکری کـوڕی بـاقلانی و کەسـانی تـریش، هـەروەها کتێبـەکانی صـۆفیەکان و ئەوانـەش کـە صـۆفی گەرێتیان تێکەڵ کردبو لەگەڵ ئەهلی فەرمودەو ئەهلی کەلام وەکو کتێبەکانی حارسـی کـوڕی ئەسـەدی موحاسـبی و ئـەبی حەسـەنی کـوڕی سـالم و ئـەبی سەعیدی ئەعرابی و ئـەبی تـالیبی مـەککی، هەرچـەندە خـەلکانێکی تـریش لـە بەغدادیەکان و خوراسانیەکان و شـامیەکان بەشـداربون لەگـەڵ ئەمانـەی کـە باسمان کردن لەو بیروبـاوەڕە چـەوتانەی کـە دایـان هێنـابو، بـەلام مەبەسـتەکە ئەوەیە کـە بـزانین سەرچـاوەی ئـەم بیروبۆچـونە خراپانـە لەوانـەوە بـوە پاشـان گوێزراوەتەوە بۆ ئەمان، هەروەك چۆن زانستی پێغەمبەرایەتی و ئیمان و قورئان و ئەو زانستانەش کە لێیانەوە وەرگیراوە لە فیقهو فەرمودەو ئەو کردەوانەی کە پەیوەنـدیان بـە دڵـەوە هەیـە سەرچـاوەی گرتـوە لـەو شـارانەی کـە زۆرینـەی هاوەلانی پێغەمبەر (ﷺ) نیشتەجێ بون تێیدا، کە بریتین لـە مەدینـەو مەککـەو



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

کوفەو بەصرەو شام وە شارەکانی تریش دوای ئەمان دێن، دەبینی هەر حەوت قورئان خوێنەکە کە بە حەوت شێوە قورئانیان خوێندوە خەلکی ئەم شارانەن بەهەمان شێوە پێشەوایانی ئەهلی فەرمودە کە لە هەمویان دامەزراوتر تێیدا ئەهلی مەدینەو بەصرەن وەکو زوهری و مالیك و قەتادەو شوعبەو یەحیای کوڕی سەعیدو عبدالرحمانی کوڕی مەهدی، وە خەلکی کوفەش کەسانی ڕاستگۆو کەسی درۆزنیشیان تیا بوە، وە خەلکی شام خەلکی درۆزنی بەڕادەیەکی زۆر تێدا نەبوە بەهەمان شێوە پێشەوای گەورەشیان تێدا هەلنەکەوتوە لە بواری قیرائەو فەرمودەدا، هەروەها پێشەوای شارەزای ئەوتۆشیان نەبوە لە فیقهدا: مالیك زانای شاری مەدینە بوە، سەوری و ئەبو حەنیفەو بێجگە لەو دوانەش خەلکی کوفە بون، وە ئیبن و جورەیج و کەسانی تریش خەلکی مەککە بون، وە حەمادی کوڕی سەلەمە و حەمادی کوڕی زەید خەلکی بەصرە بون وە ئەوزاعی و هاو پلەکانی لە شام بون، وە وتراوە: مالیك کە (**موطأ**)ی نوسیوە چاوی لە لە کتێبەکەی حەمادی کوڕی سەلەمە کردوە، وە وتراوە: کە کتێبەکەی ئیبن جورەیج لەپێشتر نوسراوە، پاشان شافعی_با لە بنچینەشدا خەلکی مەککە بوبێ_وە شافعی شارەزای پەیداکردەوەو فیقهی خوێندوە لەسەر ڕێبازی ئەهلی فەرمودە بەبێ ئەوەی خۆی وابەستە بکات بەوەی کە خوێندراوە لە شارەکەی خۆی، بەهەمان شێوە ئیمامی ئەحمەد_با بابوباپیرانیشی خەلکی بەصرە بوبون_ئەوەتا خۆی شارەزا کردوە لەسەر ڕێبازی ئەهلی فەرمودە بەبێ ئەوەی وابەستەی بەصرییەکان و غەیری ئەوانیش بێت، هەروەها عەبدولای کوڕی موبارەك و ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیم و موحەممەدی کوڕی ئیسماعیلی بوخاری و کەسانی تریش لە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

خوراسـانيه‌كان هـه‌روه‌ها پێـشه‌واياني دونيـا نه‌ويـست(زوهـد)و خواپه‌رسـت خه‌لكی ئه‌م شـارانه بـون، هـه‌روه‌ك ئـه‌بو فـه‌ره‌جی جـه‌وزی باسـی كـردوه لـه **(صفوة الصفوة)**.

كه‌واتـه زانـستی دروسـت و عيبـاده‌تی ڕێپێـدراو وه‌رگـيراوه لـه هـاوه‌لانی پێغه‌مبه‌ری خواوه(ﷺ)، ئيتر ئـه‌و شـتانه‌ی كـه لـه‌دوای ئـه‌مان هـاتون نابێـت بكرێت به بنچينه‌يه‌ك بۆ خه‌لكی هه‌رچه‌نده خاوه‌نه‌كه‌شی به‌هانه‌يـه‌كی هـه‌بێت له‌وانه‌شه پاداشت وه ربگرێت له‌سه‌ر ئه‌و بۆچونه‌ی چونكه ئيجتيهادی كـردوه تێيـدا يـان چـاوی لـه كه‌سـێكی تـر كـردوه، هه‌ربۆيـه هه‌ركه‌سـێك وتـه‌كانی ده‌رباره‌ی زانست: (به‌بنچينه‌و لقه‌كانيه‌وه) له‌سه‌ر قورئان و سوننه‌ت و ئه‌و **ئه‌ثه‌رانه‌ی** كه له پێشينه‌وه بۆمان ماوه‌ته‌وه دارِشت ئـه‌وا ڕێگـه‌ی پێغه‌مبه‌رايـه‌تی پێكاوه، به‌هه‌مان شـێوه هه‌ركه‌سـێك بيروبـاوه‌ڕو په‌رسـتن و كـرده‌وه كـردن و بيستنی كه په‌يوه‌نده هه‌يه به بنچينه‌كان و لقـه‌كانی كـرده‌وه‌وه وه په‌يوه‌نديـشی هه‌يه به كرده‌وه‌كانی نـاو دڵ و ئـه‌و كرده‌وانـه‌ی كـه به‌لاشـه ئـه‌نجام ده‌درێـت دابرێـژێت له‌سـه‌ر بـاوه‌ڕو سـوننه‌ت و ئـه‌و هيدايه‌تـه‌ی كـه پێغه‌مبـه‌ر(ﷺ) و هاوه‌لانی له‌سه‌ری بون ئه‌وا ڕێبازی پێغه‌مبه‌رايه‌تی پێكاوه.

وه هه‌ر ئه‌مه‌ش ڕێگه‌ی پێشه‌واياني به‌رچاو ڕۆشنه، ده‌بينی ئيمـامی ئه‌حمـه‌د كاتێك باسی بنچينه‌كانی سوننه‌ت ده‌كـات ده‌فـه‌رموێت: بريتيـه لـه په‌يوه‌سـت بون به‌و ڕێبازه‌ی كه هاوه‌لانی پێغه‌مبـه‌ری خـوای(ﷺ) له‌سـه‌ر بـون، وه ئـه‌و كتێبانه‌ی كه نوسيويه‌تی ده‌ربـاره‌ی ته‌فـسيری قورئـان ئـه‌و ته‌فـسيرانه‌يه كـه لـه پێغه‌مبه‌رو(ﷺ) هاوه‌لانی و تابعينه‌وه بۆمان به‌جێ ماوه، وه ئه‌و فه‌رموده‌و



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**ئەثەرانەی** نوسیوەتەوە کە لـە پێغەمبـەرو(ﷺ) و هـاوەڵانی و تابعینـەوە پێمـان گەیشتوە، وە هەر پشت بەوانەش دەبەستێت لەو بنـچینەو لقـە زانـستیانەی کـە دایڕشتوە، هەتا لەو نامەیەیدا کە نوسیویەتی بۆ خەلیفەی ئەو سـەردەمەی تیایـدا ژیاوە کە موتەوەکیلە نوسیویەتی: حەزم بە کەلام نایەت لە هیچ شـتێکدا تـەنها حەزم بەوە دێت کە هەیە لە قورئانەکەی خوادا یان لە فەرمودەکانی پێغەمبەری خوادا(ﷺ) یـاخود هـاوەڵانی و شـوێنکەوتوانیان (تـابعین)،وە جگـە لەمانـەش قسەکردن تێیدا باش نیە، هەروەها لە زوهدو هەواڵەکانی قیامـەت و بارودۆخـە ئیمانیەکاندا، ئیمـام ئەحمـەد لەمانەشـدا پـشتی بـەو **ئـەثـەرانـە** بەسـتوە کـە لـە پێغەمبەرانەوە هاتوە سەلامی خوایان لەسەر بێت هەر لە ئادەمەوە هەتا موحەمەد وەك لە کتێبی (الزهد)دا کە دانراوی خۆیـەتی، پاشـان لەسـەر هـەمان ڕێبـازی هاوەڵان و تابعین ڕۆشتوە وە باسی ئەوانەی دوای ئـەمانی نـەکردوە، بەهـەمان شێوە کە کاتێك باسی چۆنیەتی وەرگرتنی زانست دەکات بۆ ئەو کەسەی کە دەیەوێت فێری زانستی شەرعی ببێت بەوەی کە ئەو شتانە بنوسێت کە لەلایەن پێغەمبەر(ﷺ) و پاشان هـاوەڵان و پاشـان تابعینـەوە هـاتوە، وە لەڕیوایەتێکـدا فەرمویەتی: پاشان تۆ لەناو تابعیندا بەدەست خۆتە وتەی کامیان وەردەگری)).

**ئاگاداریيەك:** ئەوەی کە باس کراوە لـە مێـژودا کـە هەنـدێك لـە پادشـاو دەسەڵاتداری چـاك فـەرمان ڕوایـی گـەلانێکی لادەرو خراپیـان کـردوە تـەنها بریتیە لە چەند حالەتێکی نامۆو تایبەت کە بەشێوەیەکی گشتی نـەبوە، وە خـوا یارمەتی دەر بێت ئەم باسە ڕون دەکەمەوە لە پەخشانێکی تری سەربەخۆدا.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەلام من لێرەدا چەند وشەیەکی کورتی پێش وەخت ئەدەم بەگوێی خوێنەردا بۆ ئەوەی بلێم: ڕاستە هەندێك سەرکردەی چاك فەرمان ڕەوایی گەلانێکی زۆر خراپیان کردوە، هەروەك بەنی ئیسرائیل کە لە ژێر فەرمانی پێغەمبەرەکانیاندا بون لەدوای تیابردنی فیرعەون، بەلام ئەم بارودۆخە لە چارە نوسراوە دژوار نیە لەگەڵ ئەو یاسا شەرعیەی کە ئێمە لە باس کردنیداین، بەلکو زیاتر توندو تۆلی دەکات، چونکە ئەو پیاو چاکانە لەو کاتەدا گەیشتنە دەسەلات بەلام بەبێ ئەوەی بتوانن بارودۆخی گەلەکانیان چاك بکەن، بەلکو ئەو خەلکانەی کە خوا کردنی بە مەیمون و بەراز لەژێرسایەی دەولەتی پێگەیشتوی موسادا بون، ئەمەش بەلگەیەکی ڕون و ئاشکرایە لەسەر ئەوەی کە گەیشتن بە دەسەلات بەشێوەیەکی پێویست ئەو مانایە ناگرێتە خۆی کە بگەیت بە چاکسازی، با ئەوانەی کە سەرقالن بە بزوتنەوە سیاسیەکان بەباشی لەمە ورد ببنەوە!

## کۆتای

مەبەست لە بەدواداچون و پشکنین لەم یاسایەی باسمان کرد کە ئەویش ئەو وتەیەیە کە دەڵێ"**بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەواتان بۆ دادەنرێت**" مل کەچ بون نیە بۆ ئەو واقیعە بەبێ هۆکار گرتنە بەر بۆ چاکسازی کردن، بەلکو چاکسازی کردن پێویستە، وە دان نانیش نیە بەوەی کە گەندەلی نیە، وە باسی ئەوە نیە کە ئایا هەوڵ بدرێت بۆ چاکسازی کردن یاخود نا، بەلکو باسەکە باسی ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لە ڕێگە چارەسەرەکان، هەر لەبەر ئەمەشە ئەهلی عیلم بایەخیان داوە بەم یاسایە وەك پێشتر باسمان کرد، لەبەرئەوەی ئەگەر هاتو ئەم یاسایە وەلانرا یان نەزانرا مرۆڤەکان بەردەوام هەولی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

گۆڕانکاری دەدەن بەبێ ئەوەی لەو دەرگایەوە بێت کە بۆی دانراوە، وە وەکو ئەو کەسەی لێدێت کە ئامانجێکی هەیە بەبێ ئەوەی لەڕێگەی خۆیەوە بۆی بڕوات، ئیتر کەی دەگات؟!

وە پەیامەکە لێرەدا ئاڕاستەی هەمو خەلکیە، بەلام من دو کۆمەلیانم مەبەستە:

١- ئەوانەی کە خۆیان بە خاوەنی ڕێگە چارەی سیاسی دەزانن، لەگەلٚ ئەوەی من باسم کرد کە سیاسەت بەشێکە لە دین.

٢- ئەوانەی کە ڕێگە چارەی خوێناویان گرتوەتە بەر، لەگەلٚ ئەوەی کە ئەزانین جیهاد چلە پۆپەی ئەم دینەیە.

کۆمەلی یەکەم واگومانیان برد کارەکە هەر ئەوەندەی دەوێت کە پێشبڕکێ بکەن بۆ گەیشتن بە دەسەلات.

ئەوانی تر وای دەبینن کە هەردەبێت سەری ئەوانەی کە زالٚ بون بەسەر دەسەلاتدا لێبکرێتەوە!

هەربۆیە، پێم خۆش بو سەرچاوەی ئەو بەلایەی کە توشی موسولمانان هاتوە ڕون بکەمەوە، چونکە سەرکەوتن لە دیاری کردنیدا واتە دۆزینەوەی چارەسەرەکەی، وە گەیشتن بە چارەسەری هەمو دەردێك لە ڕەگو ڕیشەیەوە دەست پێدەکات.

وە گومانی تێدا نیە کە خراپی بارودۆخی موسولمانان لە هەر شارێکدا هۆکارەکەی خراپی ژێر دەستەو سەرپەرشتیارە، وە ئەگەر زانرا کە دەسەلاتدار لەوانەیە ببێتە هۆی خراپ کردنی ژێر دەستەکەی بەهۆی ئەو شتانەی کە بلاوی دەکاتەوە لە نێوانیاندا لە سیستمی پێچەوانە لەگەلٚ شەرعەکەی



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

پەروەردگاردا، با بشزانرێت کە خراپەی خەلکیش هۆکارە بۆ خراپ بونی فەرمان ڕەوا لە سەرەتاوە، چونکە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ الظَّالِمِينَ بَعْضًا بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ﴾ الأنعام: ١٢٩، واتە: وە هەر بەوشێوەیە ئێمە هەندێك لە کەسانی ستەمکار دەکەین بە سەرپەرشتیار بەسەر هەندێکیانەوە، ئەمەش بەهۆی خراپەی خۆیانەوەیە، لەبەرئەوەی ئەمە بنچینەیە وە ناگۆڕێت خوای میهرەبان چاککردنی نەفسەکانی کردوە بە تەنها ڕێگە بۆ چاکسازی کردن لە حاکم و مەحکومدا، وە فەرمەرمویەتی: ﴿ إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّىٰ يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ ﴾ الرعد: ١١، هەربۆیە گەورەی چاکە خوازان لە دەست پێکی وتارەکانیدا لە پەناگرتن بەخوا لە خراپەی نەفسەکان زیاتری نەدەوت، وە دەیفەرمو: ((... **وە پەنا دەگرین بەخوا لە شەڕی نەفسەکانمان و خراپەی کردەوەکانمان**))[٦١]، ئیتر بۆچی زۆرێك لە بانگخوازان پشت دەکەن لە گوێڕایەلی کردنی خوا لەمەداو شوێن کەوتنی پێغەمبەر(ﷺ) تێیدا؟!

لە ڕاستیدا ئەوەی کە وای لێکردم کە ئەم نوسراوە بنوسم بەزەی و سۆزمە بۆ ئەو هەولانەی دەدرێت لە ناو بانگەوازی ئیسلامەتیدا لەوەی کە بەفیڕۆ بچێت و سودێکی ئەوتۆی نەبێت، بە تایبەت کە ئەم هەولانە پاناییەکی زۆری گرتوەتەوە لە بوارەکانی بانگەوازدا و وە کاتێکی زۆری گرتوە لە خاوەنەکانی کە ئەگەر بەکاریان بهێنایە لە بەرچاوڕۆشن بون بە ڕێنماییەکانی قورئان و سوننەت و وە تەماشای ژیاننامەی پێغەمبەرانیان بکردایە بە چاوی

---

[61] **رواه أصحاب السنن و صححه الألباني فيها.**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

جێبەجێ کردن و شوێن کەوتن ئەوا _بە یارمەتی خوا_ دەگەیشتن بە ئامانج لە کـەمترین مـاوەدا، بـەلام ئـەوەی کـە لا دەدات لەمـەی باسمـان کـرد لـەو دو کۆمەلەی کە ئاماژەمان پێکردن ئەوا مەترسی ئـەوەیان لـێ دەکرێـت کـە هـیچ بەشێکیان پێ نەبڕێت لە کارەکەی کە دەیکەن تـەنها هاوشـێوەی ئـەوە نـەبێت کە خوای گـەورە دەربـارەی دەفـەرموێت: ﴿ عَامِلَةٌ نَّاصِبَةٌ ﴾ الغاشية: ٣، واتـە: کردەوە ئەنجام دەدات بەلام تەنها هیلاکی بۆ دەمێنێتەوە .

ئەمە حالی ئەو کەسانەیە کە ڕۆدەچن لە کاری سیاسیدا، بەلام بۆ زانـستی شەرعی ئەوا هیچی لێنـازانن تـەنها چاودێری کردنـی جموجـولی ئـەمیرەکان و سەرکردەکان و لەبەرکردنی هەلەکانیان هـەروەکو چـۆن نـاوی مندالـەکانیان لەبەرکردوە!

وە بۆ بانگەوازیش ئەوە هەر خەریکی جوینی ناموسی ئەو سـەرکردانەن و وە گواسـتنەوەی بـۆ نـەوەکانیان لەگـەلّ گوێنـەدان بـەو هـەمو خەلکـەی کـە ناشارەزای بەدینەکەی خـوا بـالی بەسـەر زۆربەیانـدا کێـشاوە، وە خـەریك بـو چەندەها سالّ تێپەڕێت بەسەرماندا ، بەبێ ئەوەی ئەو نەوەیەمان کـە پێـدەگات هیچ باسێکی هەبێت تەنها ئەم درێژ دادریە بەردەوامە نەبێت، لەگەلّ زێدەڕەوی کردن لە بەگـەورە زانینـی (فقـه الواقـع)، هـەتا وای لێهـاتوە کـە بـەردەوام لـە گەلیاندایە لە ئاوەدانیدا، وە هاوڕێیانە لە سەفەردا، زۆرێك لە هەولـەکان بـەفیڕۆ چون ئا لەم شتانەدا، وە زۆرێك لە پارەو پول پەرش و بلاو کرا لەو پێناوەدا!

وە کاری سیاسی زۆربەی کات خاوەنەکانی بەرەو خوێن ڕشتن دەبـات، بـەهۆی ئـەو فرتوفێـل و گومانانـەی کـە لـەخۆی دەگرێـت، وە ئـەو ژەهـرە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بکوژەی کە تیایەتی، وەك وتراوە: **چەندەها خوێن هەیە، زوبان ڕشتی!** وە بەردەوام ئەوانەی بانگەشەی بۆ دەکەن گرفتاری پێشهاتە خراپە نزیکەکانی ئەو سیاسەتەن، وە هەر زو سەرخۆش دەبن بە نۆشینی، وە گەلەکانیش بێ بەش دەبن لە زانست و پەروەردە، وە دەبینن کە ئەو سیاسیانە ئەتلێنەوە لەناو هاوەڵ دانان بۆ خواو و بیدعەدا، چونکە ڕابەرەکەیان وای دەبینێ کە دەردەکە تەنها سەرچاوەکەی دەسەلاتدارە!

ئەوەتا ئەوانە تەمەنیان زۆربەی سەرف کرد لەگەڵ ڕێگەچارە سیاسیەکان، کەچی ئەوەنەی سەرە نینۆکێك دەسەلاتیان چنگ نەکەوت، وە چاکسازیشیان بەئەنجام نەگەیاند، لە خەیاڵی خۆیاندا دەڵێن پلە بەپلە دەگەین بە ئامانج بەلام لە ڕاستیدا ئەوانە بەرەو خراپە دەڕۆن، وە بەگومانی خۆیان دەڵێن گەیشتوین بە ئامانج بەلام نازانن کە لەڕێگا دابڕوان! کەسی ئەوتۆیان تێدایە کە مامۆستایە خۆی وا دەردەخات ئەڵێی پێغەمبەرێکە لەناو ئومەتەکەیدا، کەچی ئارەزوە سیاسیەکان ئەیوروژێنن ئەویش بەدەمیانەوە دەچێت وە وەلامی دەداتەوە بە بەهانەی ئەوەی کە جێگە بە عیلمانیەك یاخود دوروییەك تەنگ بکات، وە بەردەوام یەك لەدوای یەك سەردادەنەوێنێت هەتا دینەکەی کاڵ دەبێتەوە وە هەست بەو تاموچێژە شیرینە ناکات کە پێشتر هەستی پێ دەکرد، هەربۆیە لە پلەوپایەی پێغەمبەرایەتی دادەبەزێت بۆ خوارتر، وە هەرکەسێکیش ئارەزوەکانی دوربڕوات، فەوتانی نزیك دەبێتەوە، وە بڕیارەکانیش هەموی هەر لەلای خواوەیە!

وە زۆر جار دەبینی کە ئەم جۆرە لە بانگخوازان بێتاقەت دەبن لە بارودۆخی ئەو خەلکەی کە لە ژێر کاریگەری بانگەوازەکیاندان، وە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئاوڕنادەنەوە لە سەرچاوەی نەخۆشیەکە کە ئێمە دەربارەی قسە دەکەین لەم کتێبەدا هەر لە سەرەتایەوە، چونکە ئەو بانگخوازە سیاسیانە گەورەترین شت کە لەدەستی بدەن تەنها ئەوەیە کە لێدەگەڕێن گەلەکان هەست بە هیچ تاوانێك نەکەن تەنها تاوانی دەسەلاتداران نەبێت، ئیتر کەی بیر لە تەوبەکردن و چاکسازی لەخۆیاندا دەکەنەوە لەکاتێکدا تەنها گوێبیستی ئەو قسانە دەبن کە دەربارەی فەرمان ڕەواکان دەکرێت؟! وە هەرکاتێکیش مرۆڤ کوێربو لە ئاست تاوانەکانی خۆیدا یاخی دەبێت، چونکە خوا دەفەرموێت: ﴿ **وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنسَاهُمْ أَنفُسَهُمْ أُولَٰئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ** ﴾ الحشر: ١٩، واتە: وەکو ئەوانە مەبن کە خوایان لەیاد کرد خوای گەورەش خۆیان و هەموو ئەوشتانەی کە سودی هەیە بۆیان لە دین و دونیادا لەبیری بردنەوە، وە ئەو جۆرە کەسانە لەخوا یاخی بون و لەچاکە لایان داوە.

وە بەهۆی بەنرخی ئەم باسەوە ئەهلی سوننە هەمیشە ئامۆژگاری خەلکیان پێدەکرد لەناو ئەوکتێبانەیاندا کە بنەما بیروباوەڕیەکانیان تێدا کۆکردبویەوە، ئیبن ئەبی ئەلعیزی حەنەفی لە ((**شرح العقيدة الطحاوية**))(لا ٣٨١_الألبانی)دا دەفەرموێت: ((دەگونجێ لێپرسراو فەرمان بە سەرپێچی کردنی خوا بکات، بەلام گوێڕایەلی ناکرێت تەنها لەو شتانەدا نەبێت کە گوێڕایەلی کردنە بۆ خواو پێغەمبەر(ﷺ)،بەلام نابێت واز لە گوێڕایەلی کردنیان بهێنرێت با ستەم کاریش بن، چونکە دەرچون لە فەرمانیان خراپەیەکی زۆر زیاتری لێ دەکەوێتەوە بەجۆرێك کە زیاترە لە ستەمکاریان، بەلکو ئارام گرتن لەسەر ستەمیان ئەبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکان و زیاد بونی پاداشتەکان، چونکە خوای گەورە



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

بەهۆی خراپەی کردەوەکانمانەوە ئەوانی کردوە بە دەسەڵاتدار بەسەرمانەوە، وە پاداشتیش هەر لە جۆری کردەوە دەبێت، کەواتە پێویستە لەسەرمان زۆر داوای لێخۆش بون بکەین و بەردەوام داوای تەوبەو بکەین و هەمیشە خەریکی چاك کردنی کردەوەکانمان بین، خوای بەرزو بەدەسەڵاتیش دەفەرموێت:

﴿ وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ وَيَعۡفُواْ عَن كَثِيرٖ ﴾ الشوری: ٣٠، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ أَوَلَمَّآ أَصَٰبَتۡكُم مُّصِيبَةٞ قَدۡ أَصَبۡتُم مِّثۡلَيۡهَا قُلۡتُمۡ أَنَّىٰ هَٰذَاۖ قُلۡ هُوَ مِنۡ عِندِ أَنفُسِكُمۡ ﴾آل عمران: ١٦٥،وە دەفەرموێت: ﴿ مَّآ أَصَابَكَ مِنۡ حَسَنَةٖ فَمِنَ ٱللَّهِۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٖ فَمِن نَّفۡسِكَ ﴾النساء: ٧٩، وە دەفەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعۡضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعۡضَۢا بِمَا كَانُواْ يَكۡسِبُونَ ﴾ الأنعام: ١٢٩.

وە ئەگەر خەلکی ئەیانەوێت ڕزگاریان بێت لە ستەمی دەسەڵاتداری ستەمکار با خۆیان واز لە ستەمکاری بهێنن، مالیکی کوڕی دینار دەفەرموێت: **((لە هەندێك لە کتێبەکانی خوای گەورەدا هاتوە: منم الله خاوەنی هەمو مولك و دەسەلاتەکان، دلی دەسەلاتدارەکان بە دەستی منە، هەر کۆمەلێك گوێڕایەلیم بکات ئەیکەم بە ڕەحمەت بەسەریانەوە، وە هەر کۆمەلێك سەرپێچیم بکات ئەیکەم بە زەحمەت بەسەریانەوە، خۆشتان خەریك مەکەن بە جوێن دان بە دەسەلاتداران، بەلکو تەوبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای من ئەو کاتە منیش وایان لێدەکەم کە میهرەبان بن لەگەلتان)).**

وە ئەم وتەیە هیچی لێ کەم نابێتەوە با لە ئیسرائیلیاتیش بێت، چونکە دەچێتە ژێر ئەو وتەیەی پێغەمبەری خواوە(ﷺ): **((دەربارەی بەنی ئیسرائیل**



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

**چی باس دەکەن باس بکەن وە هیچ گوناهبار نابن))** رواه البخاری(٣٤٦١)، وە ئەم وتەیە هیچ شتێکی وای تێدا نیە کە دژوار بێت لەگەڵ شەریعەتەکەمان، بەلکو ڕێکە لەگەڵ بنەماکانیدا وەك پێشتر باسمان کرد؟! بەلکو هەندێك هەواڵمان پێگەیشتوە دەربارەی گەلانی پێشو کە پاڵپشتی دەکات، هەر لە مالیکی کوڕی دینارەوە دەفەرموێت: ((**خوێندومەتەوە لە زەبوردا: من تۆلە دەسەنمەوە لە دوڕو هەر بە دوڕو، پاشان تۆلە لە هەمو دوڕوەکان دەسێنمەوە، وە ئەوەش لە قورئانەکەی خوادا هەیە کە دەفەرموێت:** ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا بِمَا كَانُوا۟ يَكْسِبُونَ﴾ الأنعام: ١٢٩، **رواه ابن أبي حاتم في ((تفسيره)) عند هذه الآية بسند صحيح**.

هەربۆیە **ئیبن تەیمیە** بە بەلگە هێناویەتیەوە لە ((منهاج السنه))(٤/٥٤٦)دا لەگەڵ ئەو وتە پڕ مانایەی کە من کردومە بە ناونیشانی ئەم کتێبەم، وە فەرمویەتی: ((**بەلکو فیتنەی هەمو سەردەمێك بەگوێرەی خەلکەکەیەتی**))، وە لە ((مجموع فتاوی))(٣٥/٢٠)دا دەفەرموێت: ((وە بێجگە لەم شوێنەشدا باسی ئەوەم کردوە کە هۆکاری ئەو شتانە کە دەگەڕێتەوە بۆ پادشاو جێگرەکانیان لە لێپرسراوان و دادپرس و ئەمیرەکان بەهۆی کەمتەرخەمیەوە نیە تێیاندا بەتەنها، بەلکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەسەلاتدارو خەلکی، وە خواش دەفەرموێت: ﴿وَكَذَٰلِكَ نُوَلِّي بَعْضَ ٱلظَّٰلِمِينَ بَعْضًۢا﴾ الأنعام: ١٢٩، وە فەرمودەیەکی زۆر هاتوە وە باس کراوە دەربارەی ئەو فەرمانانەی کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمانی پێ کردوە لە گوێڕایەلی کردنی لێپرسراوان ئەگەر فەرمانیان بە تاوان نەکرد وە ئامۆژگاری کردنیان و ئارام گرتن لەسەر ئەو



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

فەرمانانەیان کە دەریدەکەن وە ئەو شتانەی کـە دابەشـی دەکـەن وە جـەنگان لەگەلیان وە نوێژ کردن لە دوایانەوە وە هاوشێوەی ئەمانە لە چـاولێکردنیان لـە چـاکەدا کـە هـیچ کـەس ناتوانێـت پێـی هەلسێ تـەنها ئـەوان نـەبێت، ئەمانـە هەرهەموی لە خانەی هاری کردنە لەسەر خێرو چاکە و تەقوا، وە ئەوەش کـە پێغەمبەر(ﷺ) قەدەغـەی کـردوە لـە بەڕاسـت دانـانی درۆکانیـان وە یارمـەتی دانیان لەسەر ستەم کردن هەروەها گوێڕایەلی کردنیان لە سەرپێـچی خـوادا وە هاوشێوەی ئەمانە هەرهەموی لە ژێر خانەی هاریکاری کردندایە لەسـەر تـاوان و خراپەکاری، وە ئەوەش کە فـەرمانی پێکـردوە لـە فـەرمان کـردن بەچـاکەو نـەهی کـردن لـە خراپـە لـە بەرامبـەر فـەرمان ڕەواو خـەلکانی تـریش دەبێـت بەشێوەیەکی شەرعی بێت، وە ئەو شتانەش کـە لـەم باسـەدا جێـی دەبێتـەوە لـە گەیاندی پەیامی خوای گەورە بۆیان، وە نابێت ئەو پەیامەیان پـێ نەگەیـەنرێت بەهۆی ترسنۆکیەوە یان بەخیلی یاخود ترسان لێیـان هـەروەها بـەهۆی دەسـت کەوتنی پارەیەکی کەم لەبەرامبەر فرۆشتنی ئایەتەکانی خوای گـەورە، وە نـاش بێت گەیاندی دین پێیان بەمەبەستی کوێخایەتی کـردن بێـت بەسـەر خۆیـان و خەلکی ژێر دەستەیانەوە، وە نابێت بۆ حەسودی و خۆبەزل زانین بێت یان بـۆ ڕیابازی بێت لەبەرامبەر دەسەلاتدارو ئەو خەلکەیش کە سەرپەرشتی دەکـەن، وە کاری خراپ بە خراپتر لەخۆی لاناچێت، ئـەویش بـە دەرچـون و شـۆڕش کردن لەدژیان و هەلگرتنی چەك بۆ لابردنیان، هەروەکو زانراوە لە بنـەماکانی ئـەهلی سـوننەو جەماعـە وە دەقـی فـەرمودەکانی پێغەمبـەریش (ﷺ) بەلگەیـە لەسەری، لەبەرئەوەی دەرچون لەدژیان خراپەیەکی ئەوتۆی لێدەکەوێتـەوە کـە زۆر زیاترە لەو خراپەیەی کە دەرئەنجامی ستەمیانە)).



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە بەم شێوەیە ئەگەینە پوختەی ئەو وەلامە یەكلاكەرەوەیە بۆ زۆرێك لەو پرسیارانەی كە دەنگ دەداتەوە لەناوەندە بانگەوازیەكاندا، وەكو ئەو پرسیارانەیان: حوكمی چونە ناو ئەو پەرلەمانە سیاسیانە چیە كە حوكم بە بەرنامەی خوا ناكەن؟ وە ئەو پرسیارەیان: حوكمی جەخت كردنەوە لە چاكسازی سیاسی چیە ئەگەر ئەو كەسانە نەشچنە ناو پەرلەمانەوە هەروەك حالی ئەوانەی كە موبتەلا بون بە خۆبردنە پێشەوە بۆ لێپرسراوی وەرگرتن با بەناوی نیەت پاكی و غیرەت نواندنیش بێت بۆ پاراستنی دین؟ وە ئەو قسەیەشیان: حوكمی گێڕانەوەی مافەكان چیە بەفشار خستنە سەر دەولەتەكان لەرێی خۆپیشان دانەوە؟ وە كە دەلێن: ئایا سەربەرزی موسولمانان بەستراوە بە پێشكەوتنی شارستانی یاخود ئابوریەوە؟...

لە راستیدا هەركەسێك تێربوبێت بەو بنەمایەی كە ئێمە خەریكین باسی دەكەین ئەوا بەدلنیاییەوە ئەو پرسیارانە هەرهەموی دەكەوێت و نامێنێت لەلای، وە تێدەگات كە مشتومڕ كردن لەسەری سودێكی كەمی دەبێت، بەلكو هیچ ئەنجامێكی نابێت، وە هیچ كەسێك ئەو پرسیارانە ناكات مەگەر ئەوانە نەبێت كە نەشارەزان بە سروشتی بانگەوازی پێغەمبەران درودو سەلامی خوایان لەسەر بێت.

وە بانمونە بهێنمەوە بە دو جوتیار كە دەچن بۆسەر زەویەك كە تەنها شتی پیسی لێ سەوز دەبێت، یەكێكیان خەریكی بەروبومەكەی دەبێت: هەر جارێك سەر دەردێنێت دەیبڕێت، وە ئەوەی تریان خەریكی زەویەكە دەبێت وە ڕەگو ڕیشەكەی چاك دەكات و بەردەوام ئاوی دەدات، باشە كامیان لەپێشترن بۆ ئەوەی كە چاكسازی كشتوكالی كردبێت؟!



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وه دڵ بـدەره وەلامەكـەى لـەو فەرمايـشتەى خـوا كـە دەفـەرمويّت:

﴿ أَلَمْ تَرَ كَيْفَ ضَرَبَ ٱللَّهُ مَثَلًا كَلِمَةً طَيِّبَةً كَشَجَرَةٍ طَيِّبَةٍ أَصْلُهَا ثَابِتٌ وَفَرْعُهَا فِى ٱلسَّمَآءِ ﴿٢٤﴾ تُؤْتِىٓ أُكُلَهَا كُلَّ حِينٍۭ بِإِذْنِ رَبِّهَا ۗ وَيَضْرِبُ ٱللَّهُ ٱلْأَمْثَالَ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمْ يَتَذَكَّرُونَ ﴿٢٥﴾ وَمَثَلُ كَلِمَةٍ خَبِيثَةٍ كَشَجَرَةٍ خَبِيثَةٍ ٱجْتُثَّتْ مِن فَوْقِ ٱلْأَرْضِ مَا لَهَا مِن قَرَارٍ ﴾ إبراهيم: ٢٤ - ٢٦، واته: تۆ نـابينى ئـەى محمد (ﷺ) كە خواى گەوره نمونـه بـه وشـەيەكى چـاك و جـوان دەهێنێتـەوه كـە ئـەويش وشـەى (لاالـه الا اللـه)يـە وە دەيـشوبهێنىٚ بـە درەختێكـى چـاك كـە ئـەويش دارخورمايـە، بـەوەى كـە بناغەكـەى جـێگيره لـە زەويـدا، وە پەلـەكانى بـەرز بونەتەوەو بلاوبونەتەوە بـە ئاسمانـدا، بـەروبومى پـىٚ دەگـات هـەمو كاتێـك بـە ويستى خواى خۆى، بە هـەمان شێوە درەختـى ئـيخلاص و ئيمـان بناغەكـەى جێگيره لە ناو دڵى بـاوەڕداردا، بـە شـێوەى بيروبـاوەڕو زانـست، وە پەلـەكانى بريتين لە وشەى جـوان و بـاش، وە كـردەوەى چـاك و خورەوشـتى بـەرز، وە بەرز دەبێتەوە بـەرەو ئاسمـان و دەڕوات بـۆ لاى خـواى گـەوره، وە بەهـۆيەوه باوەڕدار هەم خۆى سودمەند دەبێت وە كەسانى تريش، پاشان خـواى گـەوره نمونه دەهێنێتەوه بۆ خەلكى هەتا بير بكەنەوه، چونكه نمونه هێنانەوه دەبێتە هۆى ڕونكردنەوەى شته مەعنەويەكان بە شته بەرجەستەييەكان، وە مەبەستى خـواى گەوره بەتەواوەتى ڕون دەبێتەوه لـەو نمونانـەدا، وە ئەمـەش لـە ڕەحمـەتى خـواو جـوانى فێركردنـى خـواى گەورەيـە بـۆ بەنـدەكانى، دەى كەوايـە سـوپاس و ستايشى تەواو تەنها بۆ ئەو خوايە بێت.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

ئەمە سیفەتی کەلیمەی تەوحیدو جێگیر بونیەتی لەناو دلدا، پاشان خوای گەورە باسی دژی ئەم وشەیە دەکات کە ئەویش کوفرو ڕیایە وە دەفەرموێت وە وێنەی وشەی پیس و خراپ وەك درەختێکی پیس وایە کە تام و چێژی تالو بۆگەنە، وە ناجێگیرە لەسەر زەوی و هیچ ڕەگێکی نیە لەناو زەویدا جێگیری بکات، ناجێگیرەو بەرهەمی نیە ئەگەر هەیشی بێت پیس و بۆگەنە، بە هەمان شێوە وشەی کوفرو سەرپێچی هیچ جێگیربونێکی بە کەلکی نابێت لەناو دلدا، وە بەرهەمەکەی تەنها قسەو کرداری خراپ و پیسە، کە ئازاری خاوەنەکەی دەدات، وە هەرگیز بەرز نابێتەوە بۆ لای خوای گەورە، نە سودی بۆ خۆی دەبێت، وە نە بۆ کەسانی تریش.

لەدوای ئەمە، بەهیوای ئەوەم کە ئەو گەنجانەی بانگەواز دەکەن بۆ بەرنامەکەی خوا بەتایبەت تێبگەن لە هۆکاری بەشداری نەکردنی زانایانی دامەزراو لەو جولانە سیاسیانەی کە تێیدان یاخود ئەو سەرشێتیەی کە هەیانە بۆ دەسەلات وەرگرتن، وە پێویستە لەسەر ئەو گەنجانە زوبانیان بپارێزن لەبەرامبەر ئەو زانایانەدا، چونکە زانایان لەسەر زانستەوە دەستیان لەو کارانە هەلگرتوە، وە بۆلای شەرعەکەی خوا دەگەڕێنەوە و هەر لەو شەرعەشەوە کارەکانیان ئەنجام دەدەن،نەك وەك گومانی ئەو گەنجانە کە وا گومان دەبەن: زانایان ترسنۆك و شپرزەن! یاخود ئەترسن شتیان لەدەست بچێت یان تەماعیان لە شتێکدا هەیە! وە کاتێك مرۆڤ فێری زانست دەبێت ئەوکاتە ئەو تەمومژەی بەرچاوی گرتوە دەڕەوێتەوە، وە گومانەکانی باش دەبێت، وە بڕیارەکانیشی ڕاست و دروست دەبن.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

وە هەرکەسێك خوای گەورە بیەوێت توشی خێری بکات بەکاری دەهێنێت لە گوێڕایەڵی کردنیدا لەهەمو کاتەکانیدا وە بەدوری دەگرێت لە شتانێك کە پەیوەندی بەوەوە نیە، وە بەکارهێنانی کات لە چاکەدا خۆی لە جیهادی زانستدا دەبینێتەوە بە تایبەتی، لەبەر ئەوەی دەستەکان زۆر کورترن لە ئەندامەکانی تر بەهۆی لاوازی موسوڵمانانەوە، وە باشترین شت کە مرۆڤ پێش کەشی بکات بۆ خۆی و گەلەکەی بریتیە لە فێریونی دینەکەی خواو فێرکردنی خەڵکی ، هەرکەسێك لە ئەهلی عیلمە یاخود قوتابی عیلمە با ئەوانە فێر بکات کە لە چواردەورین ئەوەندەی کە شارەزای هەیە، وە هەرکەسێکیش عیلمی لەم دوکۆمەڵە کەمتر بو با هەوڵ بدات سەرپەرشتی خێزانەکەی بکات ئەویش بە گەیاندنی زانستی بەسود بۆیان، وە با جیهاد بکات بە ماڵەکەی، ئەویش لە دروست کردنی قوتابخانە شەرعیەکاندا هەروەها چاپ کردنی ئەو کتێبانەی کە زانایان ئامۆژگاری دەکەن بە خوێندنەوەیان، وە کۆپی کردنی شریت و دابەش کردنی بەسەر هەمو موسوڵمانانداا، بەڵکو بەسەر غەیری موسوڵمانانیشدا، وە هەرکەسەو بەقەدەری خۆی، وە باکەس ئەمانە بە کەم نەزانێت، وە دڵنیا بن خوای گەورە بە جیهاد ناوی بردوە، وە فەرمانی تێدا کردوە بە جیهادی گەورە، وە فەرمویەتی لەو قورئانەدا کە بنەمای هەمو جیهادێکی زانستیانەیە: ﴿ **فَلَا تُطِعِ ٱلْكَـٰفِرِينَ وَجَـٰهِدْهُم بِهِۦ جِهَادًا كَبِيرًا** ﴾ **الفرقان: ٥٢** ، واتە: گوێڕایەڵی بێباوەڕەکان مەکەو وە بەم قورئانە جیهادیان بکە بەجۆرێك کە گەورەترین جیهاد بێت، وە جیهادی زانست گەورەترە لەجیهادی نەفس هەروەك ئیبن قەیم باسی کردوە لە ((مفتاح **دار السعادة**))(١/٧٠)دا، وە تەنها الله خاوەن دەسەڵاتە بۆ یارمەتی دان.



Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)

# پێڕستی بابەتەکان


پێشەکی..........................................................(٥)

پێویستی هەبونی فەرمان ڕوا......................................(٨)

دادپەروەری بونی نیە تەنها لە شەریعەتەکەی خوادا نەبێت..................(١٠)

چاکی دەسەلاتدار نیعمەتێکی گەورەیە..................................(١٣)

تاوانەکان هۆکاری سزاکانن..........................................(١٩)

بەوێنەی خۆتان فەرمان ڕەواتان بۆ دادەنرێت..............................(٥٦)

بەلگەکان لە قورئان و سوننەت وە تێگەیشتنی پێشین بۆ ئەو دوانە...........(٥٨)

گۆڕانی سیستەمی حوکم بە گۆڕانی بارودۆخی خەلکی........................(٧٠)

گۆڕانی پایتەختی خەلافەت بەگۆڕانی حالی خەلکی..........................(٧٤)

گۆڕانی بەڕێوەبردنی سیاسی بەگۆڕانی باری خەلکی........................(٧٩)

گۆڕانی سیستەمی ئابوری بەگۆڕانی حالی خەلکی............................(٨٩)

پوختەی لێکدانەوەی گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوریەکان........................(٩٣)

مولك و دەسەلات هی خوایە و هەرئەویش دەیبەخشێت.......................(٩٦)

گومانێك لەگەڵ وەلامەکەی.........................................(١٠٤)

کۆتای.............................................................(١٢٣)




Create PDF files without this message by purchasing novaPDF printer (http://www.novapdf.com)